رەوتی بەلشەڤیکی نێونەتەوەیی

# کوردستان
# و
# خەباتی رزگاری
# نەتەوەیی



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
گۆران عەبدوڵڵا

مشتومڕ لەگەڵ هاوپەیمانی کۆمۆنیستە نێونەتەوەییەکان -
International Communist League- ICL

# کوردستان و خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران عەبدوڵڵا
2025.
www.dengekan.info

ناوی کتێب: کوردستان و خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی
بابەت: گفتوگۆ
نووسەر: ڕەوتی بەلەشەڤیکی نێونەتەوەیی
وەرگێڕ: گۆران عەبدوڵڵا
چاپ: ئۆنلایین
تیراژ:
ساڵی چاپ: ٢٠٢٥
مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ئازادە

# ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ ........................................................ ٣
پێشەکی ........................................................................ ٤

بەڵگەنامەی ١..

کوردستان و پرسی نیشتیمانی. ..................................................... ٦
پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد- گەشەنەکردنی سەپێنراو ........................... ٧
حیزبە بۆرژوازیەکانی بەرخۆدانی کورد.............................................. ٨
پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)............................................١٠
ئیمپریالیزم و شۆڕشی هەمیشەیی و کوردستان....................................١٢
لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد!......................................١٤
بەرەو فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی نزیک!.............................١٦

بەڵگەنامەی... ٢

شۆڕشی بەردەوام و کوردستان
ئازادی بۆ ئۆجەلان! بەرگری لە پەکەکە بکەن.....................................١٧
سیاسەتی شۆڕشگێری یان دیپلۆماسی ئیمپریالیستی؟............................ ١٩
سۆسیالیزم یان بەربەرییەت - شۆڕشی بەردەوام یان قۆناغبەندی؟.............. ٢٢
ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس گونتەر ڤاڵراف.............. ٢٣
کوردستان و شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.......................................٢٤
نێونەتەوەگەرایی پرۆلیتاری لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی وردەبۆرژوازی........... ٢٥

بەڵگەنامەی ٣

بۆ کۆماری سۆسیالیستی کوردستانی یەکگرتوو!
گەلی کورد و داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق........................................ ٢٧
ناسیۆنالیزمی وردەبۆرژوازی: بنبەستێک بۆ کورد.................................. ٢٩
پەکەکە و پرسی کورد لە تورکیا.................................................... ٣٢
میراتی 'دابەشکە و حوکم بکە'ی ئیمپریالیستی...................................... ٣٥
کورد و هەڵوێستی لینینیستی لەسەر پرسی نەتەوەیی.............................. ٣٩
شۆڕشی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨.......................................................... ٤٣
حیزبی شیوعی عێراق.................................................................. ٤٥
بەرەو فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک!........................... ٤٨

**بەڵگەنامەی ٤**
**نامەیەک بۆ وۆرکەرز ڤانگارد ( WV ) مشتومڕێکی ساختە.................................. ٥٢**
**بۆ ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک.............................................................. ٥٦**

**بەڵگەنامەی 5**
**BTزۆر بۆڵە بۆڵ دەکات............................................................ ٥٧**
**وەڵامی وۆرکەرز ڤانگارد............................................................ ٥٩**

**بەڵگەنامەی ٦**
WV **بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەکەمان لە 'شۆڤێنیزمی ناشیرین'ی ڕۆبێرتسۆن قبوڵ دەکات.... ٦١**

**بەڵگەنامەی ٧**
**لێدوانی نووسینگە............................................................................٦٣**

**بەڵگەنامەی ٨**
**بیل لۆگان: لە کرافت ئیبینگەوە بۆ دایە تێرێزا؟.................................... ٦٤**
**نەخۆشی هەڵگەڕاوەکان............................................................... ٦٧**
**زبڵ بۆخۆی ناڕوات...................................................................... ٦٩**
**تووتکەیەکی نەخۆش..................................................................... ٧٢**
**پێم بڵێ هاوڕێکانت کێن.................................................................. ٧٣**

**بەڵگەنامەی ٩**
**دامەزرێنەر و ڕابەری کۆمەڵەی سپارتاکۆست بۆی دەردەکەوێت کەڕاستی ئازار بەخشە.......... ٧٥**

**بێڵگەنامەی ١٠**
**بیل لۆگان: توتکەیەکی نەخۆش.............................................................. ٨٤**

**بەڵگەنامەی ١١**
**'ترس و گوێڕایەڵی' لەICL ئیمپراتۆر بە روتیی................................................ ٨٧**

**پاشکۆی A**
**بەسە هەلپەرستی، سەربزێوی، باندیزم بۆ ڕوانگەیەکی ترۆتسکیستی لە تورکیا............. ٩١**
**لەسەر مێژووی کاری تورکیا........................................................... ٩٢**
**بەرەو ئاراستەیەکی پڕوپاگەندەی ترۆتسکیستیانە..................................... ٩٤**
**دروشمی بەرەی یەکگرتوو لە تورکیا.................................................... ٩٥**
**خەبات دژی فاشیزم................................................................. ٩٦**

**پرسی پارتی کرێکاران لە تورکیا............................--............................. ٩٧**
**بەرەو هەڵوێستی لینینی لەسەر پرسی نەتەوەیی............................................ ٩٨**
**لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد............................................... ٩٩**
**پرسی نەتەوەیی لە قوبرس.................................................................... ١٠٢**
**گرنگی دەوڵەتە کرێکارییەکان................................................................. ١٠٣**
**لە پێناوی سەنتەریزمی دیموکراتی لینینی................................................... ١٠٣**
**لە پێناوی ڕەوتێکی نێودەوڵەتی سەنتەریزمی-دیموکراتی! بۆ دووبارە-دروستکردنەوەی ئینتەرناسیونالی چوارەم!.................................................................... ١٠٤**

**پاشکۆی ب**

**کرێکارانی کورد لە شۆڕشی ١٩٥٨-١٩٥٩ی عێراق......................................... ١٠٥**

**پاشکۆی ج**

**لینین لەسەر 'کرچ و کاڵی' و 'گاڵتە'......................................................... ١٠٩**

**لیستی ناوە کورتکراوەکان........................................................................ ١١١**

## پێشەکی وەرگێڕ:

کتێبی "Polemics with the ICL: Kurdistan & the Struggle for National Liberation" مشتومڕێکی فیکرییە لەگەڵ **پەیوەندی کۆمۆنیستە نێونەتەوەییەکان ICL** سەبارەت بە کوردستان و خەباتی رزگاری نەتەوەیی` ئەم نامیلکەیە کۆمەڵە گفتوگۆ و مشتومڕێکی سۆشیالیستییە، باس لە کێشەی کورد و خەباتی نەتەوەیی بۆ ئازادی دەکات. ئەم بەرهەمە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە پێشکەش دەکات لەسەر هەڵوێستەکانی پەیوەندی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕزگاری نەتەوەیی کورد، فاکتی تیۆری توندی ئایدیۆلۆژی پێشکەش دەکات لەسەر پرسیارە بنچینەییەکانی تیۆر و پراکتیکی مارکسیستی. دەقەکە ڕووبەڕووی تێڕوانینەکانی ICL دەبێتەوە سەبارەت بە پرسیاری کورد و دۆخی تێکۆشانی بۆ رزگاری. بانگەشەی تێگەیشتنێکی وردتر دەکات لە تێکۆشانی ڕزگاری نەتەوەیی لە ناو چوارچێوەی فراوانی شۆڕشی سۆسیالیستیدا.
ئەم کتێبە لە نێوان بزووتنەوەی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتی و چەندین رەوت و گرووپی سیاسیی دیکەدا دیالۆگێکی قووڵ و هەمەلایەنە کراوە سەبارەت بە مافەکانی کورد، ئازادی نەتەوەیی و رۆڵی شۆڕشگێڕیی سۆشیالیستی لەم خەباتەدا پێشکەش دەکات.
وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی کوردی بە چەند مەبەستێک ئەنجامدراوە: ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە بۆچوون و دیدگای سۆشیالیستەکانی ئەوروپا و ئەمریکا سەبارەت بە کورد و خەباتی نەتەوەیی ئەوان. ئەم کارە دەرگایەک دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پشتیوانیکردن و هاوپشتیی نێودەوڵەتی لە دۆزی کورد، هەروەها وەک پلاتفۆرمێک بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر پەیوەندیی نێوان سۆشیالیزم و خەباتی نەتەوەیی کورد و خەڵکی کوردستان خزمەت دەکات.
ئەم وەرگێڕانە هەوڵێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم باسە گرنگە بە شێوەیەک کە بگاتە دەستی خوێنەری کورد زمان و ببێتە سەرچاوەیەک بۆ هاندانی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی رەخنەیی. شایانی باسە بەشێکی بەرچاو لەم نامیلکەیە باس لە رۆڵی شۆڕشگێڕانەی حیزبی شیوعی عێراق دەکات هەروەها رۆڵی کورد لەو حیزبەدا.
تێبینییەک بۆ خوێنەران: بە هۆکاری ئەوەی ناوی زۆر ریکخراوە هاتووەو ناوەکان بەزۆریش چەند بارە دەبنەوە بۆیە زۆرینەی جار هەر بە پیت ناوەکان نووسراوە. بەڵام بۆ کار ئاسانی لیستی ناوەکانمان بەدرێژی لە دووالاپەڕەی کتێبەکەدا نووسیوە.
لێرەشەوە سووپاسی کاک عەبدوڵلا سلێمان دەکەم کە بە تێبینێکانی و دیاریکردنی بەشێک لە هەڵەکانی چاپ کۆمەکی کردم.

**گۆران**

# پێشەکی

کورد گەورەترین نەتەوەیە لە جیهاندا کە دەوڵەتی خۆی نییە. کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دابەش کرا، گەلی کورد، کە نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵە لەسەر هەمان خاک ژیاون، لە نێوان تورکیا، عێراق و ئێران دابەش کران هەروەها بە شێوەی کۆمەڵەی بچوکیش لە سوریا و یەکێتی سۆڤیەت (ئەمرۆ ئەرمینیا، ئازەربایجان و گورجستان). سەرۆکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمڕۆدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دژی سەربەخۆیی کوردە چونکە ناسەقامگیری دەخاتە نێو ڕژێمە نوێ-کۆلۆنیالیستەکان کە کۆنترۆڵی ئیمپریالیستی لە ڕێگەیانەوە جێبەجێ دەکرێت لەم ناوچە ستراتیژییە گرنگە. تەنها ڕێگەی گونجاو بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕێگەی خەباتە بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری بۆ شکاندنی دەستی ئیمپریالیزم لە ناوچەکە، تێکشکاندنی دەوڵەتە بەردەستەکان و دامەزراندنی فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بابەتی یەکەم لەم نامیلکەیەدا لە دەیەیەک پێش ئێستا لە (رۆژنامەی ١٩١٧)دا بڵاو کراوەتەوە، گۆڤاری ڕەوتی بۆلشەڤیکی نێودەوڵەتی (IBT) ڕێکخراوێک کە لەلایەن کادیرە پێشووەکانی ڕەوتی سپارتاکۆسی نێودەوڵەتی (هاوپەیمانی کۆمۆنیستە نێونەتەوەییەکان (ICL-دامەزراوە. بەڵگەنامەی دووەم لە ژمارەیەکی دواتری ١٩١٧ەوە هاتووە. دواتر دەقی وتارێکی نوێی برووس ئاندرێ لە ICL دێت لەسەر پرسی کورد کە سەرەتا لە وۆرکەرز ڤانگارد-WV) ڕۆژنامەی پەیوەندی سپارتاکۆست ([SL] بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەندە شیکردنەوەی ئاندرێ بۆ کورد لە هەموو خاڵە سەرەکییەکاندا هاوتەریبە لەگەڵ هی ئێمە، بەڵام ئەو ڕەخنەی لێ گرتین بە هۆی هەبوونی هەڵوێستێکی "شۆڤێنیستی" لەسەر پرسەکە. لە وەڵامی ئەم پگفتوگۆیە ساختەیەدا (بەڵگەنامەی ٤) پێشنیارمان کرد کە ئاندرێ دەتوانێت نموونەیەکی ڕاستەقینەی "شۆڤێنیزمی خۆبەزلزانی هێزی گەورە" لە وتارێکی ١٩٧٨ی جەیمز ڕۆبەرتسۆن، سەرۆکی نیشتمانی SL بدۆزێتەوە، کە تێیدا ئاماژەی بە کورد کردووە وەک "تورد". لە هەمان وتاردا، کە نووسراوەتەوە و لە بوڵتەنێکی ناوخۆیی سپارتاکۆستدا دووبارە چاپکراوەتەوە، ڕۆبەرتسۆن جیم ساوندەرزی (هاوڕێیەکی ئێرلەندی کە پشکی هەبووە لە نووسینی پاشکۆی A لەم کۆکراوەیەدا) بە "میکی گەمژە" ناو بردووە.

وەک ڕابەری سەرەکی ڕەوتی سپارتاکۆست، جەیمز ڕۆبەرتسۆن ڕۆڵێکی گرنگی بنەڕەتی گێڕا لە پاراستن و پەرەپێدانی ڕێڕەوی بۆلشەڤیزمی ڕەسەن (واتە ترۆتسکیزم) لە شەستەکان و حەفتاکاندا. بەڵام ڕەوتی سپارتاکۆست ئەمڕۆ فۆرماسیۆنێکی سەنتەریستی

ساختە شۆڕشگێڕە کە لە ڕووی چۆنایەتییەوە هاوشێوەی پەیوەندی کرێکارانی سۆسیالیستی جێری هیلیە لە کۆتایی شەستەکاندا، وەک ئاڵوگۆڕی دواییمان نیشانی دەدات. هەرچەندە، ناوەرۆکی ئەم بوڵتەنە نەک تەنها گرنگە چونکە لایەنێکی دارمان و کەوتنی ڕەوتی سپارتاکۆست تۆمار دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی شیکردنەوەیەکی مارکسیستی بۆ پرسی نەتەوەیی کورد پێشکەش دەکات و گرنگی بەرنامەی شۆڕشی بەردەوامی لیۆن ترۆتسکی لە خەبات بۆ فیدراسیۆنی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان دەدات.

دوای چاپکردنی یەکەم چاپی ئەم نامیلکەیە، بڕیارماندا چەند بابەتێکی تر شایەنی لێکدانن. یەکەمیان (**پاشکۆی ج**) لە "وەسیەت"ی لینینەوە وەرگیراوە و باسی پرسی "ناسکی" بەرامبەر بە نەتەوە بچووکەکان دەکات. لە **پاشکۆی د** دا سەرنجەکانی جەیمز ڕۆبەرتسۆن لەسەر "توردەکان" و "میکەکان" دووبارە چاپ دەکەینەوە، هەروەها سەرنجێکی جۆرج فۆستەر، جێگری سەرۆکی نیشتمانیSL ، کە هەندێک ڕووناکی دەخاتە سەر پاساوی ڕابەریSL.

**ڕەوتی بۆلشەڤیکی نێودەوڵەتی**
**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣**

## بەڵگەنامەی ١

## کوردستان و پرسی نیشتیمانی

### ئەم بابەتە لە گۆڤاری بۆلشڤیک (ژمارە ٢)، گۆڤاری گروپی سپارتاکۆسەوە وەرگێڕدراوە.

دابەشبوونی جیهان لە ژێر سایەی ئیمپریالیزمدا، چەندین گەلی تووشی کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوە و گواستنەوەی دانیشتووانەکەی کردووە. کەم نەتەوە هەیە بەدەست کاریگەرییەکانی دیپلۆماسی دەسەڵاتە گەورەکانەوە نەناڵێنێت لەوانە کورد، نەتەوەیەکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەسن. لە ساڵی ١٩٢٣ ەوە کوردستان بە پەیمانی لۆزان کراوە بە چوار بەشەوە، کە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لەبەر یەکتر هەڵوەشاندەوە.

زۆرینەی ڕەهای کورد لە خاکێکدا دەژین کە بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا دابەشکراوە. ئەم دەسەڵاتانە کە خۆیان وابەستەی ئیمپریالیزمن، زۆرجار کوردستانیان کردووە بە گۆڕەپانی شەڕ لەنێوان خۆیاندا. لەم ململانێیانەدا، لە دوایین جاردا شەڕی خوێناوی ئێران-عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، زۆرجار کورد لە دژی کورد بەکارهێنراوە. کاتێک پیاوە بەهێزە سەرمایەدارەکانی ناوچەکە لە شەڕدانین لەگەڵ یەکتر، هاوکاردەبن لە گۆشەگیری و چەوساندنەوەی کەمینە کوردەکانیان.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا میرنشینە کوردەکان لە دژی داواکارییە قورسەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕین. لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا چینێک لە ڕۆشنبیرانی کورد بزووتنەوەیەکیان بۆ دەوڵەتی کوردی جیاواز دەستپێکرد. ئەم بزووتنەوەی نەتەوەییە هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی تورکی گەنج لە تورکیا پەرەی سەند. دوای سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دژی ڕووسیای تزاری وەستایەوە،

سەرکردەکانی تورکە گەنجەکان (لەوانەش مستەفا کەمال- کە دواتر بە کەمال ئەتاتورک ناسرا) هەڵمەتێکیان دژی ئەرمەنە مەسیحییەکان دەستپێکرد، کە تۆمەتبارکرابوون بە لایەنگری ڕووسەکان . ئەم هەڵمەتە ناسیۆنالیستییە بە پڕوپاگەندەی لایەنگیری ئیسلامی کە ئامانج لێی جەماوەری تورک و کورد بوو، زیندووبوو. ئەنجامەکەی یەکەم جینۆسایدی سەدەی بیستەم بوو بە سپۆنسەری دەوڵەت. لانیکەم ملیۆنێک ئەرمەنی (هەروەها مەسیحییەکانی دیکە، بۆ نموونە ئاشوورییەکان) لە درێژەی هەڵمەتی حکومەت بۆ دەرکردنیان لە تورکیا کوژران. ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئەمڕۆ پێیان باشە ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخەن یان نکۆڵی لێبکەن لەوەی کە کوردەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لە جینۆسایدی دەوڵەتی تورک بۆ سەر ئەرمەنییەکان.

لە ساڵی ١٩٢٠ ئەتاتورک بەڵێنی "دەوڵەتی تورک و کورد"ی هاوبەشی دا بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی خێڵە کوردەکان لە بەرەنگاربوونەوەی مەرجە توندەکانی پەیمانی سیڤەر [هاوتای پەیمانی ڤێرسای کە ساڵێک پێشتر بەسەر ئەڵمانیادا سەپێندرابوو] هەروەها دەرکردنی یۆنانیەکان لە ئاسیای بچووک. چەند ساڵێک دواتر ئەتاتورک بە شێوەیەکی بێبەزەییانە پاداشتی هاوپەیمانە کوردەکانی دایەوە (کە تا ئەو کاتە بە فەرمی تەنیا وەک "تورکی شاخ" ناوزەد کرابوون. فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کرا و تەنانەت باس لە بوونی کورد یان کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە لە ناو تورکیادا قەدەغە کرا. لە سەردەمی ئەتاتورکدا زنجیرە ڕاپەڕینەکانی کورد بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کران و سەدان هەزار کورد بەزۆرەملێیی گواسترانەوە بۆ ناوەڕاست و ڕۆژئاوای تورکیا.

تا ئەمڕۆ هەموو ڕاپەڕینێکی کورد بەستراوەتەوە بە هاوکاریی سەرکردە ناسیۆنالیستە گەندەڵەکانی کورد لەگەڵ فەرمانڕەواکانی خۆیان، یان زلهێزە ئیمپریالیستەکان، بەتایبەتی لەگەڵ بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا، دەرئەنجامەکانیشیان ڕیزێکی نەبڕاوەی شکستی یەک لەدوای یەکی بووە بۆ چارەنووسی کورد. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بۆرژوازی کورد سەلماندویەتی زۆر لاوازە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پێناو ئامانجەکانیدا خەبات بکات.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد- گەشەنەکردنی سەپێنراو

لە ئەنجامی دابەشبوونی کوردستاندا، هەر پێکهاتەیەکی بۆرژوازی تازەپێگەیشتوو تەنیا لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کورد تێیدا دەژی، توانیویەتی گەشە بکات. ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن هەریەکێک لە دەوڵەتە ستەمکارەکانەوە لە حاڵەتی گەشەنەکردنی هەمیشەییدا دەهێڵرێنەوە و کشتوکاڵی سەرەتایی زاڵە. پیشەسازی و ژێرخانی مۆدێرن تەنها لەو شوێنانەدا پەرەی پێدراوە کە بۆ ئیستغلالکردنی کەرەستەی خاو سوودی هەبووە. بۆ نموونە لە کوردستانی تورکیا تەنیا ئەو کارگانەی کە لەلایەن تورکەکانەوە دامەزراون، یارمەتی دەوڵەت وەردەگرن.

سەرەڕای ئەوەش، وەبەرهێنانێکی کەم لەم بوارەدا دەکرێت، چونکە هەرێمەکە بە ناسەقامگیر دادەنرێت. زەحمەتە خاوەن زەوییە گەورەکانی کورد سەرمایە لە کوردستان سەرمایەگوزاری بکەن و بۆرژوازی ڕەسەن تەنیا سەرەتاییترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە. کۆچکردن لە ناوچە کوردنشینەکانەوە بۆ شار و شارۆچکەکان دیاردەیەکی بەربڵاوە لە هەر چوار وڵاتدا. لە تورکیا کورد لە سەدا ٢٠ی دانیشتوانی پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها لەسەدا پێنجی پرۆلیتاریا کوردن. پرۆلیتاریای کوردی لە بنەڕەتدا لە ناوچە ناکوردییەکان بوونی هەیە. یەکێک لە شارەزایانی کۆمەڵگەی کوردی، مارتن ڤان بروینسن-Martin van Bruinessen ، ئاماژەی بەوە کردووە؛ "پرۆلیتاریای کوردی و هەروەها سەرمایەی پیشەسازی کوردی هەیە بەڵام هەردووکیان لە دەرەوەی کوردستان (ئاغا، شێخ و دەوڵەت) بوونیان هەیە."

پێکهاتە کۆمەڵایەتی-ئابوورییە کۆنەکانی کوردستان، پاشماوەی فیۆدالیزم، بە ئەنقەست پارێزراون. خاوەن خانوو و شێخ و سەرۆک خێڵ نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و ئایینی لە کۆمەڵگەدا دەکەن. ژنانی کورد سێ هێندە چەوساونەتەوە: وەک ژن، وەک کورد و وەک کرێکار یان کۆڵبەر. چین و توێژە موڵکدارەکان لە باکوری کوردستان (تورکیا) لەژێر رەحمی چەقۆی بۆرژوازی تورکدا دەژین، لە بەرامبەر نکۆڵیکردن لە نەتەوەیی خۆیان و بەشداریکردن لە چەوساندنەوەی پێکهاتەکانی دیکەی نەتەوەی کورد. شێخ و سەرکردە خێڵەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (عێراق و ئێران) ناچار نین دەستبەرداری نەتەوەیی خۆیان بن، بەڵکو، بۆ بەدەستهێنانی متمانەی داگیرکەران، دەبێت خۆیان بسەلمێنن کە کوردێکی "متمانەپێکراو"ن بە هاوکاری لەگەڵ فەرمانڕەواکانیان لە دژی (تێکدەرانی) کورد.

## حیزبە بۆرژوازیەکانی بەرخۆدانی کورد

ئیسماعیل بێشکچی کە بە هۆی لێکۆڵینەوە گرنگەکانی لە سەر پرسی کورد، چەندین جار لەلایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیاوە گۆشەگیر کراوە، بۆرژوازی کورد بە "بە واتای وشە ڕزیو و داڕماو" وەسف دەکات. لاوازی بۆرژوازی کورد بە قبوڵکردنی دابەشکردنی نەتەوەکەیان دەردەکەوێ. هیچ کام لە سەرکردە بۆرژوازیەکانی کورد لە ئۆتۆنۆمی زیاتر لە ناو دەوڵەتە ستەمکارە جۆراوجۆرەکاندا داوای هیچی تر ناکەن.

بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان کە بنکەکەی لە عێراقە، هەمیشە ئەو سنوورانەی کە لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە داڕێژراون پێقبوڵکراوبووە لەژێر ئاڵای "ئۆتۆنۆمی"دا. دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، مەلا، مستەفا بارزانی، بەردەوام لەگەڵ بەغدا و تاران هاوکاری دەکرد، هاوکاتیش لەگەڵ واشنتۆن لە پەیوەندیدا بوو.

یەکێک لە خاڵە خراپەکانی پیشەی خیانەتکارانەی بارزانی، هاوکارییەکانی لەگەڵ شا بوو بۆ سەرنگونکردنی ڕاپەڕینەکانی کورد لە ئێران لە ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٨. لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ سەرۆکایەتی پاراستن- دەزگایەکی ئەمنی کە بە هاوکاری ساواکی بەدناوی ئێرانی، سی ئای ئەی و مۆسادی ئیسرائیل دامەزرا- کە یارمەتیدەر بوو لە سەرکوتکردنی بەرخۆدانی کورد لە ئێران. لە ساڵی ١٩٧٥ کە شای ئێران لە جەزائیر پەیماننامەی لەگەڵ عێراق واژۆ کرد، تاران هاوکارییەکانی لەگەڵ بارزانی وەستاند؛ کۆچێکی بەکۆمەڵی سەدان هەزار کورد دەستی پێکرد و ٥٠ هەزار پێشمەرگەی بارزانی بڵاوەیان پێکرا. جێنشینەکانی بارزانی کە کوڕەکانی بوون ئیدریس و مەسعود، سیاسەتێکی هاوشێوەی هاوکاری و ململانێی براکوژییان پەیڕەو کردەوە: لە کاتی شەڕی ئێران-عێراقدا جارێکی دیکە لایەنگری تارانیان کرد و کوردیان بەرەو شەڕی ناوخۆیی برد.

گرووپێکی گرنگ لە عێراق-کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، کە لە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە دامەزراوە. تاڵەبانی لە ساڵی 1964 لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابووەوە و بارزانی بە سەرکردایەتیکردنی شەڕی سەربەخۆیی کورد "بە میتۆدی خێڵەکی" و "پاراستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئیمپریالیزم" (*Kurdistan und die Kurden,* Vol. 1)ی خستە ئەستۆ. ئەم تۆمەتە بنەمادار نەبووە هۆی ئەوەی تاڵەبانی هاوپەیمانی هاوشێوە دروست بکات. لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، تاڵەبانی سەرەتا لە ساڵی ١٩٨٣دا هەوڵی ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام حوسێن دا، پاشان لایەنگری خومەینی (و بارزانی)ی کرد دژی بەغدا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ( عەبدولڕەحمان قاسملوو) سەرکردەکەی بوو وە ڕێککەوتنی هەبوو لەگەڵ سەدام حسێندا.

پارتە کوردییە بۆرژوازییەکان لە عێراق تاڕادەیەک بە پەرۆش بوون بۆ پاراستنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردی بە ڕەحمەتی ئیمپریالیستەکان. لە سەردەمی شەڕی ئیمپریالیستی ساڵی ١٩٩١ لە دژی عێراق، بارزانی و تاڵەبانی هەردووکیان ڕاستەوخۆ بانگەوازیان بۆ زلهێزە ئیمپریالیستەکان کرد. دوای ماوەیەکی کەم لە چوونە ژوورەوەی عێراق بۆ کوەیت، تاڵەبانی دەستیکرد بە گفتوگۆ لەگەڵ بەشێک لە سیناتورە ئەمریکییەکان لە واشنتۆن. بارزانی ئاماژەی بە ئامادەیی خۆی کرد بۆ کردەوەی هاوبەش لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان. (لە B. Nirumand, Die Kurdische Tragödie وەرگیراوە). کاتێک حوکمڕانانی ئەمەریکا بەڕوونی ئەوەیان خستەڕوو کە ڕوانگەیەکی توندیان نییە بۆ بە "لوبنانکردنی" عێراق، تاڵەبانی داوای لە ئۆزال سەرۆک کۆماری تورکیا کرد، هەوڵی ڕازیکردنی جۆرج بوش بدات بۆ ئەوەی حوسێن بڕووخێنێت.

لە سەردەمی ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق لە دژی سەرکوت و کوشتاری دەسەڵاتەکەی حوسێندا، کە هێرشە بەدناوەکانی گازیشی لەخۆگرتبوو، بۆرژوازی کورد بەرخۆدانەکەی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکانی دەزگا نهێنییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا تێکەڵ کرد. کاتێک ڕاپەڕین

سەرکوت کرا، ئیمپریالیستەکان هاتنە ناوەوە و خاکی کوردیان لە عێراق بە "ناوچەیەکی ئەمنی" ڕاگەیاند کە لە سنووری سەربازەکانی حوسێن دەرچووە. ئەمە لە ئێستادا لەلایەن ئەمریکا و فڕۆکە جەنگییەکانی دیکەی کە بنکەیان لە تورکیایە جێبەجێ دەکرێت.

ئێمە وەک ئینتەرناسیۆنالیستە شۆڕشگێڕەکان مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە عێراق بە ڕەوا دەناسێنین ئەگەر خواستیان لەسەرە. بەڵام ئێمە بێ مەرج دژی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی ئیمپریالیستین لە دژی عێراق، لەوانە ئەو دەستێوەردانانەی کە لە ژێر ئاڵای دووڕوویی "پاراستنی" کورددا ئەنجام دەدرێت. جگە لەوەش، وەک سەختییەکانی ئێستای کوردەکانی عێراق نیشانی دەدەن، "ئۆتۆنۆمی" بژاردەیەکی گرنگ نییە. بەغدا وەڵامی دروستکردنی "ناوچەی ئەمنی"ی دایەوە، بە سەپاندنی گەمارۆیەک لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩١ کە وایکردووە کوردەکانی عێراق پشت بە ئەمریکا و کۆمەڵگەی ئەوروپا ببەستن بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکان.

گەندەڵی سیاسی پارتە کوردییە بۆرژوازییەکان لە عێراق بە دڵەڕاوکێی ئەوان بۆ مانەوەی ناوچەیەکی کوردی "خۆسەر" لە عێراق بە هەر نرخێک بێت، دەردەکەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش بارزانی و تاڵەبانی لەم دواییانەدا لە ڕووی سەربازییەوە لەگەڵ سوپای تورکیا یەکگرتوو بوون لە ململانێیەکدا دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کورد (پەکەکە)ی ڕکابەر کە بنکەکەی لە تورکیایە.

## پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

پەکەکە ناسراوترین و گەورەترین ڕێکخراوی چەپگەرایی ئەمڕۆی کوردستانی تورکیایە. یەکێک لە هۆکارەکانی خێرا گەشەسەندنی لە ساڵانی ڕابردوودا، ڕەتکردنەوەی بێ سازشکردن بووە لە هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی تورکیا. بەهۆی ئەمەشەوە هەزاران چەکداری پەکەکە لە سەردەمی ڕژێمی سەربازی تورکیا و هەم لە سەردەمی دەسەڵاتدارە مەدەنێکانیدا بێ ڕەحمانە ڕاوکراون و کوژراون.

تیرۆری ئەنقەرە لە دژی دانیشتوانی کورد، پشتیوانی جەماوەری بۆ پەکەکە دروست کردووە. ڕژێمی تورکیا فشاری خستۆتە سەر سەرکردەکانی هۆز و خێڵەکان بۆ ئەوەی بە هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای تورکیا چەک لەدژی پەکەکە هەڵبگرن. ئامرازەکانی ئەنقەرە لە بەرتیلدانی ڕاستەوخۆوە دەست پێدەکات تا هەڕەشەی وێرانکردنی تەواوی گوندەکان. ئەگەر سەرۆک خێڵەکان ڕازی بن هاوکار بن لە سەرکوتکردنی پارتی کرێکاران، ئەوا هەموو گوندەکە بە لایەنێک لە مامەڵەکە دادەنرێت، چونکە قسەی سەرۆک یاسایە. لە ماوەی ڕابردوودا پەکەکە بە توندی لە تەواوی گوندەکان وەڵامی ئەم "سیستەمەی پاسەوانی گوندەکان"ی داوەتەوە. ئەمڕۆ پەکەکە بە فەرمی خۆی لەم جۆرە کردەوە تیرۆریستییە بێ جیاوازیانە جیا دەکاتەوە.

هەروەها لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەکەکە بە دەستبردن بۆ تەسفیەکردنی ڕەخنەگرانی ناوخۆیی و دەرەکی (بە ئەندامانی پێشوویشەوە) بەخراپ بەسەریدا کەوتەوە. ئەم کارە تاوانکاریانە کە لە ئایدۆلۆژیای ستالینیستی پەکەکەوە وەرگیراون، وایکرد دەزگاکانی پۆلیسی ئەورووپا بە هاوکاری لەگەڵ پۆلیسی نهێنی تورکیا، گۆشەگیری لایەنگرانی پەکەکە بکەن و هەموو بەرخۆدانی کورد لە دەرەوە وەک تاوانبار مامەڵەی لەگەڵ بکەن. بە تایبەتی لە ئەڵمانیا بە دەیان کورد بە بیانۆی زۆر سادەوە دەستگیر کراون و وەک ئەگەری "تیرۆریستانی پەکەکە" ڕووبەڕووی دادگاییکردن دەبنەوە.

ئێمە وەک ترۆتسکیستەکان، پراکتیزە ستالینییەکانی پەکەکە ڕەتدەکەینەوە و دژی هەر کارێکی دژە چینایەتی کرێکارین کە ڕەنگە ئەندامەکانی ئەنجامیان دابێت. سەرەڕای ئەوەش، بزووتنەوەی کرێکاران لە ئەڵمانیا دەبێ لە بەناو "دادگایی پەکەکە"دا بەرگری لە تۆمەتبارەکان بکات [دادگایەکی پیلانگێڕیی ترسناک کە ئێستا لە ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت] بۆ ئەوەی بە تاوانبارکردنی بەرخۆدانی کورد لە ئەڵمانیا بوەستێنێت. بەرگرییەکی لەم شێوەیە نەک هەر پابەندبوونێکی سەرەتایی هاوپشتی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو نارەزایەتییەکی کۆنکرێتیشە بەرامبەر بە هاوکاری نزیکی ئەڵمانیا و تورکیا لە سەرکوتکردنی کورددا.

پەکەکە بزووتنەوەیەکی گەریلای بۆرژوازی بچوکە و بەرنامەیەکی هەیە کە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی دواکەوتووی سەرمایەدارییە لە کوردستاندا. وەسفکردنی ئامانجەکەیان لەلایەن پەکەکەوە وەک "شۆڕشی گەل"، ڕاستەوخۆ لە وشەسازیی هاوکاری چینایەتی ستالینیستی وەرگیراوە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرکردەی بێ مشتومڕی پەکەکە، لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ساڵی ١٩٩٢دا بڵاوکرایەوە، ئامانجەکانی گروپەکەی بەم شێوەیە پێناسە کرد:
"ئەوەی ئێمە لەسەری وەستاوین، پێی دەڵێین دیموکراسی ڕادیکاڵ....ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێمە بە پرەنسیپی کلاسیک پێناسە نەکراوین". ئێمە بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی نین. ئێمە نە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالستین و نە بزووتنەوەیەکی ئایینی ئیسلامین. ئەو جۆرە بزووتنەوانە لەلایەن ئێمەوە ڕەخنەیان لێدەگیرێت. شتێک کە زۆر ڕوونە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک ناسیۆنالیستێکی بیر تەسک نین. ئێمە دژی هەموو جۆرە ناسیۆنالیزمێک دەوەستینەوە. ئێمە لە هیچ حاڵەتێکدا ناچینە پای سۆسیالیزمی بیرۆکراتیک و دژی بیرۆکەی کێبڕکێی ئابووریشین."

سیمای چینایەتیی نێوان ئەم "شۆڕشی گەل"ە لە ڕوونکردنەوەی ئۆجەلان بۆ ئاماژەکردنی ناوبەناو پەکەکە بۆ سۆسیالیزمدا ڕوون دەبێتەوە: "کاتێک ئاماژە بە سۆسیالیزمی زانستی دەکەین مەبەستمان سۆسیالیزمێکە کە لە سەرووی بەرژەوەندیی دەوڵەت و نەتەوە و چینەکانەوە وەستاوە". ئەم چەمکە لە سۆسیالیزمدا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە

پەکەکە سەرەڕای ناوەکەی، فۆرماسیۆنێکی ناسیۆنالیستی بۆرژوازی- بچوکە، لە ڕووی بەرنامەییەوە توانای دروستکردنی هاوپەیمانی پێویست لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارانی فارس، عەرەبی و تورکی نییە.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز (24ی تشرینی دووەمی 1992) چەکدارانی پەکەکە لە تورکیاوە "دوای ئەوەی هێزەکانی ڕۆژئاوا ناوچەیەکی کوردییان دامەزراند"، دوای شەڕی ئیمپریالیستی لە ساڵی 1991 دژی عێراق، ڕوویان لە ناوچەکە کرد. هەر لەو وتارەدا باس لەوە دەکات کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ یەکینەکانی پەکەکە لەو ناوچەیە بە دەستی هاوپەیمانییەکی ناپیرۆز لە نێوان پێشمەرگە بۆرژوازیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی و سوپای تورکیا تووشی شکستێکی گەورە بوون. چەکدارانی کورد و تورک و هەروەها تەواوی بزووتنەوەی کرێکاری نێودەوڵەتی ئەرکیانە بەرگری لە پەکەکە بکەن لە بەرامبەر ژەنەراڵەکانی تورکیا و بەکرێگیراوە کوردەکان.
بەپێی وتارەکەی :NYT وتیشی: سەرکردەکانی کوردی عێراق لە ئێستادا هیوادارن ڕۆڵە سەربازێکەیان بەرامبەر کوردانی تورکیا لە ئەنقەرەدا ڕەزامەندی بەدەستهێنابێت، کە ڕەنگە پاڵپشتییەکانیان گرنگ بێت لە ڕێگەدان بە پاراستنی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی خۆیان.

## ئیمپریالیزم و شۆڕشی هەمیشەیی و کوردستان

دووبارە و سێبارە یەکێتی و پارتی و پێکهاتە بۆرژوا – ناسیۆنالیستەکانی دیکە لە کوردستان خۆیان لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستەکان ناوە. لەمەدا وەک نوێنەری گونجاوی بۆرژوازی لاواز و چەقبەستووی کورد مامەڵە دەکەن. بێتوانایی ئاشکرای ئەوان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەردەوامی بەرژەوەندییە بۆرژوازی- دیموکراسیەکان، تێزێکی ناوەندی تیۆری شۆڕشی هەمیشەیی لیۆن ترۆتسکی دەسەلمێنێت:

"سەبارەت بەو وڵاتانەی کە گەشەیەکی دواکەوتووی بۆرژوازییان هەیە، بەتایبەت وڵاتانی کۆلۆنیالیزم و نیمچە کۆلۆنیالیزم، تیۆری شۆڕشی هەمیشەیی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چارەسەری تەواو و ڕاستەقینەی ئەرکەکانیان بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و ڕزگاریی نەتەوەیی تەنیا لە ڕێگەی دیکتاتۆرییەتیی... پرۆلیتاریا وەک سەرکردەی نەتەوەی ژێردەستە، لە سەرووی هەموویانەوە جەماوەرە جووتیارەکەی....

"بەڵام هاوپەیمانی ئەم دوو چینە [پرۆلیتاریا و جووتیاران] بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بەدی بهێنرێت جگە لە خەباتێکی نەپساوە لە دژی کاریگەریی بۆرژوازی نەتەوەیی- لیبراڵ".

ئەرکەکانی شۆڕشی بۆرژوازی-دیموکراسی تەنیا لە لایەن کرێکارانەوە، کە جەماوەری جووتیار پاڵپشتییان دەکات، بە ئەنجام دەگات. بەڵام وەک چۆن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە سەلمێندرا، پرۆلیتاریا ناتوانێت خەباتی خۆی لە شەڕی مافە دیموکراسییە بۆرژوازییەکاندا سنووردار بکات. تەنیا بە تێپەڕین لەم جۆرە ئامانجە سنووردارانە لە خەبات بۆ ئامانجە سۆسیالیستیەکان (واتە بۆ حکومەتێکی کرێکاری و جووتیاران و دەستگرتن بەسەر موڵکی دەسەڵاتداراندا) دەتوانرێت ئەم مافانە دەستەبەر بکرێن.

هەر نەتەوەیەکی ستەملێکراو لە ڕۆژهەڵاتی نزیک کە ئاواتەخوازی سەربەخۆیی بێت، مەترسییەکی قووڵە بۆ سەر ڕژێمە رزیوە بۆناپرتیەکانی ناوچەکە. هەر چوار دەوڵەتی سەرمایەداری کە لە سەرووی کوردەوە دادەنیشن، لە خاڵە جیاوازەکاندا، کوردیان وەک پیاوی دیپلۆماسی یان سەربازی لە ڕکابەرییەکانیان لەگەڵ یەکتردا بەکارهێناوە. زلهێزە ئیمپریالیستەکانیش پرسی کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردەهێنن، بەڵام لە گەمەی ئیمپریالیستەکاندا، حوسێن و خومەینی و ئەسەد و ئۆزالەکان خۆیان تەنها پارچە شەترەنجن. هەر کاتێک پێیان لە بەڕەکانیان زیاتر درێژکردبێت، ئەوا هەر زوو لە لایەن ئاغاکانیانەوە تەمبێ دەکرێن (وەک سەدام حوسێن دوای ئەوەی کوێتی لکاندەوە بە عێراقدا بۆی دەرکەوت).

سەرەڕای بەڵێنە زارەکێکانی ئیمپریالیزم بۆ "مافی مرۆڤ" بۆ کورد، بەڵام ئەو پرسە بۆ ئەوان تەنیا بەو ڕادەیەی کە بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ببەنە پێشەوە، جێگەی سەرنجی زلهێزەکانە. بۆ نموونە ئەمریکا حەز دەکات ڕژێمی سەدام حوسێن بڕوخێنێت، بەڵام حەزی لە نەخشاندنی خاکی کورد لە باکوری عێراق نییە چونکە ئەمە دەتوانێت تەواوی ناوچەکە تێکبدات.

ئیمپریالیزمی ئەڵمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی گەشەسەندوو دەگێڕێت، و لە ڕووی مێژووییەوە بە هۆی مامەڵە (یاسایی و نایاسایی)ەکانی لەگەڵ عێراق و ئێران و بەتایبەتی تورکیا، پێگەیەکی باشی هەیە. گریان و گبۆلەبۆلی حاکمەکانی ئەڵمانیا سەبارەت بە بەکارهێنانی تانکی ئەڵمانی لە کوردستان لەلایەن تورکیاوە تەواو دووڕووییە، هەروەک لە ژمارەی ١٤ی تەمموزی ١٩٩٢ی تاگێسپیگڵی (*Tagesspiegel*) بەرلین ڕوونی دەکاتەوە:

"ئەوە تەنها هۆکارە ئابوورییەکان نین کە وادەکات سەرزەنشتی پێشێلکارییە بەردەوامەکانی مافی مرۆڤ نەکرێت، بەڵکو لە سەرووی هەموویانەوە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانە بۆ بوژانەوەی پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا و تورکیایە.... ئەو

بۆچوونەی کە تورکیا لە داهاتوودا دەیکات. چونکە خاوەنی هێزێکی گەورەیە دەتوانێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەشداری بکات لە سەقامگیری لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لە باڵکان، لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و لە ئاسیای ناوەڕاست، ئەمە بە تەنها باوەڕی ئێدزارد ڕۆیتەر (Edzard Reuter)، سەرۆکی کۆمپانیای دایملەر بێنت ئەی جی ( Daimler Bent AG) نییە."

ڕەخنەکانی ئەڵمانیای ئیمپریالیست سەبارەت بە چەوساندنەوەی کوردەکان لە لایەن تورکیا وە "ئەو" بە گشتی مەبەستیان تەنیا وەک جۆرێک لە فشاری دیپلۆماسیە بۆ سەر ئەنقەرە بۆ ئیمتیازات وەرگرتن لەسەر پرسەکانی دیکە. ناوبەناو ئەم ڕەخنانە ئاماژەن بۆ "نیگەرانی ڕاستەقینە" لە حیکمەتی سیاسەتێکی دیاریکراو. بۆ نموونە هێر فێلەرمایەر (Herr Fellermaier )، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات و سەرۆکی گروپی کار بۆ هەماهەنگی سیاسەتی تورکیا، نیگەران بوو لەوەی: "بەهۆی دڕندەیی ئەم سەربازانەی [تورک] کە هیچ بایەخێکیان بۆ هیچ مافێکی مرۆڤ نییە...بەڕاستی خەڵکی ناوچەکە پاڵ پێوەدەنرێن بۆ باوەشی پارتی کرێکارانی کوردیی جوداخوازی ڕادیکاڵەوە" *Frankfurter* (.*Allgemeine Zeitung,* 8 August 1992).

## لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد!

پەکەکە ناوبانگێکی باشی بەدەستهێناوە لە پشتیوانیکردنی بێ مەرجی کوردستانی سەربەخۆ. شیاوی وروژاندنی داواکارییەکی لەو شێوەیە وەک بەشێک لە بەرنامەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی بۆ چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، پرسیارێکە کە دەبێت لە چوارچێوەی ئەزموونی بەلشەفییەکان لەسەر پرسی نەتەوەیی بخرێتەڕوو.

مافی چارەی خۆنووسین تەنیا دانپێدانانە بە مافی یەکسانی هەموو گەلان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان. چینی کرێکاری نەتەوەیەکی ستەمکار تەنیا بە دژایەتیکردنی هەموو هەوڵێکی بۆرژوازی نەتەوەکەی خۆی بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەتوانێت خۆی ئازاد بکات. لەو دەوڵەتانەی کە لە ئێستادا بەشێک لە کوردستانیان داگیر کردووە، کرێکارانی چینایەتی و هۆشیار دەبێ بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە لە دژی ستەمی نەتەوەیی کورد بجەنگن، و بە ڕاشکاوانە بەرگری لە مافی چارەنووسی خۆیان بکەن. تەنیا لە ڕێگەی دژایەتیکردنی شۆڤێنیزمی بۆرژوازی خۆیانەوە، کرێکاران و جووتیارانی تورک و فارس و عەرەب دەتوانن بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان بەرەوپێش ببەن.

بەرزڕاگرتنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد بە مانای پشتیوانی لە پیلانەکانی پارتی و یەکێتی نییە بۆ گەیشتن بە "ئۆتۆنۆمی" لە ژێر چاودێری ڕژێمێکی ئیمپریالیستی یان ناوچەیی. ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، دەتوانێت کەمێک زیاتر بێت لە سازشێکی نەگبەتانە (و ڕەنگە کورتخایەن) لەگەڵ ڕژێمە ستەمکارەکاندا. لە کاتێکدا

بێگومان ئیمتیازات بۆ سیاسەتمەدارە جۆراوجۆرەکانی کورد کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخستنە دەرەخسێنێت، بەڵام بۆ جەماوەر کەمێک زیاتر دەبێت لە فۆرمێکی پەردەپۆشکراوی چەوساندنەوەی شۆڤێنیستی لەلایەن نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە. ئاواتە دیموکراسیەکانی کوردە چەوساوەکانی بۆ مافی یەکسانی سیاسی و کولتووری بەدی نەهێناوە لە ڕووی پراکتیکییەوە بانگەوازی "ئۆتۆنۆمی" لەلایەن لایەنە بۆرژوازییە جیاوازەکانەوە، بەرگێکە بۆ هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە سەرمایەدارییە ستەمکارەکان.

مەرج نییە داکۆکیکردن لە مافی چارەی خۆنووسینی نیشتمانی بە مانای داکۆکیکردن بێت لە جێبەجێکردنی لە هیچ خاڵێکدا. وەک لینین ئاماژەی پێکردووە: "دانپێدانانی بێمەرجی ئێمە بە خەبات بۆ ئازادی چارەی خۆنووسین بە هیچ شێوەیەک پابەندمان ناکات بە پشتیوانیکردن لە هەموو داواکارییەک بۆ چارەنووسی نەتەوەیی" (لینین، "پرسیاری نیشتمانی لە بەرنامەکەماندا"، ١٩٠٣.)

لە هەلومەرجی ئێستادا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی خۆی لە ئاستەنگییەکی زۆر گەورەدا دەبینێتەوە. دۆخەکە لەوەش خراپتر دەبوو ئەگەر دەوڵەتێکی لەو شێوەیە لە پارچەیەک لە خاکی کورد- بۆ نموونە کوردستانی تورکیا سنووردار بکرایە. دەوڵەتێکی بچووکی لەو شێوەیە نەک هەر ئەوەی توشی تەنگەژەیەکی زۆردەبێت چونکە لەلایەن ستەمکارە مێژووییەکانیەوە دەورە دراوە، بەڵکو کۆمەڵگایەک دەبێت کە بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و پێش سەرمایەداری تایبەتمەند دەبێت. بەهۆی گەشەنەکردنی، کوردستانێکی سەربەخۆ خۆی لە ژێر ڕەحمەتی زلهێزە ئیقلیمییەکان و هەروەها ئیمپریالیستەکاندا دەبینێتەوە.

کوردستان حاڵەتێکی کلاسیکی شۆڕشی کۆلۆنیالیزم نییە، وەک چۆن بۆ نموونە چین و ڤێتنام لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بوون. لە هەردوو ئەم حاڵەتەدا پرۆلیتاریا بچووک بوو، بەڵام دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی ئەوەندەی هەبوو کە بتوانێت لە هێرشێکی سەرکەوتوودا سەرکردایەتی بکات دژ بە ئیمپریالیستەکان و هاوپەیمانە بۆرژوازییە ناوخۆییەکان. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پرسی نەتەوەیی کورد ئەوەیە کە لە دەوڵەتانی خاوەن کەمینە کوردەکان و لە ڕێگەی ئەوانەوە لە هەموو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەگەڵ پرسی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵ بووە. شەڕی ئازادی کورد پێویستی بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ جەماوەری کرێکاری تورک و فارس و عەرەب هەیە. بۆ نموونە هەر هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر حوکمڕانی سەرمایەداری لە تورکیا، ، بە ناچاری دەبێت پرسی کورد بخاتە ڕوو. لە لایەکی دیکەوە خەباتی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەیی، بە ئاسانی دەتوانێ شەپۆلێکی نارەزایەتی بەرپبخات کە ڕژێمە شکاوەکانی ناوچەکە بشکێنێت.

## بۆ فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی نزیک!

بۆرژوازی کورد هێندە لاوازە، تەنانەت وا خۆی نیشان نادات کە خەباتێک بۆ ئازادیی کورد بەڕێوە دەبات. ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی چینی کرێکاری کورد و چینە چەوساوەکانی تر. ئەو چەکدارانەی کە پابەندن بە بەدەستهێنانی مافی یەکسانی نەتەوەیی بۆ کورد، دەبێت ستراتیژی خەباتی هاوبەش لەگەڵ چینی کرێکاری ئەو گەلانەی کە ستەمیان لێدەکەن، لە باوەش بگرن. لە تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق خەباتی دژ بە چەوساندنەوەی کورد پەیوەندییەکی نزیک بە ڕووخاندنی دیکتاتۆرییە بۆرژوازییەکانەوە هەیە. بەدوور نازانرێت کە میللەتی پارچەپارچەکراوی کورد لە هەر ڕێگایەکی تر جگە لە ڕێگای خەبات بۆ فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی نزیک یەکبگرێتەوە. ناکرێت پێشوەختە سیمای کۆتایی پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی چینی کرێکاردا دیاری بکرێت. ئەمە شتێکە کە کورد خۆی بڕیاری لەسەر دەدات. بەڵام دەرفەتی ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە پێویستی بە شەپۆلێکی شۆڕشی پرۆلیتاریایە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت.

بانگەشەکردنی پەکەکە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو گرفتانەی کە واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بەردەم کورد دروستی دەکەن و بەبێ هیچ ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی، کۆتاییەکەی بنبەستییە. بێگومان ئێمە وەک لینینیستەکان پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکەین. ئێمە لە بنەڕەتدا دژی ئەوە نین کە ئەمە وەک داواکارییەک بەرز بکرێتەوە. بەڵام ڕۆشتن بە ئاراستەی کوردستانێکی سەربەخۆی سەرمایەداری، پێچەوانەی خواستی بۆرژوازی لاوازی کوردە و لەگەڵ ئەوەش بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بێباکەبن لەو بارەوە، ئەوەهیچ مانایەکی نییە. جگە لەوەش، ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە دەتوانێت هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد بخاتە ریزی خەباتی کرێکاران و جووتیاران لە دژی دەوڵەتە ستەمکارەکانی ئێستا. پراکتیکترین ڕێگا بۆ پێشخستنی خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیی کورد، بردنە پێشەوەی خەباتی چینایەتی هاوبەشە بۆ ڕووخاندنی هێزە ستەمکارەکانی ناوچەکە.

ئەو ململانێیانەی کە ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ڕوودەدەن، دەیسەلمێنن کە ئەم ڕوانگەی ئینتەرناسیۆنالیستی شۆڕشگێڕانە بە قووڵی واقیعییە. کاتێک پرسی بەشداری تورکیا لە دەستدرێژی ئیمپریالیستی بۆ سەر عێراق لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن ئەنقەرەوە بەباداچوو. خۆپیشاندانی نارەزایەتی خۆبەخۆ لە کوردستانی تورکیا سەریهەڵدا و هەر زوو تەشەنەی کرد بۆ چینی کرێکاری تورکیا. دروشمی ئەم خۆپیشاندانانە لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن کرێکارانی کانەکانی خەڵوز و ئاسن بوو بۆ زیادکردنی مووچە لە لایەن کرێکارانی تورک و کوردەوە بەرزکرایەوە. کە درێژەی مانگرتنەکە گۆڕا بۆ مانگرتنی گشتی نیشتمانی و پەیوەستکرایەوە بە دەوڵەتەوە، ئۆزال سەرۆک کۆماری

تورکیا ناچار بوو پشت بە پشتیوانی بیرۆکراسی سەندیکاکان ببەستێت و لە هەمان کاتدا چووە ژێرباری زنجیرەیەک زیادکردنی مووچە.

بۆ گۆڕینی ئەم جۆرە خەباتانە بۆ شەڕێکی سەرکەوتوو لە دژی دەسەڵاتداران، پێویستە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانە دروست بکرێت، کە ڕەگیان لە چینی کرێکاردا بێت، چەکدار بە ئاراستەیەکی بەرنامەسازی دروست. توخمە جەوهەریەکانی بەرنامەی شۆڕشگێڕانە بۆ کوردستان دەبێ بریتی بن لە: مافی چارەی خۆنووسینی کورد؛ ڕووخانی ڕژێمە سەرمایەدارییەکان بە سەرۆکایەتی ئۆزال، ڕەفسەنجانی، حوسێن و ئەسەد؛ دروستکردنی حکومەتی کرێکاران و جووتیاران، پابەندبوون بە پچڕاندنی پەیوەندی بە نەزمی جیهانی ئیمپریالیستییەوە لە ڕێگەی زەوتکردنی موڵک و ماڵی سەرمایەداری و دواجاریش بۆ فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی نزیک، کە لە چوارچێوەیدا کورد دەتوانێت بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی بدات.

## بەڵگەنامەی ٢
## شۆڕشی بەردەوام و کوردستان
## ئازادی بۆ ئۆجەلان! بەرگری لە پەکەکە بکەن

دووبارە چاپکراوەی ژمارە ٢١ی گۆڤاری -١٩١٧- ساڵی ١٩٩٩، وەرگێڕانێکی دەستکاریکراو و کورتکراوەی وتارێک کە لە سەرەتادا وەک پاشکۆی ٢٤ی شوباتی ١٩٩٩ی بۆلشەڤیک، گۆڤاری لقی ئەڵمانی IBT بڵاوکراوەتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕابەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لە ١٥ی شوباتدا لەلایەن دەزگای هەواڵگری تورکیاوە دەستگیر کرا کە بە وشەی سووکایەتی ئامێزی "بەخێربێیتەوە بۆماڵەوە، تۆ ئێستا میوانی ئێمەیت" پێشوازیان لێکرد. یەک شت کە ئۆجەلان، دوژمنی ژمارە یەکی گشتی تورکیا، دڵنیایە لێی، دوژمنی کوشندەی "خانەخوێ" سەربازییەکانیەتی کە هیچ خۆ نواندنێکیان بۆ "دادپەروەری" نەکردووە. دەستبەجێ دوای ئەوەی ئۆجەلان لە کینیا ڕفێنرا، پارێزەرە تورکییەکەی دەستگیر کرا و ئەندامانی تیمی یاسایی نێودەوڵەتییەکەی لە سنوور گەڕێندرانەوە، و سەدان ئەندامی تاکە پارتی یاسایی پرۆ-کوردی کە ماوە، هادەپ، زیندانی کران. چەپی نێودەوڵەتی و بزووتنەوەی کرێکاری، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و تورکیا، دەبێت خەباتی بەرگریکردن لە ئۆجەلان و هەموو چالاکوانانی تری کورد بگرنە ئەستۆ. بۆیە ئێمە هاوڕاین لەگەڵ پەکەکە کە "خۆپیشاندان،

کۆبوونەوە و داگیرکردن دەبێت بە ئامانجی ڕزگارکردنی ژیانی سەرۆکی پەکەکە ئەنجام بدرێت" (هەواڵیMED TV ، ١٦ی شوبات).

بەرگری سەرکەوتووانە لە ئۆجەلان، و پەکەکە بە گشتی، لە دژی سیستەمی دادوەری هەردوو تورکیا و ئەڵمانیا پێویستەو لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، ئەو بەرگرییە کاری بەرفراوانی چینی کرێکارە کە بتوانێت هەڕەشە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی بکات. چەپەکان و کرێکارانی هۆشیاری چینایەتی لە ئەڵمانیا دەبێت بە چالاکی بەرگری لە بەرخۆدانی کورد بکەن. کەیسی ئۆجەلان، و چەندین چالاکوانی تری پەکەکە کە ئێستا هەڕەشەی دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوەیان لەسەرە، بە ڕوونی بارودۆخێکە کە تیایدا "**زیان لە یەکمان، زیانە لە هەمووان**"!

نارەزایەتییە ڕەواکانی کورد دژی ستەمکارانی تورک و( هاوکارە ئەڵمانەکانیان) بە هەڵمەتێک بەرەنگار بوونەتەوە کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی هاوڵاتیبوونی دووانەییە و بەهێزکردنی یاسا دژە دیموکراسییەکانە. هەردوو سیاسەتمەدارانی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، هەروەها میدیای بازرگانی، لەم هەڵمەتە دڕندانەدا بەشدارن. دوای کۆمەڵکوژییە خوێناوییەکەی کورد لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە بەرلین، مافە بنەڕەتییە دیموکراسییەکان هەڵپەسێردران کاتێک دەسەڵاتداران قەدەغەی هەموو خۆپیشاندانێکیان لە شارەکەدا کرد. ڕاوێژکار شرۆدەر (Schröder )و وەزیری ناوخۆ شیلی( Schily) ڕایانگەیاند کە "ئێمە"ی ئەڵمانی نابێت ڕێگە بدەین ململانێ لەسەر شەقامەکانی "ئێمە" ڕووبدات کە هی "ئێمە" نین، "ئێمە" دەبێت بە توندی ڕێگریبکەین لە خۆپیشاندەرانی کورد، لەوانەش بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی دیپۆرتکردنەوەی خێرا. ئەم پڕوپاگەندە نەتەوەپەرستییە سووکایەتی ئامێزە هەڕەشە لە خۆشگوزەرانی و تەنانەت ژیانی چالاکوانانی کورد دەکات.

لە ساڵانی دواییدا، دەوڵەتی ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ بەشداری لە کێشەکانی تورکیادا کردووە. لە ساڵی ١٩٩٧دا شەمەندەفەری ئاشتی نێودەوڵەتی مووسا عەنتەری بۆ دیاربەکر قەدەغە کرد، ڕۆژنامەی کورتولوش *Kurtulus* – ی (کە ڕەخنەی لە ڕژێمی تورکیا دەگرت) سەرکوت کرد و پەلامارێکی دڕندانەی دامەزراوەی چاپەمەنی ئەنادۆڵوی لە کۆڵن دا. ئەڵمانیا لە ڕووی سیاسییەوە پشتگیری هەموو ئەو ڕێوشوێنە سەرکوتکارانەی کردووە کە هاوپەیمانی ناتۆی لە ئەنقەرە گرتوویەتیەبەر لەگەڵ بەردەوام بوون لە پێدانی چەک بە سوپای تورکیا. ئیمپریالیزمی ئەڵمانیا خۆی لایەنێکە لەم کێشەیەدا و دوژمنی ئەوانەیە کە داکۆکی لە ڕزگارکردنی کرێکاران و جوتیارانی کورد و تورک دەکەن! ئەوە ڕیاکارییەکی ڕووتە کە شرۆدەر و هاوڕێکانی جیاوازی دەکەن لە نێوان کێشەکانی "ئەوان" و "ئێمە" لەبەر ئەوەی خەباتەکە گەیشتۆتە سەر شەقامەکانی ئەڵمانیا و پۆلیسی ئەڵمانیای تێوەگلاندووە – وەک ئەوەی دەوڵەتی ئەڵمانیا ڕاهاتبێت لەسەر لێبوردەیی بۆ خەباتی چینایەتی ناوخۆیی! چینی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی ئاسایی بە "هێزی گونجاو"

وەڵامی بەرەنگاری دژی چەوساندنەوە دەداتەوە. لە ساڵی ١٩٩٧دا، کاتێک خوێندکاران لە ناڕەزایی دەربڕین دژی کەمکردنەوەی بودجەی پەروەردە چوونە ناو ناوچە پارێزراوەکانی پەرلەمان، لەلایەن پۆلیسی ئەسپ سوارەوە پەلامار دران؛ کاتێک کرێکارانی تورەی کانەکان کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین دژی دەرکردنی بەکۆمەڵ ئۆتۆبانیان داگیر کرد، هەڕەشەی تۆمەتبارکردنیان لێکرا بە تێکدانی ئاسایش؛ لە خۆپیشاندانە دژە فاشیستەکانی دواییدا چەندین چەپڕەو دەستگیر کراون. مەبەستەکە ئەوە نییە کە کێشەکانی "ئەوان"ی کورد/تورک بەرامبەر بە کێشەکانی "ئێمە"ی ئەڵمانی دابنێین، بەڵکو ئەوەیە کە ببینین کێشەی بنەڕەتی بەرژەوەندی لە نێوان چەوسێنەران و ستەمکاران (ئەوان) و چەوساوەکان و ستەملێکراوان (ئێمە)دایە. ئەوانەی تێناگەن کە هێرشەکانی دەوڵەت بۆ سەر پەکەکە هەروەها هێرشن بۆ سەر هەموو چەپ و بزووتنەوەی کرێکاری (ئەڵمانی، تورکی و کوردی) هیچ تێناگەن!

بەبێ هەمان مافی یاسایی وەک چەپەکانی ئەڵمانیا، چالاکوانانی کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوە دەبنەوە بۆ ژووری ئەشکەنجەی دەوڵەتی تورکیا. ئەم هەڕەشەیەی حکومەتی ئەڵمانیا هەڕەشەیەکی بەتاڵ نییە. لە ساڵی ١٩٩٤دا، وەزیری ناوخۆی SPD لە بادێن-ڤورتمبێرگ ( Baden-Württemberg) نیگەرانییە ڕیاکارانەکانی سەبارەت بە "یاساییبوون" پشتگوێ خست و وەڵامی ناڕەزایەتییە هاوشێوەکانی کوردی دایەوە بە وتنی ئەوەی کە ئەو پێشتر دەستی بە دیپۆرتکردنەوە کردووە. بۆیە ئێمە داوا دەکەین: مافی هاوڵاتیبوونی تەواو بۆ هەموو کۆچبەران – هەر ئێستا! دیپۆرتکردنەوەکان ڕابگرن!

## سیاسەتی شۆڕشگێری یان دیپلۆماسی ئیمپریالیستی؟

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆلشەڤیک و لقی ئەڵمانی، گرووپی سپارتاکۆس، داکۆکی لە بەرگری بەرخۆدانی کوردی دەکەن، بەتایبەتی پەکەکە، لە دژی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و هاوپەیمانە ئیمپریالیستەکانی. ئێمە چەندین جار داوامان کردووە قەدەغەکردنی پەکەکە هەڵبوەشێنرێتەوە. لە بەرامبەر ڕێکارە سەرسوڕهێنەرەکانی دژ بە ئۆجەلان لەلایەن ڕژێمی تیرۆریستی تورکیاوە، پێویستە کردەوەی بەرەی یەکگرتووی بەرفراوان و جووڵاندنی جەماوەری بە دروشمی: "ئازادی بێقەید و شەرتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان!" ڕێکبخرێت. لە بری ئەوە، **نیزامەدین تاش** لە کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە داوای لە "جەماوەری پێشکەوتنخواز" و "هەموو گرووپە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکان" کردووە کە "شاندی چاودێری بنێرن بۆ تورکیا" (هەواڵی MED TV، ١٦ی شوبات). ئەم بانگەوازە ئەخلاقییە لاوازانە ناتوانێت سەگە دڕندەکانی دیکتاتۆریەتی سەربازی یان پشتیوانە ئیمپریالیستەکانیان ملکەچبکات، نە هیچ سوودێکیان دەبێت لە "پاراستنی ژیانی سەرۆک ئاپۆ" - ئەمە پێویستی بە جووڵاندنی جەماوەری نێودەوڵەتی یەکلایکەرەوەی کۆچبەران و کرێکاران هەیە.

ئەمە یەکەم جار نییە کە پەکەکە پشت بە دیپلۆماسی ئیمپریالیستی ببەستێت لە جیاتی جووڵاندنی جەماوەری شۆڕشگێڕانە. نیزامەدین تاش داوا لە حکومەتەکانی یەکێتی ئەوروپا (EU) و ئەمریکا دەکات "فشار بخەنە سەر دەوڵەتی فاشیستی تورکیا"، لە کاتێکدا خۆپیشاندەرانی کورد داوا لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەن داکۆکی لە دادگاییەکی "دادپەروەرانە" بکات. ئێمە ڕەتی دەکەینەوە پشتگیری لەو داواکارییانە بکەین کە سوپای تورکیا دادگاییەکی "دادپەروەرانە" بۆ ئۆجەلان ئەنجام بدات، یان داواکارییەکان لە ئەڵمانیا و ئیمپریالیستە ئەوروپییەکانی تر بۆ فشاری دیپلۆماسی خستنە سەر تورکیا.

تورکیا فاشیست نییە، بەڵام ڕژێمی سیاسی لەلایەن سوپاوە زاڵە بەسەریدا. کاتێک ڕێویەکان کەروێشکێک دادگایی دەکەن، کەروێشکەکە هەمیشە دەبێتە نانی شێوی ئەوان، هەرچەندە ڕێکارە یاساییەکە بە شێوەیەکی فەرمی دروست بێت. بێگومان ئۆجەلان هەموو پێوەرەکانی تاوانبارکردن بە خیانەتی مەزن بەپێی یاسا و دادوەری کەمالیستی [کەمال ئەتاتورک دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی تورکیای دامەزراند] تورکیا پڕ دەکاتەوە - تەنانەت دادگاییەکی "دادپەروەرانە"ش ژیانی دەخاتە مەترسییەوە.
فەرمانڕەوا خوێنرێژەکانی تورکیا هیچ مافێکیان نییە هیچ جۆرە دادگاییەک بۆ ئۆجەلان ئەنجام بدەن. دەوڵەتی کەمالیستی لە کاتی دامەزراندنیەوە جیاکاری و چەوساندنەوەی دژی کورد ئەنجام داوە. کورد ڕێگەیان پێنادرێت بە زمانی خۆیان قسە بکەن، کەلتورەکەیان سەرکوت کراوە، و ناوچەکەیان لە هەژاری قووڵ و دواکەوتوویی ئابووریدا نوقم بووە. دەوڵەتی تورکیا وەڵامی هەموو نیشانەکانی بەرخۆدانی کوردی بە سانسۆر، دەستگیرکردن، ئەشکەنجەدان، کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردی داوەتەوە. پەکەکە و ئۆجەلان بەرپرسیاریەتی سیاسییان لەسەر ئەو هەزاران کەسە نییە کە لە شەڕی پیسی سوپای تورکیا دژی نەتەوەی کورد کوژراون. ئەو بەرپرسیارێتییە تەنها لەسەر شانی فەرمانڕەوایانی تورکیا و پارێزەرە ئیمپریالیستەکانیانە. تەنها ڕێگایەک کە دادپەروەری بەسەرکەوتن بگەیەنێت و تەنها ڕێگایەک بۆ وەستاندنی ئەم هێرشە بەربەرییانە، لە ڕێگەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی چەوسێنەرانەوەیە.

بانگەوازەکانی پەکەکە بۆ ئیمپریالیستەکان خەیاڵین و دژ بە ڕێگای ڕزگاربوونی جەماوەری کوردن. ئیمپریالیزم، وەک چەوسێنەری ملیۆنان کەس، ناتوانێت لەناکاو سروشتی خۆی بگۆڕێت و ببێتە ڕزگارکەری کورد. دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی سیستەمی جیهانی ئیمپریالیستییە. سەرمایەدارەکان لە وڵاتە ئیمپریالیستە پێشکەوتووە ئابوورییەکان تێکەڵەیەکن لە کێبڕکێی بازاڕی جیهانی، دەستگەیشتن بە وەبەرهێنان و قەرز، و هێزی سەربازی بەکاردەهێنن بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی چەوساندنەوەی وڵاتە دواکەوتووەکان.

بەپێی مەرجەکانی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەژێر هەژموونی بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشکرد، کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکران. بانگەوازە لیبراڵەکان بۆ یەکێتی ئەوروپا، لەگەڵ بیرۆکەی پێشکەشکردنی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بە تورکیا، بە مەرجێک ڕازی بێت ڕێز لە "مافەکانی مرۆڤ" بگرێت، بە تەواوی خەیاڵین. نەگونجاوە کە یەکێتی ئەوروپا بیەوێت بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی "هەژارخانە"ی تورکیا بگرێتە ئەستۆ، لانیکەم لە داهاتووی نزیکدا. هەموو نیگەرانییە گریمانەییەکانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ تەنها وەک بیانوویەک بەکاردێن بۆ دوورخستنەوەی تورکیا. ئەوان نە دەتوانن و نە مەبەستیانە بارودۆخی کورد لە تورکیا باشتر بکەن. ئەگەر تورکیای وابەستە بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە، ئەوە بە مانای دەستبەرداربوون لە سەروەری خۆیەتی (بۆ نموونە، لە کشتوکاڵدا) بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیستە ئەوروپییەکان - کە تەنها دەتوانێت زیانی زیاتر بە چەوساوە و چەوسێنراوەکان بگەیەنێت.

"پاراستن"ی کورد لە باکووری عێراق لەلایەن ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاوە، ئەوان لە کەمپی پەنابەراندا دەهێڵێتەوە و هەر خەباتێک بۆ ڕزگاربوون دوادەخات. ئەمە پەردەیەکی دووکەڵاویی بۆ هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دروست دەکات، و ڕێگە بە سوپای تورکیا دەدات بە ئازادی هێرش بکاتە سەر بنکەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق. ئێمە داوای دەرکردنی ئیمپریالیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کشانەوەی دەستبەجێی سوپای تورکیا لە کوردستان دەکەین. ئێمە پشتگیری مافی هەموو نەتەوە چەوساوەکان دەکەین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر بە سیاسەتی ئیمپریالیستی و پشتگیری لە مافی خۆبەڕێوەبەری کورد، بەشێکە لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕانەی نووسەر. نووسەر پێی وایە کە پشتبەستن بە هێزە ئیمپریالیستەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەک تەنها بێسوودە، بەڵکو زیانبەخشیشە. لە جیاتی ئەوە، داوای خەباتێکی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕانە دەکات بۆ ڕزگاربوونی کورد و هەموو گەلانی چەوساوەی ناوچەکە.

نووسەر هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە "پاراستن"ی ئەمریکا بۆ کورد لە باکووری عێراق لە ڕاستیدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، نەک کورد. ئەمە بۆچوونێکی گرنگە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت کاتێک باس لە ستراتیژی درێژخایەنی خەباتی کورد دەکرێت.

بە پێچەوانەی خەیاڵەکانی هەندێک لە کەسانی ناو بازنەی هاوپشتی کوردستان، دەرچوونی ئۆجەلان لە سووریا نوێنەرایەتی دەستکەوتێکی دیپلۆماسی نەکرد لە گەڕان بەدوای "چارەسەرێکی سیاسی" بۆ شەڕی کوردستان. گەشتەکەی ئۆجەلان دەریخست کە هیواکانی دیپلۆماسی پەکەکە چەندە وەهمی بوون. هیچ دەوڵەتێک لە جیهاندا ئامادە

نەبوو مافی پەنابەری بە ئۆجەلان بدات یان لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ڕاوەستێت.
ئیتاڵیا بە ئەدەبەوە داوای لە ئۆجەلان کرد بڕوات و لە یۆنان وەزیرە پرۆ-کوردەکانی کابینە خۆیان لە کێشەدا بینییەوە. ئۆجەلان بە ڕاستی "پەتاتەیەکی گەرم" بوو. هیچ حکومەتێک ئامادە نەبوو پەنای بدات، جگە لە بەندکەرە تورکەکانی. ئەو چارەنووسی نەتەوەی کوردی وەک پیادەیەک لەسەر تەختەی شەترەنجی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی هاوبەش دەکات.

لە جیاتی بانگەوازکردن بۆ چەپ و بزووتنەوەی نێودەوڵەتی کرێکاران، پەکەکە بەدوای پشتگیری لە ئیمپریالیستەکان و هاینریش لومەر (Heinrich Lummer) دا گەڕا، سیاسەتمەدارێکی ڕاستڕەوی توندڕەوی ئەڵمانی کە پەیوەندی بە فاشیستەکانەوە هەیە و بەناوبانگە بە ناردنی پۆلیسی دژە ئاژاوە بۆ هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی داگیرکردن(The Berlin Squatting Movement) لە بەرلین لە ساڵانی ١٩٨٠دا. ئاراستەکردنی پەکەکە بۆ لای ڕاست هەڵەیەکی سیاسی نەبوو - ڕیشەکەی لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی و وردە-بۆرژوازی پەکەکەدایە.

## سۆسیالیزم یان بەربەرییەت - شۆڕشی بەردەوام یان قۆناغبەندی؟

وەک زۆربەی ستالینیست و ماوییە تورکەکان، پەکەکە بڕوای وایە کە دواکەوتوویی کوردستان مانای وایە سۆسیالیزم لە بەرنامەدا نییە و لە جیاتی ئەوە پێویستە خەبات بۆ شۆڕشێکی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی، فرە-چینی "گەلی" بکرێت، بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ گەشەسەندنی سەربەخۆی سەرمایەداری (بە یارمەتی دەوڵەت). جگە لە هەندێک دەستەواژەی ڕازاوەی سۆسیالیستی، بەڵام بێ مانا، بەرنامەی پەکەکە تەنها ئەمەیە. بێگومان ئەم ستراتیژە پێویستی بە ملکەچکردنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جوتیارانی کورد هەیە بۆ ئەو چەوسێنەرە بچووکانەی کە بۆرژوازی کورد پێکدەهێنن - کە بە شکۆدارانە ناونراون "بۆرژوازی نیشتمانپەروەر". پەکەکە چاو لەو پەیوەندییە ئابووری، سیاسی و کەسییە بێژمارانە دەنووقێنێت کە بۆرژوازی خۆماڵی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بە دەسەڵاتدارە زەویدارەکان و پشتیوانە ئیمپریالیستەکانیانەوە دەبەستێتەوە.

ئەمەیە هۆکاری ئەوەی کە پەکەکە هەوڵی دا پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیمپریالیستەکان دروست بکات، و بۆچی لەمێژە شانازی بە هاوکاریکردن لەگەڵ زەویدارە "نیشتمانپەروەر"ەکانی کورد دەکەن. هیچ چینێکی دەسەڵاتدار هەرگیز هاوپەیمانی لەگەڵ جەماوەری زەحمەتکێش ناکات مەگەر دڵنیا بن کە چەوساوەکان خەباتی خۆیان ملکەچی خەباتی بۆرژوازی کردووە - لەم حاڵەتەدا، مانای قبوڵکردنی چەوساندنەوەی فیودالییە

به ناوی یەکگرتنی نەتەوەی کورد. ئەم سیاسەتە نابێتە هۆی ڕزگاری یان باشترکردنی ژیان بۆ جەماوەری چەوساوەی کوردستان. لە جیاتی ئەوە، ئەمە بووەتە هۆی نووسینی وتارە دژە جوولەکەکان لەلایەن ئۆجەلانەوە (لەژێر ناوە خوازراوەکانی ئایدن سافەر و ئا. ئینانچ، بۆ نموونە، لە Ozgur Ulke ٢٩/٢٨ی ئابی ١٩٩٤)، هەروەها لاسایکردنەوەی ڕەوتە ئیسلامییەکان، و تەنانەت پشتگیری ئاشکرای بۆ ڕەگەزپەرستی ئیمپریالیستی:
"بەداخەوە، دواکەوتوویی گەلەکەمان لەکەیەکە لەسەر ئەڵمانیای پێشکەوتوو. ئەمە منی خەمبار دەکات. نەدەبوو ئەڵمانیا تووشی ئەم خراپەیە ببێت.... ئەمەیە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڕەگەزپەرستی دووبارە. زۆر ڕەوایە، لە ڕاستیدا! منیش پێم وایە ڕاستڕەوەکان ڕاستن. دەمەوێت بە ئاشکرا بڵێم کە لەم بابەتەدا وەک سۆسیال دیموکراتێک بیر ناکەمەوە. ڕاستڕەوەکان ڕاستن".

## ـ ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس گونتەر ڤالڕاف- Günther Wallraff

پەکەکە ئەرکی ڕزگاری کورد وەک ئەرکێکی نەتەوەیی سەربەخۆ دەبینێت (لەگەڵ بازنەی هاوپشتی کوردستان وەک گرووپی پشتیوانی نیمچە-دیپلۆماسی)، بەڵام کۆمۆنیستەکان خەباتی کورد وەک هاندەرێکی بەهێز بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینن. هیچ ڕێگایەکی نەتەوەیی جیاواز بۆ گەشەسەندنی ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەژێر سایەی سەرمایەداریدا لە سەردەمی ئیمپریالیزم و بازاڕی جیهانی و دابەشکردنی نێودەوڵەتی بونی نییە. دانپێدانان بەم ڕاستییە خاڵی دەستپێکی پێویستە بۆ هەموو لێکدانەوە و کردارە شۆڕشگێڕییەکان. خەونەکانی سەرکردەکانی "ئابوورییە پڵنگەکان-Tiger economies "ی ئاسیا دەربارەی گەیشتن بە ئیمپریالیستەکان لەژێر کاولکارییەکانی دواین قەیرانی داراییدا نێژراون. لەبەرچاوگرتنی دواکەوتوویی ئابووری ئەم وڵاتانە و فشارەکانی کێبڕکێی جیهانی، سەرمایە داوا دەکات کە بۆ ئەوەی ئەم ئابوورییانە "گەشە بکەن"، واتە بەسوود بمێننەوە، دەبێت ڕێژەی چەوساندنەوەی سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانیان زۆر زیاتر بێت. خەیاڵەکان دەربارەی "قۆناغێکی دیموکراتی نەتەوەیی" بۆ گەشەسەندنی هاوئاهەنگی سەرمایەداری پێش شۆڕشی پرۆلیتاری تەنها دەتوانێت خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی نوێی نیشتمانی بکات و بێگومان بەرەو کابووسێک بۆ چینی کرێکار ببات (چین ١٩٢٧، ئیسپانیا ١٩٣٦-٣٩، ئەندەنووسیا ١٩٦٥-٦٦، شیلی ١٩٧٢-٧٣). سەرمایەدارەکان ئەمە دەزانن. بەڵام، ڕێکخراوە وردە-بۆرژواکان وەک پەکەکە هێشتا هەمان بەرنامەی بۆرژوازی و هەمان مۆدێلی قۆناغبەندی گەشەسەندنی سەرمایەداری نەتەوەیی بەرز دەکەنەوە کە زۆر جار لە ڕابردوودا بووەتە هۆی شکست.

ستراتیژی شۆڕشی بەردەوام، کە بە کردەوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا سەلمێنرا، تەنها بژاردەی شیاو پێشکەش دەکات. ئەمە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

1) ئەرکەکانی شۆڕشی بۆرژوازی (مافە دیموکراتییەکان، پرسی زەوی و پرسی نەتەوەیی) ناتوانرێت لەلایەن بۆرژوازی نەتەوەییەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی شۆڕشی پرۆلیتارییەوە کە لەلایەن جەماوەری جوتیارە هەژارەکانەوە پشتگیری دەکرێت؛
2) تەنها شۆڕشی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی دەتوانێت ڕێگا بۆ ڕزگاری ئابووری، سیاسی و کلتووری جەماوەر بکاتەوە. دارمانی بیرۆکراتی یەکەم دەوڵەتی کرێکاری جیهان لە ڕێگەی سیاسەتی ستالین بۆ "سۆسیالیزم لە یەک وڵات" ئەمەی بە کردەوە نیشان دا.

## کوردستان و شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئێمە بێ مەرج بەرگری لە مافی نەتەوەی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکەین، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام لە ئێستادا داوا ناکەین کورد هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم مافە بدات:

"لە بارودۆخی ئێستادا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکەوێتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە... دەوروبەری گیراوە لەلایەن چەوسێنەرە مێژووییەکانیەوە، بەڵام کۆمەڵگایەک دەبێت کە تایبەتمەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە پێش-سەرمایەدارییەکانی هەیە. بەهۆی دواکەوتوویییەوە، کوردستانێکی سەربەخۆ خۆی لەژێر ڕەحمەتی هێزە هەرێمییەکان و هەروەها ئیمپریالیستەکان دەبینێتەوە." – بۆڵشەڤیک ژمارە ٢

بەربەستی سەرەکی بۆ ڕزگاری ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی نەبوونی پێشمەرجی سەرەکی شۆڕشی سۆسیالیستییە لە کوردستان: پرۆلیتاریا.

"کوردستان نموونەیەکی کلاسیکی شۆڕشی کۆلۆنیالی نییە، وەک بۆ نموونە چین و ڤێتنام لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا. لە هەردوو ئەم حاڵەتانەدا، پرۆلیتاریا بچووک بوو، بەڵام هێزی ئابووری و سیاسی پێویستی هەبوو بۆ ڕابەرایەتیکردنی جوتیاران لە هێرشێکی سەرکەوتوودا دژی هەم گەورە ئیمپریالیستەکان و هەم هاوپەیمانە بۆرژوا ناوخۆییەکانیان." – هەمان سەرچاوە.

لە چین و ڤێتنام، سەرکەوتنی بزووتنەوە چریکییە ستالینیستەکان، کە دژی چالاکی سیاسی سەربەخۆی پرۆلیتاریا بوون، بێگومان دەوڵەتی کرێکاری دیکتاتۆری بیرۆکراتی شێوێنراوی بەرهەمهێنا. وەک لە وتاری پێشووماندا ئاماژەمان پێکرد:

"یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پرسی نەتەوەیی کورد ئەوەیە کە تێکەڵاوە لەگەڵ پرسی کۆمەڵایەتی لەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی کوردیان تێدایە و، لە ڕێگەی ئەوانەوە، لە هەموو دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی نزیک. خەبات بۆ ئازادی کورد پێویستی بە خەباتێکی هاوبەش

لەگەڵ جەماوەری کرێکاری تورک، فارس و عەرەب هەیە. هەر هەڕەشەیەکی جددی بۆ دەسەڵاتی سەرمایەداری لە تورکیا، بۆ نموونە، بێگومان دەبێت پرسی کورد بخاتە ڕوو. لە لایەکی ترەوە، خەباتی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەتوانێت بە ئاسانی شەپۆلێک لە ئاژاوە بوروژێنێت کە ڕژێمە ناسکەکانی ناوچەکە بشکێنێت." – هەمان سەرچاوە.

دەبێت دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان جێگەیان بگیرێتەوە بە فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تیایدا کورد بتوانێت داهاتووی خۆی دیاری بکات. ئەگەر خەباتی ئازادی کورد ئەم ئاراستەیە وەربگرێت، کاریگەرییەکانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەست پێدەکرێت. هەروەها دەتوانێت هاندەرێکی بەهێز بێت بۆ خەباتی پرۆلیتاری لە ئەڵمانیا و هەر وڵاتێکی تری ئەوروپا کە لە ئێستاداماڵی بەشێک لەو ملیۆنان کرێکاری کۆچبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

## نێونەتەوەگەرایی پرۆلیتاری لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی وردەبۆرژوازی

خەباتی پەکەکە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، کە پەیوەست نییە بە خەباتی چینایەتی و هیچ ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی نییە، گەیشتووەتە بنبەست. سەرکەوتن لە خەباتی چریکی وا دیارە لە بەرنامەی پەکەکە نەماوە. ئاراستەی ناسیۆنالیستی پەکەکە بە تەواوی ناگونجێت لەگەڵ ڕاستییەکانی خەباتی چینایەتی نێودەوڵەتی. هێرشە هەڕەمەکییەکان بۆ سەر ناوەندە گەشتیارییەکان، دوکان و کافێ تورکییەکان تەنها دەتوانن یەکێتی نێونەتەوەیی لە نێوان چەوساوە و چەوسێنراوەکان لاواز بکەن، بە پێچەوانەی هێرشە ڕەواکان بۆ سەر نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا یان ئەڵمانیا یان فاشیستەکان. نێونەتەوەگەرا شۆڕشگێڕەکان دژی هێرش بۆ سەر دوکانی ڕۆژنامە، چایخانە یان خواردنگە خێراکانن کە تەنها لەسەر بنەمای تورک بوونیان کراونەتە ئامانج. ئێمە بەرگری لەم شوێنانە و خەڵکە مەدەنییەکانیان دەکەین لە بەرامبەر تووڕەیی کوێرانەی ناسیۆنالیستەکانی پەکەکە. هەمان هەڵوێستمان هەیە بەرامبەر بەو هێرشانەی کە ڕاستەوخۆ و تەنها دەوڵەتی تورکیا یان کۆمپانیا گەورەکان ناکەنە ئامانج، بەڵکو مەبەستیان ناوەندە گەشتیارییەکانە – هەوڵە ناسیۆنالیستییەکان بۆ زیان گەیاندن بە دەوڵەتی تورکیا "بە ناڕاستەوخۆ" لە ڕێگەی کوشتنی بێبەزەییانەی کرێکارانی تورک، کورد و ڕۆژئاوای ئەوروپا شایانی بەرگریکردن نین.

تراژیدیاکە ئەوەیە کە لۆژیکی ناسیۆنالیستی پەکەکە ڕێک پێچەوانەی پێداویستییەکانی ڕزگاربوونی کوردە لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و نیمچە-فیودالی. یەکێتی نێودەوڵەتی چینی کرێکار تەنها بژاردەی شیاوە لە بەرامبەر هاوکاری کۆنەپەرستانە لە نێوان ئیمپریالیزمی ئەڵمانیا و فەرمانڕەوایانی تورکیا.

نموونەیەکی باش لەسەر چۆنیەتی کارکردنی وەها ڕێبازێک، بایکۆتی کرێکارانی بەندەر بوو لە ناوەڕاستی سالآنی ١٩٨٠ لە سان فرانسیسکۆ، کە لایەنگرانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆلشەڤیک ڕۆڵێکی سەرەکییان تێدا گێڕا. ئەم مانگرتنە سیاسییە دژی ئاپارتاید، کە ١١ ڕۆژی خایاند، ئاراستەکرابوو دژی داگرتنی کەلوپەلی باشووری ئەفریقا. ئەمە زیانێکی گەورەی بە ڕژێمی ئاپارتاید گەیاند، لە کاتێکدا ڕێبازێکی نێونەتەوەیی و خەباتی چینایەتی بۆ پرسە سیاسییە گرنگەکانی بەردەم چینی کرێکاری پەرە پێدا - کە پێشمەرجی پێویستن بۆ ڕزگاری شۆڕشگێڕانەی مرۆڤایەتی. وەها ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕی نێونەتەوەیی شیاوی جێبەجێکردنە. لە ساڵی ١٩٩١، لە کاتی جەنگی کەنداو، کاتێک حکومەتی تورکیا هەوڵی دا ڕای گشتی دژی عێراق هان بدات، خۆپیشاندانی خۆڕسک لە کوردستانی تورکیا سەریهەڵدا. ئەو داواکارییانەی لەوێ بەرزکرانەوە بەهاوبەشی کرێکارانی تورک و کورد بوو کە لە مانگرتن و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا بەرزکرانەوە. ئەم وشیارییە سیاسییەی چینی کرێکاری تورک لە هاوپشتی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد وەک هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ڕژێمی تورکیا دەبینرا.

لە ئەڵمانیا و دەوڵەتانی تری ئەورووپا، کرێکارە شۆڕشگێڕەکان دەبێت بە ئاشکرا و چالاکانە هاوپشتی دۆزی کرێکارە کۆچبەرەکان بکەن و بەتایبەتی، خەباتی کورد دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی. هەروەها دەبێت شۆڕشگێڕەکان هەوڵ بدەن پەیوەندی لەگەڵ کۆچبەرە پرۆلیتاریزەکراوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بکەن بە ئامانجی بنیاتنانی ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕی جێگرەوە لەناو یەکێتییە کرێکارییەکاندا کە دژی بیرۆکراسییە چاکسازیخوازە بوونەکەیە. پەکەکە، بە ڕێکخستنی کوردە کۆچبەرەکان وەک نیشتمانپەروەرانی کورد لە جیاتی کرێکارانی بێ نیشتمان، وەک بەربەستێک دژی نێونەتەوەگەرایی پرۆلیتاری کار دەکات و بەم شێوەیە، لە کۆتاییدا، دژی ڕزگاربوونی کورد. شیکردنەوەیەکی وردی پرسی کورد دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە، هەرچەندە گرنگە بەرگری لە پەکەکە بکرێت، بەهەمان شێوە گرنگە بە توندی ڕەخنە لە سیاسەتەکانیان بگیرێت. شەڕڤانانی کورد دەبێت پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە، هەروەها چەندین گروپی بچووکتری ماوی و ستالینیستی ساختەی لینینیستی پێداچوونەوەخواز بپچڕێنن، و بەشداری لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لینینیست-ترۆتسکیستدا بکەن، لەسەر بنەمای بەرنامەی شۆڕشی بەردەوام، بە لقەکانییەوە لە هەموو دەوڵەتێک - لەوانە تورکیا و ئەڵمانیا. ئەمە ڕێگای ڕزگاربوونی شۆڕشگێڕانەی کورد و هەموو گەلانی چەوساوە و چەوسێنراوی جیهانە.

## بەڵگەنامەی ٣

## بۆ كۆماری سۆسیالیستی كوردستانی یەكگرتوو!

## گەلی كورد و داگیركاری ئەمریكا بۆ عێراق

**دووبارە چاپكراوە لە ووركەرز ڤانگارد ژمارەكانی ٨٠٤ و ٨٠٥، ٢٣ی ئایار و ٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٣. ئێمە پۆلێمیكی ئاندرێمان دژی IBT بە پیتی ڕەش نووسیوە – نووسەر.**

[ پێشەكی WV] ئەمەی خوارەوە پێشەكییەكی دەستكاریكراوە لەلایەن برووس ئاندرێ – *Bruce André* ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی -ووركەرز ڤانگارد- Workers Vanguard لە خوێندنێكی گشتییانەی گەنجانی سپارتاكیست/سپارتاكۆس لە بێركلی لە ٣ی ئایار.

داگیركاری كۆلۆنیالی وڵاتێك هەمیشە هەموو شتێكی كۆنەپەرستانە لەو كۆمەڵگایەدا بەهێز دەكات و لەسەری دەژی. ئێمە ئەو یاسای مێژووە دەبینین كە لە عێراقی ئەمڕۆدا لەژێر داگیركاری كۆلۆنیالی ئەمریكادا دەردەكەوێت. ئیسلامییە توندڕەوەكان كە داوای كۆمارێكی ئیسلامی دەكەن لە باشوور لە پێشڕەویدان، بەغدا پڕە لە بوونەوەرە زیانبەخشەكان كە لەلایەن پێنتاگۆن یان-CIA وە پشتیوانیان لێدەكرێت، مانۆڕ بۆ بەشێك لە سامانی وڵاتەكە دەكەن. هەموو ئەمانە لە پاش پەردەی وێرانكردنی پیشەسازی و ژێرخانی وڵاتەكە بە ١٢ ساڵ گەمارۆی برسیكردن، بۆردومانی بەرفراوانی ئەمریكا و لە كۆتاییدا تاڵانكردنی بەرفراوان كە سەربازانی ئەمریكا ڕێگەیان پێدا بەردەوام بێت، لە كاتێكدا ئەوان بۆ دەستبەسەرداگرتنی كێڵگە نەوتییەكان ڕایان دەكرد.

لە هەمان كاتدا، ناكۆكییە ئیتنیكی و ئایینییەكان هەڕەشەی تەقینەوەیان لێدەكرێت لە كوشتارێكی كۆمەڵگەرایانەی هەمەلایەنەدا. لە كوردستان لە باكووری عێراق، لەو شارانەی كە لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستان (PDK) و یەكێتی نیشتمانی كوردستان (YNK)ەوە داگیر كراون، كە هەردووكیان لەژێر فەرمانی ئەمریكادا كار دەكەن، هەزاران عەرەب لە ماڵەكانیان دەركراون. ڕێكخراوی چاودێری مافەكانی مرۆڤ دەركردنەكانی بە پێشێلكردنی ماددەی ٣ی پەیماننامەی جنێڤ لەسەر تاوانەكانی جەنگ ناو برد، كە قەدەغەی گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتوان دەكات. عەرەبەكان لە موسڵ خۆپیشاندانیان كرد، نەك تەنها دروشمی "ئەمریكا بۆ دەرەوە!" بەڵكو "كورد بۆ دەرەوە!"یشیان بەرز دەكردەوە. سەربازانی ئەمریكا تەقەیان لە خۆپیشاندەران كرد و لە دوو ڕۆژدا ١٧ كەسیان كوشت. كەمینەی توركمان لەو شارە هەست بە هەڕەشەیەكی وا لەلایەن هێزە كوردییەكانەوە دەكەن كە زۆربەیان داوای دەستێوەردانی سەربازی توركیا دەكەن. كارمەندێكی فریاگوزاری ڕایگەیاند، "ئێمە لە جەنگێكەوە دەچینە جەنگێكی تر" (*واشنتۆن پۆست*، ١٧ی نیسان).

ئەم ناکۆکییە ئیتنیکییانە میراتی داگیرکاری ئیمپریالیستی بەریتانیان دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم. بەریتانییەکان بە ئەنقەست وڵاتێکیان دروست کرد کە دژی خۆی دابەشکرابوو، شیعەکان لە باشوور و کوردەکان لە باکوور لەژێر دەسەڵاتی هەمان دەسەڵاتدارە سوننە موسڵمانەکان کە عوسمانییەکان حوکمیان دەکرد. دەیان ساڵ حوکمڕانی ڕژێمە بۆرژوا-ناسیۆنالیستەکان زیاتر دابەشبوونی ئیتنیکی قووڵ کردەوە. سەدام حوسێن و پارتەکەی کە پارتی بەعس بوو لە ساڵانی ١٩٦٠ بە پشتیوانی ئەمریکا هاتە سەر دەسەڵات، بەرنامەی "بەعەرەبکردن"ی جێبەجێکرد، کە تیایدا کورد، تورکمان و ئاشووری لە ناوچە نەوتێکانی دەوروبەری موسڵ و کەرکوک دەرکران. ئەمڕۆ ٣٠٠-٤٠٠ هەزار کوردی ئاوارە هەن کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە ماڵەکانیان لە کوردستان. فەرماندەیەکی YNK لە پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاند: "ئێمە دەمانەوێت بە ڕێکوپێکی بێت، بەڵام نیشتەجێکراوە عەرەبەکان دەبێت بڕۆن".

تەنانەت لە ڕوانگەی میدیای سەرمایەداری ئەم وڵاتەشەوە، کە هەموو درۆیەکی واشنتن توتی ئاسا دووبارە دەکاتەوە، دەتوانرێت بێمتمانەیی و تووڕەیی بەرفراوان لە داگیرکاری کۆلۆنیالی ئەمریکا لەناو دانیشتوانی عێراقدا ببینرێت. بەڵام، یەک شوێن لە عێراق کە بێگومان وەهمی بەرفراوان سەبارەت بە داگیرکاری ئەمریکا هەیە لەناو کوردەکان لە کوردستانە. کورد ئامانجێکی تایبەتی تیرۆری سەدام حوسێن بوون - پێدەچێت ١٠٠ هەزار کەس کۆمەڵکوژ کرابن – بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی یەدەگە زۆرەکانی نەوت لە کوردستان. ناسیۆنالیستە وردە-بۆرژواکان لە سەرکردایەتی PDK و YNK هیوادار بوون کە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ واشنتن جۆرێک لە دەسەڵاتی سەربەخۆیان لە کوردستانی عێراق و بەشێک لە نەوتەکەیان بۆ بەدەست بهێنێت. بەداخەوە بۆ ئەوان، بەو شێوەیە نابێت. بانگەشەی واشنتن بۆ کارکردن وەک هاوپەیمانی گەلی کورد هیچ نییە جگە لە سووکایەتی و دووڕوویی. ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا - لە ڕاستیدا، هەموو هێزە ئیمپریالیستەکان - بە توندی دژی هەر دەربڕینێکی مافە نەتەوەییەکانی کوردن.

٢٥ تا ٣٠ ملیۆن کوردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەترین نەتەوەی جیهانن بەبێ دەوڵەت؛ لە ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە، بە بەشێک لە سوریادا، بەرەو باکووری عێراق و ئێران درێژ دەبێتەوە (لەگەڵ هەندێک کورد کە لە قەوقازیش بڵاوبوونەتەوە). ئەوەی ئیمپریالیستەکان لێی دەترسن - هەروەها هێزە ناوچەییەکانیش - ئەوەیە کە هەر چاوپۆشییەکی جددی لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق دەتوانێت هەموو ناوچە دەوڵەمەندە بە نەوتەکە ناسەقامگیر بکات بە هاندانی کوردەکانی وڵاتانی تر بۆ داواکردنی سەربەخۆیی. ئەمە بەتایبەتی ڕاستە بۆ تورکیا، کە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٨٠ەوە شەڕێکی لەناوبردنی - بە پشتیوانی ئەمریکا و ئەڵمانیا - دژی کەمینەی چەوساوەی کورد لەو وڵاتە و دژی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (PKK) بەڕێوە دەبات. لە ڕاستیدا ئەوان ساڵی ڕابردوو ناوەکەیان گۆڕی بۆ KADEK، کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی - ئەو ناوە زۆرت پێ دەڵێت دەربارەی ئەوەی بەرەو کوێ دەڕۆن لە ڕووی سیاسییەوە - بەڵام هەندێک لە سەرکردەکانی پارتەکە بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی کورتکراوەی PKK، کە منیش لەم قسەیەدا هەمان شت دەکەم. نزیکەی ٣٧،٠٠٠ کەس

کوژراون و چەندین هەزار گوند لە کوردستانی تورکیا کراونەتە شارۆچکەی چۆڵ. بۆرژوازی تورک ئەوەندە سوورە لەسەر لەناوبردنی هەر ئاماژەیەک بۆ جیاخوازی کوردی کە بۆ چەندین ساڵ قسەکردن بە کوردی لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کرابوو و بە فەرمی ئاماژە بە خەڵکی کورد وەک "تورکی شاخاوی" دەکرا. ئەمڕۆ داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق وای لە ڕژێمی ئەنکەرە کردووە کە دۆخی نائاسایی دووبارە بسەپێنێتەوە بەسەر کوردستانی تورکیادا. تانک ڕیز کراون لە شەقامەکان؛ ئۆتۆمبێلەکان ڕادەگیرێن و پشکنینیان بۆ دەکرێت. زۆرێک لە یەکێتییە کرێکارییەکان و خۆپیشاندەرانی دژە جەنگ دەستگیر کراون و لێدراون.

## ناسیۆنالیزمی وردەبۆرژوازی: بنبەستێک بۆ کورد

وەک هەموو ناسیۆنالیستە وردە-بۆرژواکان، پارتی و یەکێتی مێژوویەکی درێژیان هەیە لە گەڕان بەدوای هاوپەیمان لەناو هێزە سەرمایەدارە ناوچەییەکان و باوکە گەورە ئیمپریالیستەکانیان. بۆ بینینی ئەوەی ئەم ستراتیژیە دەتگەیەنێتە کوێ، سەیری فەلەستینییەکان بکە. لەژێر سەرکردایەتی ناسیۆنالیستە وردە-بۆرژواکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین(PLO) دا، تەنانەت گەلی فەلەستینی کە لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیشتوون، بە سادەیی لە کۆمەڵکوژییەکەوە بۆ کۆمەڵکوژییەکی تر بردراون - نەک تەنها لەلایەن قەسابە ڕەگەزپەرستە زایۆنیستەکانەوە بەڵکو هەروەها لەلایەن هاوپەیمانە گریمانەییەکانیشەوە وەک پاشای ئوردون. ئەمڕۆ، تەنانەت کاتێک زایۆنیستەکان ڕۆژانە فەلەستینییەکان دەکوژن، PLOوەک پاریدەدەری پۆلیسی ئەوان لە ناوچە داگیرکراوەکان کار دەکات.

وەک بەڵگەیەک بۆ ڕەزامەندی واشنتن، سەرکردە کوردەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە لەدوای جەنگی کەنداوی ١٩٩١ دژی عێراق، کوردستانی عێراق بنەڕەتییانە خودموختار بووە بەهۆی "ناوچەی دژە فڕین" لە باکووری وڵاتەکە کە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاوە جێبەجێ کراوە. لە ڕاستیدا، ئەو ئەزموونە دەکرێت وەک نموونەیەکی کتێبی بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی چۆن ناسیۆنالیزمی وردە-بۆرژوازی دەبێتە هۆی خیانەت و شکست. دوای لایەنگری لە ئەمریکا لە جەنگی ١٩٩١ دژی عێراق، پارتی و یەکێتی ڕاپەڕینێکیان دەستپێکرد لەسەر بانگەوازی "دەنگی عێراقی ئازاد"ی سەر بە CIA. بەڵام پارمەتییە بەڵێنپێدراوەکە لە واشنتنەوە هەرگیز نەهات و ناسیۆنالیستە کوردەکان بۆ ڕەحمەتی سەدام حوسێن بەجێهێڵران، کە سەدان هەزار کوردی لەماڵەکانیان دەرکرد. دواتر سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی ڕوویان لە تورکیا کرد بۆ پشتیوانی، پارمەتیاندا لە ڕاوکردن و کوشتنی چالاکوانانی-PKK ی تورکیا کە پەنایان بۆ کوردستانی عێراق هێنابوو. لە ناوەڕاستی ساڵانی ٩٠دا پارتی و یەکێتی بەگژ یەکتردا چوونەوە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی قازانجی خاڵە سنورێکان و بەقاچاغبردنی نەوتی عێراق بۆ تورکیا. یەکێتی وای لە ئێران کرد سەرباز بنێرێت بۆ لایەنگری لێی، بۆیە پارتی

داوای لە سەدام حوسێن کرد تانکەکانی بنێرێت، کە ناکۆکییە پیسە ناسیۆنالیستییەکەی کردە جەنگێکی نوێی نێوان ئێران و عێراق، کە بە خوێنی کورد تێچووی بۆ دەدرا.

دەیەی ١٩٩٠ تەنها دوایین بەشی مێژوویەکی درێژی ناسیۆنالیستە وردە-بۆرژوا کوردەکان بوو کە خەباتی نەتەوەیی کوردیان قوربانی پشتگیری خەیاڵی لە ئیمپریالیستەکان یان نۆکەرە ناوچەییەکانیان دەکرد، کە هەمیشە لە کۆتاییدا سەرکردە ناسیۆنالیستەکانیان فڕێدەدەن و خەڵکەکەیان دەکوژن. پارتی لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە دامەزرا، کە نموونەی خیانەتی بەرامبەر بە گەلی کورد بوو لەلایەن سەرکردە گریمانەییەکانیانەوە. بارزانی ژیانی سیاسی خۆی لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دەستپێکرد بە بەڵێنی گوێڕایەڵی کوێرانە بۆ بەریتانییەکان، "هەر فەرمانێکتان هەبێت" (داڤید مەکدۆواڵ، مێژووی مۆدێرنی کورد [١٩٩٦] – David McDowall, *A Modern History of the Kurds* [1996]). بەریتانییەکان بە دەرکردنی بارزانی و لایەنگرانی لە عێراق وەڵامیان دایەوە. کاتێک شەپۆلێکی شۆڕشگێڕی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٨دا داگرت، بارزانی ڕاپەڕینێکی تری کوردی دەستپێکرد، بەڵام پێشنیاری بۆ پارتی بەعس کرد کە ئاگربەست ڕابگەیەنێت ئەگەر بێنە سەر دەسەڵات. پارتی بەعس لە کودەتایەکی دژە شۆڕشدا دەسەڵاتی گرتە دەست و سوودی لە ئاگربەستی بارزانی وەرگرت بۆ هێرشکردنە سەر کورد.

دواتر بارزانی پشتگیری لە هاوپەیمانێتییەکی نامیهرەبانی CIA، مۆسادی ئیسرائیلی و شای ئێران وەرگرت. لە بەرامبەردا، بارزانی یارمەتی ئێرانییەکانی دا بە ڕاگرتنی خەباتی کورد لە ئێران. کاتێک سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتاییدا ڕەتیانکردەوە بەردەوام بن لەم سیاسەتە خۆکوژییە لە ساڵی ١٩٦٧دا، بارزانی دەستی کرد بە ڕاوکردنیان و ڕادەستکردنیان بە شا. یەکێکیان لەلایەن بارزانییەوە لە سێدارە درا و پاشان تەرمەکەی ڕادەستی ئێرانییەکان کرا، کە تەرمەکەیان بە ئاشکرا لە شارەکانی سەرانسەری کوردستانی ئێراندا پیشان دا وەک ئاگادارکردنەوەیەک بۆ ئەوانی تر.
لە هەمان کاتدا، لە ساڵی ١٩٧٩دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە بەناو شۆڕشی ئیسلامی خومەینی کرد. ئەوان بە تەنها نەبوون، بەڕاستی. نزیکەی هەموو چەپی نێودەوڵەتی، جگە لە ڕەوتی ئێمە، پێشوازییان لە خومەینی کرد. پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی چاکسازیخواز لەم وڵاتە ئێستا زنجیرەیەکی سێ بەشی لە (میلیتانت)دا بڵاو دەکاتەوە کە بەناو شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران وەک نموونەیەک بۆ خەباتی دژە ئیمپریالیستی پیشان دەدات. بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکت هەبێت کە پشتگیریکردنی چەپ لە خومەینی چی دەگەیەنێت، وای دابنێ ئوسامە بن لادن و ئەو کەسانەی ئەو فڕۆکانەیان خستە ناو سەنتەری بازرگانی جیهانییەوە دەسەڵاتی دەوڵەتیان گرتبێتە دەست. وێنەکەت بۆ دروست بوو؟ ڕێکخراوی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی (ISO) پێشوازی لە شۆڕشی ئیسلامی خومەینی کرد بە مانشێتی: (فۆرمی ئایینی – ڕۆحانیەت، شۆڕش" (کرێکاری سۆسیالیست)، کانوونی دووەمی ١٩٧٩). دواتر پێشوازییان لەو (موجاهید)انە کرد کە

لەگەڵ CIA دژی سوپای سوور لە ئەفغانستان دەجەنگان. ئەم نامیلکەیەی کە ISO لەسەر مێژە ئەدەبییەکانی دەیفرۆشێت، (پێغەمبەر و پرۆلیتاریا)، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بنەماخوازە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان وەک ئەو قەسابانەی لە جەزائیر ژنانی بێ حیجاب دەکوژن لە ڕاستیدا "دژە ئیمپریالیست"ن. لە کوردستانی ئێران، ئەو گروپانەی کە پێکەوە هاتن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە/حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروەها پشتگیری مەلاکانیان کرد. خومەینی کاتی بەفیڕۆ نەدا لە ڕووکردنە پشتیوانە چەپ و کوردەکانی، تا سەرەتایساڵی ١٩٨٤ نزیکەی ٣٠،٠٠٠ کوردی کۆمەڵکوژ کرد.

لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراق لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨دا، پارتی پشتگیری لە ئێران وەردەگرت لە کاتێکدا یەکێتی، کە چەند ساڵێک پێشتر جیا ببووەوە، ڕێککەوتنی ئاگربەستی لەگەڵ سەدام حوسێن کرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣دا، بەختی کورد بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ گۆڕا چونکە سەدام حوسێن سەردانی نێردراوێکی ئەمریکای کرد - کە کەسێکی تر نەبوو جگە لە وەزیری بەرگری ئەمڕۆ، دۆناڵد ڕامسفێلد - کە پێی ڕاگەیاند کە ئەمریکا خەریکە پشتگیری خۆی دەداتە ئەو دژی ئێران. ئێستا، بە هاتنی چەک و یارمەتییەکانی تر لە ئەمریکا و ئەوروپاوە - لەوانە تەکنەلۆژیای پەرەپێدانی گازی ژەهراوی و چەکی بایۆلۆژی - حوسێن هەستی کرد بەهێزە بۆ ئەوەی بجووڵێت دژی یەکێتی و دانیشتوانی کورد. یەکێتی وەڵامی دایەوە بە بەشداریکردن لە بەرەیەکی سەربازی یەکگرتوو لەگەڵ پارتی و سوپای ئێران، کە قووڵ چوونە ناو کوردستانی عێراقەوە. حوسێن وەڵامی دایەوە بە دەستپێکردنی بۆردومانی ئاسمانی و هێرشی گازی ژەهراوی، کە هەزاران هاوڵاتی کوردی کوشت.

ئێستا، ئەمە لیستێکی زۆر پیسە لە خیانەتەکان، بەڵام من ئێوەم تووشی ئەمە کرد بۆ ئەوەی خاڵێکی سیاسی بخەمە ڕوو. من چەند مانگێک لەمەوبەر لە پاریس وتارێکم دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش کرد - کە لەم دواییانە لە (وۆرکەرز ڤانگارد)دا بڵاو کرایەوە (بڕوانە "ڕوانگەیەکی مارکسیستی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، WV ژمارە ٧٩٩، ١٤ی ئازار) - کە تیایدا جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە گەلی فەلەستین تەنها کاتێک دەتوانن ڕزگاربن لەو چەوساندنەوە ترسناکە کە لەژێر پێڵاوی زایۆنیستیدا دەیچێژن ئەگەر خەباتی خۆیان لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار لە وڵاتە عەرەبییە دراوسێکان و لە خودی ئیسرائیلدا یەک بخەن. هەمان شت دەکرێت دەربارەی کورد بوترێت. بە ڕووکەش دیارە کە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەی کورد پێویستی بە لەناوبردنی شۆڕشگێڕانەی لانیکەم چوار ڕژێمی سەرمایەداری و زاڵبوونی ئیمپریالیستی هاوتەریب لە سەرانسەری ئەم ناوچە گرنگە ستراتیژییەدا هەیە. ئەمەیە مەبەستمان لە دروشمی کۆماری سۆسیالیستی کوردستانی یەکگرتوو - کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ تەنها لە ڕێگەی خەبات بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری دەتوانێت بێتە دی.

ئەمە مانای وایە کە هێزی بزوێنەر بۆ خەباتی سەربەخۆیی کورد لە پرۆلیتاریای ئەو وڵاتانەدایە کە کورد دەچەوسێننەوە - پرۆلیتاریای عەرەب، فارس و تورک. ئەوانیش، بە نۆرەی خۆیان، دەبێت ڕازی بکرێن بۆ چالاکانە داکۆکیکردن لە مافی خۆبەڕێوەبردنی

کورد. هیچ ڕێگایەکی تر نییە کە مرۆڤ تەنانەت بتوانێت خەیاڵی بەدەستهێنانی مافی دیموکراتی خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد بکات. لە چوارچێوەی ناسیۆنالیستیدا، تەنانەت لە ئاستێکی ئەبستراکتیشدا بیری لێناکرێتەوە. بۆیە ڕێکخراوە ناسیۆنالیستە کوردییەکان بەشێوەیەکی گشتی بانگەوازی سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەی کورد ناکەن. لە جیاتی ئەوە، داوای شتی وەک "خودموختاری" بۆ ئەو پارچە تایبەتەی خاک دەکەن کە لەو وڵاتەدایە کە ئەوانی تێیدان - "فیدراڵیزم" بۆ کوردستانی عێراق ئەوەیە کە پێدەچێت پارتی و یەکێتی ئەمرۆ داوای بکەن.

## پەکەکە و پرسی کورد لە تورکیا

بە پێچەوانەی گروپە کوردییەکانی تر، پەکەکە نەک تەنها لەناو دانیشتوانی گوندنشینی کوردستانی تورکیا بەڵکو لەناو کرێکارانی ڕۆژئاوای تورکیا، ڕۆژئاوای ئەوروپا و شوێنەکانی تریش پشتگیری جەماوەری بەدەست هێناوە. بەڵام ناسیۆنالیستەکانی پەکەکە پرۆلیتاریا وەک تەنها بەشێکی تری "گەل" دەبینن کە دەبێت وەک ئامرازێک بەکار بهێنرێت بۆ فشارخستنە سەر ڕژێمی ئەنکەرە، یان سۆسیال دیموکراتەکان لە ئەڵمانیا، بۆ پێدانی چاکسازی. پەکەکە بە توندی ڕەتی دەکاتەوە کە پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بجووڵێنێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی هەموو چەوساوەکان بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان. لە ئەنجامدا، ئەوان کەوتوونەتە دۆخی کردنی پێشنیاری زیاتر و زیاتر نزم بۆ دوژمنە سەرسەختەکانی ئازادی کورد، ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکان و دەوڵەتی تورکیا. لە ڕابردوودا، پەکەکە چەندین جار داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا - تەنانەت ئەمریکا - کردووە کە نووسینگەکانیان بەکار بهێنن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. دوای دەستگیرکردنی چوار ساڵ لەمەوبەر، عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕابەری پەکەکە داوای لە لایەنگرانی کرد چەکەکانیان دابنێن.

ئەمرۆ، پەکەکە هێندە دوور چووە کە باوەشی کردووە بە داگیرکاری کۆلۆنیالی ئەمریکا بۆ عێراق! -فاینانشیاڵ تایمز- (١٥ی نیسان) ڕاپۆرتی دا کە سەرکردەیەکی پەکەکە "وتی بزووتنەوەکە خواستەکانی بۆ دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردەکان وەلاناوە" و ئێستا "دەیەوێت دیالۆگ لەگەڵ واشنتن دروست بکات بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتی دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست." بابەتێکی ٢٥ی نیسان بە زمانی ئینگلیزی لە ماڵپەڕی "چاودێری کورد" لێدوانێکی کادێک (پەکەکە) بەم شێوەیە دەگوێزێتەوە: "دەستێوەردانەکەی -ئەمریکا- تەنها کاتێک سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر ڕێگا بۆ باشترکردنی بەها هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی بکاتەوە.... بۆیە بۆ ئەمریکا تەنها ڕێگا ئەوەیە دەرفەت بدات بە ڕژێمە دیموکراتییەکان کە دامەزرێن و پشتگیریان بکات." لیستە درێژەکەی داواکارییە دیموکراتییەکانی پەکەکە کە دوای ئەو وتەیە دێت تەنانەت ئاماژە بە داواکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئیمپریالیستەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست ناکات – کە سەرسوڕهێنەر نییە لەبەر ئەوەی پەکەکە ئیمپریالیستەکان وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەیان!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق/ئێران(WCPI) ، کە ئێمە بەتایبەتی لە کەنەدا پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە کە بنکەیەکی دیاریکراوی لە کوردستانی عێراق و ئێران هەیە، هەروەها لیستێکی داواکارییە دیموکراتییەکانی بڵاو کردەوە کە دەیانەوێت لە عێراقدا جێبەجێ بکرێن (ڕاپۆرتیWCPI ، ٢٨ی نیسان). وەک شێوازی ئاساییان، ئەوان بە سادەیی پرسی کورد پشتگوێ دەخەن. ئەی ڕوو لە کێ دەکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان؟ WCPI داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەکات بەڵام دەیەوێت بە "دەستتێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان" جێگەیان بگرێتەوە بۆ "پاراستنی بارودۆخی ئازاد و ئارام." لە جەنگی کۆریاوە لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣ تا جەنگی کەنداوی ١٩٩١ دژی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ نییە جگە لە ئامرازێک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هێزە ئیمپریالیستە گەورەکان دەکات. گەلی عێراق بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەلایەن گەمارۆی ئابووری کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەپاندبووی برسی کران، ڕۆژانە بۆردومان دەکران لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاوە کە لە "ناوچە دژە فڕین"ەکاندا کاریان دەکرد، و پشکنەرانی چەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سیخوڕییان بەسەر عێراقەوە دەکرد و یارمەتیان دا دڵنیا ببنەوە کە تا ئەوپەڕی توانا بێ بەرگری بێت لە بەرامبەر پەلاماری ئەمریکادا. ئێستا WCPI چاوی لە نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ هێنانی دیموکراسی بۆ عێراق!

لە ماوەی جەنگی ساردا، کاتێک یەکێتی سۆڤیەت ڕووبەڕووی دەوروبەرگرتنی دوژمنکارانە لەلایەن وڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە بووەوە، هێزە ناسیۆنالیستە وردە-بۆرژواکان وەک ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین یان کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا (ANC) زۆر جار لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە پشتگیرییان لە مۆسکۆ وەردەگرت، کە هەندێک مەودای مانۆڕکردنی پێدەدان. پەکەکە بڕێکی کەم پشتگیری سەربازی لە سوریای دۆستی سۆڤیەت وەرگرت. بەڵام دوای لەناوچوونی دژە شۆڕشگێڕانەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢، ناسیۆنالیستە وردە-بۆرژواکان پێ لە هەوادا مانەوە. ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین وەڵامی دایەوە بە ڕوانینێکی زیاتر و زیاتر بۆ واشنتن بۆ ناوبژیوانیکردنی ڕێککەوتنێک، کە بە هیچ شێوەیەک ئازاری فەلەستینییەکانی کەم نەکردۆتەوە. لە باشووری ئەفریقا، ANC-ی ئێستا بۆرژوا-ناسیۆنالیست سەرۆکایەتی سیستەمێکی نیو-ئاپارتاید دەکات کە تیایدا جەماوەری ڕەشپێست هێشتا هەر بە هەمان شێوە چەوسێنراوە و چەوساوەتەوە - لەلایەن هەمان چینی دەسەڵاتداری سپی پێست - وەک لە سەردەمی ئاپارتاییدا. لە ئەگەرێکی زۆر کەمدا ئەگەر پەکەکە بەهەر شێوەیەک سەرکەوتوو بێت لە ڕێککەوتن لەگەڵ بۆرژوازی تورکیا، تەنها پێگە نوێیەکەی دەسەڵات بەکار دەهێنێت بۆ چەوساندنەوەی گەلەکەی خۆی و خزمەتکردن وەک جەندرمەی کورد بۆ دەوڵەتی تورکیا. ئەمە بەرنامەی ناسیۆنالیزمی وردە-بۆرژوازییە.

ئەزموونی مێژوویی زۆر هەیە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە ڕوانگەی ئێمە بۆ خەباتی چینایەتی یەکگرتووی پرۆلیتاریای فرەنەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها خەونێکی خەیاڵی نییە. ئێمە وتارێکی دوو بەشیمان لەWV ژمارەکانی ٧٤٠ و ٧٤١ (٢٥ی ئاب و ٨ی ئەیلولی ٢٠٠٠) بڵاو کردەوە کە پێشنیاری دەکەم لەم بارەیەوە بیخوێننەوە؛ نەریتی دەوڵەمەندی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەیە و نیوێک دوای جەنگی جیهانی دووەم پیشان دەدات و بیرۆکەیەک دەدات دەربارەی ئەو دەرفەتە گەورانەی کە بۆ کەمینە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان و هەروەها ژنان دەیخستە ڕوو.

نموونەیەکی خەباتی چینایەتی یەکگرتوو کە لەو وتارەدا باس نەکراوە لە ساڵی ١٩٩١دا دەرکەوت کاتێک ٤٨،٠٠٠ کرێکاری کانی خەڵووز لە شاری زۆنگولداکی تورکیا مانیان گرت لەو کاتەدا کە حکومەتی تورکیا خۆی ئامادە دەکرد بۆ هێرش بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سەر عێراق. مانگرتنەکە لە پرسە ئابوورییەکان تێپەڕی و داوای "نا بۆ جەنگ!"ی کرد. مانگرتنی هاوپشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی کوردنشین و لەناو کرێکارانی تورکدا ڕوویدا؛ ڕاپۆرت کراوە کە کرێکارانی کان داوای مافی کوردیان کردووە بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان.

کورد تەنها قوربانی بێدەسەڵاتی خیانەتی دووبارە نین، هەرچەندە ئەگەر تەنها سەیری مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەیت لەوانەیە ئەو بیرۆکەیەت لا دروست ببێت. چینێکی کرێکاری کوردی بەرچاو هەیە کە مێژوویەکی خەباتی توندی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و ناوەندە ستراتیژییەکانی تردا هەیە. بەڵام زۆربەی پرۆلیتاریای کورد لە دەرەوەی کوردستان لە ناوەندە پیشەسازییەکانی وەک ئیستانبوڵ و ناوچە کانزاییەکانی باشووری تورکیا، هەروەها بەغدا دەبینرێن - لانیکەم پێش ئەوەی بە گەمارۆ برسی بکرێت و بۆردومان بکرێت. لە ناوەندە شارنشینەکاندا، لەناو پرۆلیتاریای پیشەسازیدا، ئەو هێزە هەیە کە دەتوانێت ڕابەرایەتی گەلی کورد بکات بۆ ئازادی.

سەدان هەزار کوردی تر لەگەڵ تورکەکان لە کانە خەڵووزەکان، کارگە کانزاییەکان و کارگە کیمیاییەکانی ئەڵمانیا و ڕۆژئاوای ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە. لە ئەڵمانیا، دەیان هەزار کورد ئەندامی یەکێتییە کرێکارییە بەهێزەکانن لەگەڵ برا و خوشکە چینایەتییە ئەڵمانی و تورکەکانیان. لە سەرانسەری ئەوروپا، کرێکارانی کۆچبەر بوونەتە ئامانجی هەڵمەتە ڕەگەزپەرستەکان کە لەلایەن حکومەتە "چەپ"ەکانەوە نەک کەمتر لە حکومەتە ڕاستڕەوەکان دەستپێکراون، کە هەوڵ دەدەن ڕەگەزپەرستی بەکار بهێنن بۆ دابەشکردنی چینی کرێکار و بێهیواکردنی. کاتێک کەشتییەکی بارهەڵگر کە ٩٠٠ پەنابەری کوردی هەڵگرتبوو دوو ساڵ لەمەوبەر لە باشووری فەرەنسا کەوتە سەر وشکانی، حکومەتی هاوپەیمانێتی بەرەی گەلی لەو کاتەدا کە لە سۆسیالیست، کۆمۆنیست و سەوزەکان پێکهاتبوو هەموو پەنابەرە کوردەکانی خستە کەمپەوە کە لەلایەن سوپاوە پاسەوانی

دەکرا. گروپە چەپەکانی تورکیا و ناسیۆنالیستە کوردییەکان، لەوانە پەکەکە، لە ئەڵمانیا قەدەغە کراون. تەنانەت دوای دوو یان سێ نەوە لە وڵاتەکەدا، زۆرێک لەوانەی ڕەچەڵەکی تورکی یان کوردییان هەیە ناتوانن ببنە هاوڵاتی ئەڵمانی بەپێی یاسا ڕەگەزپەرستەکانی هاوڵاتیبوون.

هاوڕێکانمان لە فەرەنسا، ئەڵمانیا و شوێنەکانی تر جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووەتەوە کە کرێکارانی کۆچبەر بەشێکی ستراتیژی پرۆلیتاریان. ئێمە خەبات دەکەین بۆ جووڵاندنی هێزی کرێکاران بۆ ڕێگریکردن لە دیپۆرتکردنەوە و خەبات دەکەین بۆ مافی هاوڵاتیبوونی تەواو بۆ هەموان. کرێکارانی کۆچبەر لە ئەڵمانیا و سەرتاسەری ڕۆژئاوای ئەوروپا پردێکی زیندوون لە نێوان خەباتی ڕزگاربوونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی سۆسیالیستی و شۆڕشی پرۆلیتاری لە ڕۆژئاوای ئەوروپای ئیمپریالیستی. کلیلەکە لە دروستکردنی سەرکردایەتییەکی نێونەتەوەییدایە کە لەسەر شێوازی پارتی بۆلشەڤیکی لینین بێت، کە نەتەوە چەوساوەکانی "بەندیخانەی گەلانی" دەسەڵاتی قەیسەری ڕزگار کرد بە ڕابەرایەتیکردنی پرۆلیتاریا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە شۆڕشی ڕوسیای ١٩١٧دا.

## میراتی 'دابەشکە و حوکم بکە'ی ئیمپریالیستی

وەک باسم کرد، دابەشکردنی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێک بەریتانیا و هێزە کۆلۆنیالیستەکانی تر سنووری عێراق و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشا. پێداچوونەوەی ئەم مێژووە سوودبەخشە، نەک تەنها بۆ ئاشکراکردنی کارکردنی زاڵبوونی ئیمپریالیستی؛ هەروەها کاریگەری گەورەی شۆڕشی ڕوسیا لەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆن ئەو کاریگەرییە یارمەتی شێوەدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرنی دا پیشان دەدات. پرەنسیپی ڕێنیشاندەر بۆ ئیمپریالیستەکان "دابەشکە و حوکم بکە" بوو. عەرەبەکانی فەلەستین، لەوانەش ئەوەی ئەمڕۆ ئوردونە، دەیانویست لەگەڵ عەرەبەکانی ئەوەی ئێستا سوریا و لوبنانە یەکگرتوو بن؛ ئەوان بەسەر چەند وڵاتێکی جیادا دابەش کران. لەوەی ئێستا عێراقە، موسڵمانانی شیعە و سوننە و کورد و تورکمان دەیانویست بە جیا بژین؛ ئەوان ناچارکران لەژێر یەک سەقفدا بژین.

تەنانەت پێش تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم، ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا دەستکەوتەکانی سەرکەوتنی چاوەڕوانکراویان لە ڕێککەوتننامەی نهێنی سایکس-پیکۆی ١٩١٦دا بەسەر خۆیاندا دابەش کرد. بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامەیە لەلایەن دەوڵەتی کرێکاری بۆلشەڤیکەوە پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیستەکانی ئاشکرا کرد و کاریگەرییەکی تاسێنەرانەی لە سەرانسەری ناوچەکەدا هەبوو. هاوکات، بەریتانییەکان بە نهێنی بەڵێنیان بە شەریف حوسێنی مەککە دا کە دەتوانێت ببێتە پاشای دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو

له بەرامبەر لایەنگری لە بەریتانیا. ئەم بەناو "شۆڕشی عەرەب"ە دژی تورکەکان لە ڕووی پڕوپاگەندەوە بۆ بەریتانییەکان گرنگ بوو، چونکە ئەو سەربازانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا پێویست بوون، سوپاکانی هیندستان و میسر، بە شێوەیەکی سەرەکی لە کۆیلە موسڵمانەکانی بەریتانیا پێکهاتبوون؛ زۆرێکیان جەنگ دژی عوسمانییەکانیان وەک جەنگێک دژی ئیسلام دەبینی.

بێگومان، هەموو ئەم بەڵێنە سووکایەتی ئامێزانە - تەنانەت بەریتانییەکان لە ڕاگەیاندنی بالفۆردا بەڵێنیان دا نیشتمانێکی جوولەکە لە فەلەستین بە زایۆنیستەکان ببەخشن - لەگەڵ یەکتردا دژ بوون. بەڵێنی دەوڵەتی تایبەت بە کوردیش درا - هەرچەندە دەوڵەتێکی ناتەواو - لە پەیماننامەی سیڤەری ١٩٢٠دا. بەڵام تەنانەت ئەو دەربڕینە شێوێنراوەی مافی چارەنووسی نەتەوەییشیان پێ نەدرا. تا ساڵی ١٩٢٠، ڕوون دەبووەوە کە ویلایەتی (پارێزگای) پێشووی عوسمانی موسڵ، کە لەژێر پەیماننامەی سایکس-پیکۆدا درابوو بە فەرەنسا، نەوتێکی زۆر زیاتری هەبوو لەوەی لە سەرەتادا بیری لێ دەکرایەوە. بۆیە بەریتانیا بڕیاری دا بیهێڵێتەوە، وڵاتێکی نوێی بەناوی عێراق دروست کرد کە بنەڕەتییانە لەگەڵ ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیادا یەکی دەگرتەوە. بە هەرحاڵ، لەوانەیە ئەمە بە سەرنجڕاکێش بزانن: لە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی عێراق بۆ نەوتەکەی، ئەو پێشینەیەی بەکارهێنرا "ئەو شێوازە بوو کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان مامەڵەی لەگەڵ فرۆشتنی زەوییەکانی هیندییە سوورەکانی ئۆساج- Osage کردبوو" (ئێدیت و ئی.ف. پێنرۆز، عێراق [١٩٧٨]). دابەشکردنی کوردستان بە دروستی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە پەسەند کرا، کە لینین ناوی نابوو "لانەی دزان." ئەو کارەی کرا بەهەمان شێوە ئەمڕۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەیکات - وەک پەردەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم.

لەو کاتەدا، شۆڕشی بۆلشەڤیک - و درێژبوونەوەی بۆ ئاسیای ناوەڕاستی زۆرینە موسڵمان لە ماوەی جەنگی ناوخۆی خوێناوی سێ ساڵەدا دژی سوپا سپییە دژە شۆڕشگێڕەکانی پشتگیریکراو لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە - زنجیرەیەک شۆڕشی نەتەوەیی و ڕاپەڕینی جەماوەری لەو ناوچە بەرفراوانەدا بەرپا کرد کە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە داگیر کرابوو لە میسرەوە بۆ ئەوەی بە (هلال الخسیب) تا ئێران. تورکەکان، لەژێر سەرکردایەتی مستەفا کەمال (ناسراو بە ئەتاتورک)، جەنگێکی نەتەوەییان بەڕێوە برد - بە پشتگیری هێزی سۆڤیەت لەژێر سەرکردایەتی لینین - بۆ دەرکردنی سوپای یۆنانی پشتگیریکراو لەلایەن بەریتانیاوە و دڵنیابوون لە سنوورەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی تورکیا، لەوانە کوردستانی باکوور. (بە هەرحاڵ، ئەتاتورک لەلایەن کوردەکانی تورکیاوە پشتگیری لێکرا، کە پاداشتیان بە سەرکوتکردنی بێبەزەییانە درایەوە.) لە میسر، کاتێک مانگرتن و خۆپیشاندان وڵاتەکەی لە ساڵی ١٩١٩دا داگرت، چاودێرێک ڕاپۆرتی دا کە "هەواڵی سەرکەوتن یان براوەیی بۆلشەڤیکەکان" لە جەنگی ناوخۆی ڕوسیادا "وا دیارە ئازار و خۆشییەک لە هەموو چینەکانی میسرییەکاندا دروست دەکات" (حەنا بەتاتوو،

(چینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی عێراق- [١٩٧٨]). هەروەها لەساڵی ١٩١٩ یاخیبوونێکی ئاشکرا لە پەنجاب لە هیندستان سەریهەڵدا؛ سەدان کەس لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە گوللەباران کران. هەمان ساڵ، کوردەکان ڕاپەڕین دژی داگیرکاری بەریتانیا. کوردێک ڕایگەیاند: "ئێمە هیچ دەسەڵاتێکی بیانیمان بەسەرەوە نابێت، ئێمە بۆلشەڤیکین و خۆمان حوکمی خۆمان دەکەین" (داڤید مەکدۆواڵ، -مێژوویەکی مۆدێرنی کورد- [١٩٩٦]) (David McDowall, *A Modern History of the Kurds* [1996]). بەریتانییەکان ڕاپەڕینی کوردیان سەرکوت کرد، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بۆردومانی ئاسمانییان دژی هاوڵاتیان بەکارهێنا. یەکێک لەوانەی کە سەرەتای کاری بە بۆردومانکردنی خێزانە کوردەکان دەستپێکرد ئارسەر هاریسی "بۆمبهاوێژ" بوو، تاوانباری جەنگی دڵڕەق کە دواتر سەرپەرشتی ئاگربارانکردنی درێسدنی-Dresden کرد. ٨٠ ساڵ پێش ڕامسفێڵد، وینستۆن چەرچڵ، کە وەزیری جەنگ و هێزی ئاسمانی بوو، پێشوازی لە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی دژبە ڕاپەڕینەکانی دژ بە کۆلۆنیالیی بەریتانیا کرد بۆ ڕێگەدان بە "کەمکردنەوەیەکی زۆر گەورە لە قەبارە و لە ئەنجامی تێچووی پاسەوانی و مانەوەیان" (مارتین گیلبەرت، وینستۆن س. چەرچڵ، بەرگی چوارەم [١٩٧٨]).

ساڵی دواتر، عەرەبەکانی میزۆپۆتامیا (باشووری عێراق) ڕاپەڕین و بەرەنگاری زیاتر لە ١٣٠،٠٠٠ سەربازی بەریتانی بوونەوە، کە ٢٥٠٠ قوربانی لێکەوتەوە. پێش ئەوەی ڕاپەڕینەکەیان لە خوێندا بخنکێنرێت. چەرچڵ داوای بەکارهێنانی بۆمبی گازی خەردەلی دەکرد دژی یاخیبووانی عێراق؛ لە جیاتی ئەوە بڕیاردرا بە گوللەی تۆپی گازی ژەهراوی بۆردومان بکرێن. لەوانەیە ئەو نموونەیە یارمەتی هاندانی سەدام حوسێنی دابێت کاتێک بە نۆرەی خۆی ئەویش بە گازی ژەهراوی کوردی بۆردومان کرد.

لەو کاتەدا، مشتومڕێک لە پشت دەرگا داخراوەکانی حکومەتی بەریتانیاوە بەڕێوە دەچوو لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە داگیر کرابوون. مشتومڕەکە لەلایەن ئەو ڕاپەڕینانەوە شێوە درابوو کە ناوچەکەیان داگرتبوو و لەلایەن سەرکەوتنەکانی بۆلشەڤیکەکان لە جەنگی ناوخۆ دژی سوپا سپییە دژە شۆڕشگێڕەکان و ئەو سەربازە ئیمپریالیستانەی کە نێردرابوون بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ڕوسیا.

هەندێک کۆلۆنیالیست وەک چەرچڵ بەڵگەیان دەهێنایەوە کە کەمتری تێدەچێت و سەقامگیرتر دەبێت ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی فەرمی دابمەزرێنن و زاڵبوونی ئیمپریالیستی لە ڕێگەی حوکمی ناڕاستەوخۆوە بسەپێنن. بەڵام فەرمانڕەواکانی هیندستانی بەریتانی کە زاڵ بوون دژی هەر چاوپۆشییەک لە ناسیۆنالیزمی هەڵکشاو بوون، کە دەترسان نموونەیەکی مەترسیدار لە هیندستان و باقی ئیمپراتۆریەتدا دابنێت.

سەرنجڕاکێشە کە شوێنی ئەم مشتومڕە لە بەڵگەنامە کەسییەکانی چەرچڵدا بدۆزینەوە. چەرچڵ سەرقاڵی مەترسی ئەوە بوو کە ئەوەی پێی دەوت "باسیلی- bacillus " بۆلشەڤیزم هیندستان تووش بکات. ئەو بۆ وەزیری دەرەوەی نووسی: "لەناوچوونی لینین و ترۆتسکی و ئەو سیستەمەی کە پێکیان هێناوە بۆ ئاشتی و زیندووبوونەوەی جیهان پێویستە" (ئارۆن کلیمان، -بنەماکانی سیاسەتی بەریتانیا لە جیهانی عەرەبیدا- [١٩٧٠]).

بەریتانییەکان پشتیان بە جۆرجیا و دەوڵەتانی تری ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لە قەوقاز بەستبوو بۆ ئەوەی وەک بەربەستێک خزمەت بکەن لە نێوان شۆڕشی ڕوسیا و ئەو خاکانەی لەژێر داگیرکاری کۆلۆنیالی بەریتانیادا بوون. لەگەڵ پێشڕەوی سوپای سوور دژی سەربازەکانی جەنەراڵ دینیکینی پشتگیریکراو لەلایەن بەریتانیاوە، چەرچڵ لە شوباتی ١٩٢٠دا بە شڵەژاوی نووسی کە هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق "بە تەواوی وەک پێویستنین بۆ ئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرمان هەبێت لە بەرامبەر پێشڕەوی بۆلشەڤیکدا پێش سنوورە سەرەکییەکانی هیندستان." لە نیساندا، سوپای سوور هێزەکانی دینیکینی لەناوبرد؛ کۆمارێکی سۆڤیەت لە باکۆ ڕاگەیەنرا. چەرچڵ نووسی: "ئایا دەبێت بەرگری لە فارس بکەین یان نا؟ ئەگەر نەیکەین، فارس لەلایەن بۆلشەڤیزمی ڕوسییەوە بێ ورە دەکرێت.... ئەگەر بیکەین، بە گشتی، خۆمان لە تێوەگلانێکی زۆر بەرچاو و نادیاردا دەبینینەوە".

لەو کاتەدا، بۆلشەڤیکەکان، بە دژە هێرش دژی داگیرکاری پۆڵەندای پیڵسۆدسکی، گەیشتنە دەروازەکانی وارشۆ، بە هیوای ڕاکێشانی سوپای سوور بۆ سنووری ئەڵمانیا و هەڵگیرساندنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا. بەڵام سوپای سوور پاشەکشێی پێکرا. لە تشرینی یەکەمدا، چەرچڵ بە ئاسوودەییەوە نووسی: "ئێمە باش تێدەگەین لەو مەترسییە ترسناکانە کە بە موعجیزە لە جەنگی وارشۆدا ڕزگارمان بوو." لە کۆتایی ساڵدا، نزیکەی هەموو سوپا بیانی و سپییەکان لە خاکی سۆڤیەت دەرکرابوون. یاخیبوونەکەی باشووری عێراق سەرکوت کرابوو. بەریتانییەکان ئێستا بە خێرایی جووڵان بۆ دروستکردنی هێڵێکی نوێ لە دەوڵەتە سەربەخۆ فەرمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کۆنووسی کۆبوونەوەی کابینەی ٣١ی کانوونی یەکەم ڕاپۆرتی دا کە حکومەت ئێستا پێشنیارێکی وەرگرت بۆ کردنی کوڕی شەریف حوسێن، فەیسەڵ، بە پاشای میزۆپۆتامیا:

"هاتنی ئەو دەبێتە هۆی ڕازیکردنی هەستی نەتەوەیی بۆ ساڵێک یان دوو ساڵ و هێشتنەوەی وڵات بە ڕازیبوون، کە لەو حاڵەتەدا دەکرێت سوپای داگیرکەر کەم بکرێتەوە.... "ئاماژە بەوە کرا، ئەگەر فەیسەڵ بە ڕەزامەندی عەرەبەکان بکرێتە پاشا، لەوانەیە میزۆپۆتامیا ئارام ببێتەوە و ئەوکات بەڕێوەبردنی بە بەراورد بە ئێستا ئاسان دەبێت." - گیلبەرت، -وینستۆن س. چەرچڵ، بەرگی چوارەم-

له ئازاری ۱۹۲۱دا، جەنگی ناوخۆ وەک جەنگێکی ماندووکەر بە سەرکەوتنی بۆلشەڤیکەکان کۆتایی هات. لینین سیاسەتی ئابووری نوێی دەستپێکرد، کە وەک پاشەکشەیەکی کاتی و سەقامگیرکردن دانرابوو. هەمان مانگ، هێڵەکانی نەزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبیدا لە کۆنفرانسێک لە قاهیرە کێشران. لەگەڵ چەرچڵ، کە ئێستا وەزیری کۆلۆنیالی بوو، سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی دەکرد، دابەشکردنی کۆتایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام درا: پاشایەتی عێراق درایە فەیسەڵ. پارچەیەک لە خاکی فەلەستین پچڕاو ناونرا ترانس-ئوردون (ئەمڕۆ ئوردونە) و وەک پاشایەتییەک پێشکەش بە عەبدوڵڵا، برا گەورەی فەیسەڵ کرا. ساڵی پێشتر، فەرەنسا لوبنانی لە سوریا جیا کردبووەوە. نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر وەک ئەوەی ئەمڕۆ کێشرابوو.

## کورد و هەڵوێستی لینینیستی لەسەر پرسی نەتەوەیی

سیاسەتی "دابەشکە و حوکم بکە" کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو بەوەی ناوچە کۆلۆنیالکراوەکان کەوتنە دژایەتیکردنی یەکتر لە جیاتی دژی گەورە ئیمپریالیستەکان. کاتێک ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ساڵانی ۱۹۲۰ و ۳۰دا گەشەی کرد، نموونەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسای ۱۷۸۹ی نەگرتە بەر، بەڵکو یەکگرتنەکەی بیسمارک بۆ ئەڵمانیای کردە نموونە. (زایۆنیستەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ بیسمارک - ئەمە "دروستکردنی نەتەوە"یە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا.) هەموو پیاوێکی بەهێزی عەرەب، لە پاشا فەیسەڵی عێراقەوە بۆ جەمال عەبدولناسری میسر تا سەدام حوسێن، خۆی وەک بیسمارکی عەرەب دەناساند، کە عەرەبەکان لە دەوڵەتێکی تاکدا یەک دەخات. بەم شێوەیە بەناو "شۆڕشی عەرەبی" ئاراستە نەکرابوو دژی ئیمپریالیستەکان یان چینە سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە جیاتی ئەوە، کورت کرایەوە بۆ یارییەکانی هێز لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە کە هەوڵی زاڵبوون بەسەر دراوسێکانیاندا دەدەن، لە هەمان کاتدا سەرکوتکردنێکی دڕندانە دژی چینی کرێکار و کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و ئیتنیکییەکان ئەنجام دەدەن.

وەک هەموو شوێنێک، هەوڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەسپاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوجۆر لەژێر هەژمونی سەرمایەداریدا مانای "پاکتاوکردنی ئیتنیکی" کەمینە نەتەوەییەکانی وەک کورد دەگەیەنێت - تواندنەوەی زۆرەملێ یان تیرۆری چەکداری بۆ دەرکردنیان لە زێدی خۆیان. حیزبی بەعس - ناسیۆنالیستی کلاسیکی عەرەب کە لەلایەن سوریای ئەسەد و عێراقی سەدام حوسێنەوە نوێنەرایەتی دەکرا - بە تەواوی لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا بوون، بەڵام لە تورکیا و ئێران، نەوەک لەو خاکانەی کە بۆ نەتەوەی عەرەبیان داوا دەکرد: "نەتەوە بەخشندەکەی عەرەب هەموو ئەم کەمینانەی لەژێر پاراستنی خۆیدا گرتووە... بۆ ئەوەی بژاردەیان بۆ بهێڵێتەوە کە یان لە نیشتمانی

عەرەبیدا بمێننەوە یان کۆچ بکەن" (یوریێل دان، -عێراق لەسایەی قاسمدا- [١٩٦٩ Uriel) Dann, *Iraq Under Qassem* [1969]

بێگومان، ئەمە بە هەمان شێوە هەڵوێستی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانە سەبارەت بە جوولەکەکانی ئیسرائیل، یان بە وردتر، خەڵکی عیبری زمان. لە هەمان مشتومڕی دژی ئێمەدا، کۆمەڵەی پارتی شۆڕشگێڕ – League for the Revolutionary Party (LRP))، هەڵوێستی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکەی وشە بە وشە دووبارەکردنەوەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانە، بەم شێوەیە دەربڕی: "دەکرێت بوترێت ئەو ئیسرائیلییانەی نایانەوێت لە دەوڵەتی کرێکاریی فەلەستینیدا بژین مافی ڕۆیشتنیان دەبێت" (شۆڕشی پرۆلیتاری، بەهاری ٢٠٠٢). وتارەکەی LRP تەنانەت باسی مافەکانی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی یان کەمینە نا-موسڵمانەکان، یان نا-عەرەبەکان وەک کورد ناکات، چ جای بەرگری لێ بکات.

ئەم نابینابوونە بەرامبەر پرسی کورد ڕووداوێکی ڕێکەوت نییە و تەنها سنووردار نییە بە LRP. کورد تا ڕادەیەکی زۆر بۆ زۆربەی چەپی نێودەوڵەتی نادیارن. وا نییە کە کورد لە هەواڵەکاندا نەبووبن. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٩٩دا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە دەستگیر کرا - بە ڕۆڵێکی سەرەکی لەلایەن-CIA وە - و لە دادگایەکی ساختەی تورکیا حوکمی مەرگی بەسەردا سەپێنرا. دەیان هەزار کەس لە خۆپیشاندانە کتوپڕەکاندا لە سەرانسەری جیهاندا بەشدارییان کرد دژی دەستگیرکردنی و دواتر دژی بڕیارکە. ICLدەستەی لەو خۆپیشاندانانەدا ڕێکخست و بەفراوانی ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە لەلایەن هاوڕێیانی پارتی کرێکارانی سپارتاکۆستی ئەڵمانیاوە دەرچووبوو بە زمانی تورکی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، فەرەنسی و ئینگلیزی بڵاوکرابووەوە. بەڵام گروپەکانی تری چەپ لە زۆرێک لەو خۆپیشاندانانەدا ئامادەنەبوون. WV زنجیرەیەک وتاری لەلاپەڕەی یەکەمیدا بڵاو کردەوە کە داوای "ئازادی بۆ ئۆجەلان!" دەکرد. بەڵام دەتوانیت بە بێهوودەیی لە ژمارە کۆنەکانی -شۆڕشی پرۆلیتاری-LRP دا بگەڕێیت بۆ هەر مانشێتێک دەربارەی ئەم ڕووداوانە.

تەنانەت گروپێک دژی سەربەخۆیی کوردستان دەردەچێت، ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک(IBT) ، گرووپێک کە ڕێبەرو دامەزرێنەرەکانی لە ساڵانی ١٩٨٠دا لەژێر فشاری هەڵمەتی دژە سۆڤیەتی جەنگی ساردی ڕیگان لە ڕێکخراوەکەمان کشانەوە IBT . کە بانگەشەی پشتیوانی لە "مافی دیاریکردنی چارەنووسی" کورد دەکات، لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕایگەیاند کە بانگەوازی پەکەکە "بۆ کوردستانێکی سەرمایەداری سەربەخۆ دژی خواستی بۆرژوازی لاوازی کورد و لەگەڵ بێلایەنی زۆربەی گەلی کورد، هیچ مانایەکی نییە" ( ڕۆژنامەی١٩١٧، ساڵی ١٩٩٣.) IBT وانەی دەدا کە کوردستانێکی سەربەخۆ "کۆمەڵگەیەک دەبێت کە تایبەتمەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە پێش-

سەرمایەدارییەکانی هەیە. بەهۆی دواکەوتووییەوە، کوردستانێکی سەربەخۆ خۆی لەژێر ڕەحمەتی هێزە هەرێمییەکان و هەروەها ئیمپریالیستەکان دەبینێتەوە".

ئەمە ئەوەندە ملکەچبوونێکی ئاشکرایە بۆ نەخشەی ئیمپریالیستەکان و بۆ شۆڤێنیزمی نەتەوەیی دەوڵەتە بەکرێگیراوەکانیان کە خەریکە مرۆڤەکان بەتەواوی بێدەنگ بکات. با ئاماژە بەوە بکەم وتارەکەی IBT لە ڕۆژنامەی هاوڕێکانیان لە ئەڵمانیاوە دووبارە چاپکرایەوە، کە لەوێ بۆرژوازی و جێگرە سۆسیال دیموکراتەکانیان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا - بە توندی دژی ناسیۆنالیزمی کوردن. تەنانەت نیشاندانی ڕەنگە نەتەوەییەکانی کورد لە ئەڵمانیادا نایاساییە، وەک لە تورکیا. بۆ وەڵامدانەوەیIBT ، با بگەڕێینەوە بۆ پرەنسیپە بنەڕەتییە لینینیستییەکان:

ئێمە دژی ناسیۆنالیزمین وەک ئایدیۆلۆژیایەک، ئایدیۆلۆژیایەکی بۆرژوازی کە دژی پرەنسیپی خەباتی چینایەتییە؛ ناسیۆنالیزم مانای یەکێتی هەموو چینەکانە لە بەرگریکردن لە نەتەوە. بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەک بێلایەن نین بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی. لە ڕاستیدا، لەم پرسەدا وەک لە هەموو پرسەکانی چەوساندنەوەدا، ئێمەی مارکسیست توندترین خەباتکارین بۆ ڕزگاری. خاڵی دەستپێکی ئێمە یەکسانی ڕەهای نەتەوەکانە؛ ئێمە بەرگری لە مافی هەموو نەتەوەکان دەکەین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان؛ ئەمە مانای مافی جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە. ئەمە بۆ هەموو نەتەوەکان دەگونجێت. ئێمە مەرجی پێشوەختە دانانێین وەک IBT لەو وتەیەدا کە تازە خوێندمەوە، داوا دەکات پێش ئەوەی کورد سەربەخۆ بن دەبێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە "دواکەوتووەکان" ڕزگاریانبێت و لەژێر "ڕەحمەتی" هێزە ئیمپریالیستەکاندا نەبن - کە لە هەر حاڵەتێکدا بۆ وڵاتانی بچووک لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا ناگونجێت.

یەکەم و گرنگترین، ئێمە دەمانەوێت پرسی نەتەوەیی لە بەرنامەی کار لابەرین. ئێمە بە خەڵکی کرێکاری نەتەوە چەوساوەکان دەڵێین: پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بۆ مافە دیموکراتییە نەتەوەییەکانتان خەبات دەکات؛ لە چەوسێنەرە سەرمایەدارەکانتان جیا ببنەوە و لە سەرووی سنوورە نەتەوەییەکانەوە بێنە پاڵ ئێمە لە خەباتی چینایەتی هاوبەش دژی دوژمنە هاوبەشەکەمان، چینی سەرمایەدار. وەک ڕێسایەکی گشتی، ڕێبازی ئێمە لەم پرسەدا بنەڕەتییانە نەرێنییە. ئێمە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیین و بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خەبات دەکەین. بەڵام ئەمە بە پێویستی مانای ئەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو مافەین، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لینین ئەمەی بە تەڵاق بەراورد کرد: ئێمە لەگەڵ بەرگریکردنین لە مافی تەڵاق، بەڵام بە پێویستی لەگەڵ ئەوە نین کە جووتێکی دیاریکراو تەڵاق بدەن.

بەڵام حاڵەت هەن کە تیایاندا ئێمە لەگەڵ سەربەخۆیی نەتەوەییداین. دیسانەوە، خاڵی دەستپێکی ئێمە پرسی ئەوەیە کە چی لە بەرژەوەندی خەباتی شۆڕشی سۆسیالیستیدایە

- بیر لەوە بکەنەوە، ئێمە دەمانەوێت پرسی نەتەوەیی لە بەرنامەی کار لابەرین. نموونەیەک لەم بارەیەوە کیوبێکە، نەتەوەیەکی چەوساوە لەناو کەنەدادا (کە ناوچەی سەرەکیIBT یە، بە هەرحاڵ). لەوێ، دابەشبوونی نەتەوەیی پەیوەندییەکانی نێوان چینی کرێکاری کەنەدای ئینگلیزی و کیوبێکی بەو ڕادەیە ژەهراوی کردووە کە دانپێدانانی کرێکارانی هەر نەتەوەیەک بەوەی کە دوژمن سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکانی خۆیانن نەک یەکتر تەنها لە ڕێگەی دامەزراندنی کیوبێکێکی سەربەخۆوە دەتوانێت بێتە دی. ئەم پرسە لە ڕیفراندۆمێکدا یەکلا نەکرایەوە؛ بنەڕەتییانە لە ساڵی ١٩٧٠دا یەکلا کرایەوە بە دانانی یاساکانی زمانی تەنها-فەرەنسی لە کیوبێک. (ئەگەر دەتانەوێت زیاتر لەم پرسە بکۆڵنەوە، ئێمە بە قووڵی لە *سپارتاکۆست* ژمارە ٥٢، پاییزی ١٩٩٥دا باسمان کردووە IBT (.دژی سەربەخۆیی کیوبێکە، کە ملکەچبوونێکی ئاشکرایە بۆ شۆڤێنیزمی ئینگلۆ لە کەنەدای ئینگلیزیدا.

ئەی ئێستا، سەبارەت بە کوردستان؟ بێگومان ڕیفراندۆمێکی دیموکراتی لەسەر ئەم پرسە لە هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابینن. چۆن دەتوانرێت دیاری بکرێت ئایا ڕێگا هێشتا کراوەیە بۆ تواندنەوەی کورد لە نەتەوەی زاڵی عەرەبدا یان ئایا هێڵە نەتەوەییەکان زۆر قووڵ کێشراون؟ تەنها پرسیارکردن لەمە وەڵامدانەوەیەتی! مێژووی خەباتی سەرسەختانەی گەلی کورد دژی چەوسێنەرانیان - بە تێچووی زیانی مرۆیی بێ ئەژمار - بۆ زیاتر لە ٨٠ ساڵ دەگەڕێتەوە. کوردەکانی عێراق بێ پچڕان نزیکەی دژی بەریتانییەکان و ڕژێمە خۆفرۆشەکانیان لە ١٩١٩ەوە تا ساڵانی ١٩٣٠ جەنگان. سەرەڕای خیانەتی سەرکردە ناسیۆنالیستەکانیان، کورد بەردەوام بوو لە یاخیبوون دژی سەرکوتکردنی دڕندانە لەلایەن پارتی بەعسەوە دوای ئەوەی پاشایەتی پشتگیریکراوی بەریتانیا لە ١٩٥٨دا ڕووخێنرا. لە ئێران، کورد دوای جەنگی جیهانی دووەم دژی بەریتانییەکان جەنگا، کە بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی مەهاباد لە کوردستانی ئێران؛ دیسانەوە دژی کۆماری ئیسلامی خومەینی یاخیبوونیان دەستپێکردەوە.

لە تورکیا، زنجیرەیەک یاخیبوونی کوردی کە لە ساڵانی ١٩٢٠ەوە تا کۆتایی ساڵانی ٣٠ بەردەوام بوو، سەرکوت کرا و زیاتر لە ملیۆن و نیوێک کوردی تورکیا کۆمەڵکوژ کران یان دوورخرانەوە. سەرکوتکردنەکە هێندە توند بوو کە ٣٠ ساڵی پێچوو پێش ئەوەی هیچ خەباتێکی سیاسی بەرچاو خۆی دووبارە لە کوردستانی تورکیادا دەربخاتەوە. لەوەتەی یاخیبوون لە ساڵانی ١٩٨٠دا نوێ کرایەوە، زیاتر لە سێ ملیۆن کورد لە ماڵەکانیان دەرکراون. ئەمە نەتەوەیەکە کە بە بەهایەکی گران مافی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی بەدەست هێناوە. تەنها شۆڤێنیستە خۆبەزلزانەکانی هێزە گەورەکان وەک IBT دەتوانن ئەو لێدوانە قێزەونە بدەن کە گەلی کورد "بێلایەن"ن لە پرسی ڕزگاری نەتەوەییدا.

## شۆڕشی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی مێژوویی خەباتی چینایەتی هاوبەش لە نێوان کرێکارانی عەرەب و کورددا هەبووە. دەمەوێت کەمێک باسی بەرزترین خاڵی ئەو نەریتە بکەم، شۆڕشی عێراقی ١٩٥٨. ئەو شۆڕشە لە ڕۆژی باستیل - ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ - دەستی پێکرد کاتێک ڕووخاندنی پاشایەتی ڕقلێبووی دامەزرێنراوی بەریتانیا لەلایەن ئەفسەرە ئازادەکانی عێراقەوە بەهێزترین نیشاندانی توانای شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستپێکرد. چینی کرێکاری عێراق، بە چەکدارکراوی و ڕێکخراوی بەرز، بە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق) حشع(، لە لێواری دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتدا بوو. ڕۆڵێکی پێشەنگی گێڕا لە شۆڕشەکەدا لەلایەن کرێکارانی کوردەوە لە کێڵگە نەوتییەکان و پیشەسازییەکانی کەرکوک و موسڵ. بەگوێرەی یورییێل دان: "هەزاران کرێکار لە دامەزراوە نەوتییەکاندا، کە زۆربەیان کورد بوون، لقێکی خۆجێیی کۆمۆنیستیان پەروەردە کردبوو کە خاوەن پێشینەیەکی خەباتکارانەی بێوێنە بوو لە عێراقدا" (عێراق لەسایەی قاسمدا).

لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، ڕاپەڕینێکی جوتیاران دەشتە کشتوکاڵییەکانی عێراقی داگرتبوو کاتێک جوتیاران موڵکی خاوەنزەوییەکانیان دەسووتاند، دەفتەرەکانی ژمێریارییان لەناو دەبرد و دەستیان بەسەر زەویدا دەگرت. حشع کۆنترۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان، ڕێکخراوە جوتیارییەکان، یەکێتی خوێندکارانی لە دەستدا بوو. کۆبوونەوەی فراوان کە هەندێکیان زیاتر لە ملیۆنێک خەڵک بەشدارییان تێدادەکرد، لەژێر سەرکردایەتی حشع دا لە بەغدا ئەنجام دەدران. سەرۆک ئایزنهاوەر وەڵامی تەقینەوە شۆڕشگێڕییەکەی بە ناردنی مارینز بۆ لوبنان و ئامادەکاری بۆ داگیرکردنی ئەگەری عێراق دایەوە. -وۆڵ ستریت جۆرناڵ- (١٦ی تەمموزی ١٩٥٨) بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند: "ئێمە بۆ کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەجەنگین".

شۆڕشی ١٩٥٨ کاریگەرییەکی زۆری لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو، نەک تەنها لەسەر کرێکاران بەڵکو لەسەر گەلی کوردیش. یەکێک لە پێوەرەکانی ئاژاوەی شۆڕشگێڕی لە عێراقدا ئەوە بوو کە دەستووری نوێ ئاماژەی بە کورد وەک هاوبەشی یەکسان لەگەڵ عەرەب لە کۆمەڵگەدا کردبوو (بێگومان بەبێ دانپێدانان بە مافی سەربەخۆیی کورد). داڤید مەکدۆواڵ، لە -مێژووی مۆدێرنی کورد-دا David McDowall, *A Modern History of the Kurds*)، ڕایگەیاند کە شۆڕشی عێراقی ١٩٥٨ "بە ئاسانی گرنگترین و باشترین هاندەری هەستی کوردی" بوو لە تورکیا.

حیزبی شیوعی عێراق نەک تەنها پرۆلیتاریترین حیزبە کۆمۆنیستەکان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ژمارەیەکی زۆر ئەندامی لە کەمینە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانی هەبوو، لەوانە جوولەکە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٩ تا ١٩٥٥، هەموو سکرتێرێکی گشتی حشع کورد بوو، هەروەها نزیکەی سێیەکی کۆمیتەی ناوەندی. لە سەرەتاوە، حشع داوای مافی سەربەخۆیی کوردی دەکرد. بەڵام، لە ساڵی ١٩٥٥دا، کاتێک ستالینیستەکان ملکەچی ناسر و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوون، حشع ڕەخنەی لە هەڵوێستی پێشووی خۆی گرت و ڕایگەیاند کە "گەلی برای کورد هیچ بەرژەوەندییەکی نییە کە ناتەبا بێت لەگەڵ بەرژەوەندی هیچ یەکێک لە وڵاتانی عەرەبیدا" (وەرگیراوە لە کتێبی، -چینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی عێراق- حەنا بەتاتو).

لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٥٨ەوە، حشع پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی سەرۆکایەتی لیوا عەبدولکەریم قاسم ڕاگەیاند، کە ستالینیستەکان وەک "تاکە ڕێبەر" پێشوازییان لێکرد. ئەمە بەرهەمی دۆگمای ستالینیستەکان بوو لە "شۆڕشی دوو قۆناغی." ئەمە مانای دواخستنی ئامانجی شۆڕشی سۆسیالیستی بوو بۆ داهاتوویەکی دوور لە کاتێکدا ئەمڕۆ بەدوای "هاوپەیمانە" سەرمایەداری و ئیمپریالیستە "پێشکەوتووەکان"دا دەگەڕان بۆ یارمەتیدانیان لە بەدیهێنانی شۆڕشێکی بۆرژوا-دیموکراتی. ئەم بیرۆکەیەی (یەکێتی) لەگەڵ بۆرژوازی بەناو "پێشکەوتوو" چەندین جار خزمەتی سەرلێشێواندن و پاسیڤکردنی چینی کرێکاری کردووە و ئامادەی کردووە بۆ شکستی خوێناوی، لە چینەوە لە ١٩٢٧ بۆ ئیسپانیا لە ساڵانی ١٩٣٠ تا چیلی ئالێندە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠.

شکۆدارترین خاڵی شۆڕشەکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا ئەوەبوو کاتێک حشع یەک چارەکە ملیۆن کەسی لە موسڵ جووڵاند، زۆربەیان چەکدار بوون، بۆ سەرکوتکردنی کودەتایەک لەلایەن ناسرییەکان و ئەفسەرە دژە شۆڕشەکانەوە. ئەمە بووە هۆی چەند ڕۆژێک شەڕی شەقامەکان کە تیایدا کرێکاران و سەربازانی سەربە سەرکردایەتی کۆمۆنیستەکان پیلانگێڕەکان و پشتیوانە بۆرژواکانیان پاککردەوە، زۆریانیان دەستگیر کرد و هەندێکیان بە دارتێلی شەقامەکاندا هەڵواسی. چەکدارانی میلیشیای هێزی بەرگری گەل(PRF) ، کە میلیشیایەکی جەماوەری بوو لە تەمموزی ١٩٥٨دا لەلایەن قاسمەوە دامەزرابوو و بە خێرایی لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، بە شێوەیەکی بنەڕەتیی دەسەڵاتیان لە شارەکەدا گرتە دەست.

لەم خاڵەدا، حشع پشتگیری زیاتری لەناو ئەفسەرانی سەربازیدا هەبوو لەوەی بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکان کاتێک لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا دەسەڵاتیان گرتە دەست. بەگوێرەی کتێبەکەی حەنا بەتاتو، کە کاری ستاندارد لەسەر مێژووی حشعیە، ئەفسەرانی لایەنگری حشع کۆنترۆڵی فیرقەی یەکەمی ستراتیژییان لە بەسرە و ناسرییە، فیرقەی دووەمیان لە کەرکوک، لیوایەکی فیرقەی دووەمیان لە موسڵ، و چەندین یەکەی تری سوپایان لە دەستدا بوو. فەرماندەی هێزی ئاسمانی پشتگیری حشع بوو، هەروەها

نزیکەی چارەکی فڕۆکەوانەکان. ژمارەیەک لەم فەرماندە سەربازییانە داوایان لە سەرکردایەتی حشع دەکرد کە دەسەڵات بگرێتە دەست، کە بیرۆکەیەکت پێدەدات کە دەبێت کەشوهەوا لەناو ڕیزەکاندا چۆن بووبێت!.

لە سەرووی هەموویانەوە، هێزی بەرگری گەل، کە تازە هێزی خۆی لە موسڵ نیشان دابوو، بەپێی خەمڵاندنێک لە ئایاری ١٩٥٩دا ژمارەیان ٢٥،٠٠٠ کەس بوو.

ڕۆژنامەی ملیتانت کە زمان حاڵی حیزبی کرێکارانی سۆشیالیستە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاوا باسی دۆخەکە دەگێڕێتەوە:
"خەڵکی ئاسایی بەغدا دوور لەگوێڕایەڵ بوون لە ڕژێمی قاسم بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، - 'ئاپۆرە'، وەک پەیامنێرە ڕۆژنامەوانە ئەمریکییەکان پێیان دەڵێن – بەردەوام دەبن لە کۆنترۆڵی پایتەختدا. "یەکە ڕێکخراوەکانی گەنجانی کوڕ و کچ - چونکە شۆڕشەکە ژنانی عەرەبی لە کۆیلەتی چەندین سەدەیان ڕزگار دەکات - گەشت بە شەقامەکاندا دەکەن و نەزمی گشتی دەپارێزن. زیاتر لەوەش، حکومەتی قاسم بە ناڕەزایی ملکەچی داواکارییە جەماوەرییەکان دەبێت کە هێزەکانی بەرگری گەلی دەبێت چەکەکانیان بهێڵنەوە. تا ئەوکاتە دەبوایە چەکەکان دوای ڕاهێنانی هەر ڕۆژێک بگەڕێنرانەوە بۆ کۆگاکانی سوپا....
"لە عێراقدا، کرێکاران و جوتیاران ئێستا دەرفەتێکی زۆر لەباریان هەیە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی سۆسیالیستی کە دەیانخاتە سەر ڕێگای کۆتاییهێنان بە دواکەوتوویی و هەژاری وڵاتەکەیان و عێراق دەکاتە ئیلهام و هێزی ڕاکێشەر بۆ جەماوەری هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

## حیزبی شیوعی عێراق

لەناو ئاژاوەی شۆڕشگێڕیدا، دەرفەتەکان زۆر گەورە بوون تەنانەت بۆ ڕێکخراوێکی ترۆتسکیستی بچووکیش کە دەستێوەردان بکات و حشع دابەش بکات، کرێکاران و ڕووناکبیرانی بیرمەندی شۆڕشگێڕ لە ڕێبەرە چەواشەکارە ستالینیستەکانیان جیا بکاتەوە. .حشع دەستکەوتی ئەوەندە سەرسوڕهێنەری بەدەست هێنا کە لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩دا، ناچار بوو ڕاگرتنی وەرگرتنی ئەندامی نوێ ڕابگەیەنێت، چونکە لافاوی ئەندامە نوێیەکان توانای تێکەڵکردنیانی زۆر کردبوو SWP .بە وردبینییەوە تێبینی کرد (میلیتانت، ٢٠ی نیسانی ١٩٥٩) کە لەبەر ئەوەی حشع بە خێرایی لە تەمموزی ٥٨ەوە گەشەی کردبوو "لەوانەبوو کۆنترۆڵی توندی میکانیزمی بیروکراتییانە لەدەستبدات".

هەندێک بەڵگەی ناڕاستەوخۆم هەیە لەسەر جۆری ئەو گرژییانەی کە حشع-یان پەرتەوازەدەکرد – و لەوانەیە حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەو کاتەدا. ئەمە لە وتارێکەوە هاتووە کە لە سەرەتای ١٩٥٩دا نووسراوە - کاتێک شۆڕشی عێراق لە لوتکەی خۆیدا بوو - لەلایەن ماکسیم ڕۆدینسۆن،

ڕووناکبیرێکی مارکسیستی فەرەنسی کە پسپۆڕ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو کاتەدا، ڕۆدینسۆن ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا بوو یان تازە خەریکی دابڕان بوو لێی و پەیوەندی لەگەڵ چەندین ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو. ئەو نووسیتی:

"ئێمە خۆمان لەبەردەم هەمان جۆر لەو دووڕیانەدا دەبینینەوە کە بابەتی ناکۆکی زۆر تاڵ بوو لەناو سۆسیال دیموکراتە ڕووسەکاندا پێش ١٩١٧. وەک ترۆتسکی لەو کاتەدا تێگەیشت، هەروەها لینینیش وەک لە تێزەکانی نیسانیدا دەبینرێت، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەبێت شۆڕشی سۆسیالیستی ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی دژە فیودالی (و دژە ئیمپریالیستی، لێرەدا) بێت؟ یان دەبێت ڕێگە بدرێت بە ماوەیەکی درێژی بنیاتنانی سەربەخۆیی ئابووری لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا؟ "هێزە کۆمەڵایەتییەکانی پێویست بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی بوونیان هەیە." - ماکسیم ڕۆدینسۆن، -مارکسیزم و جیهانی موسڵمان (— Maxime Rodinson, *Marxism and the Muslim World (1981)*١٩٨١)

ڕۆدینسۆن لێرەدا بەردەوام دەبێت لە قبوڵکردنی دۆگمای ستالینیستی شۆڕش بە قۆناغەکان، بەڵام بێگومان لەناو سنوورەکانی ئەودا دەخورێت. ناتوانم بیسەلمێنم، بەڵام زۆر دڵنیام کە ئەم وتەیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ڕەنگدانەوەی دژایەتییە زەبەلاحەکانی ناو حیزبە ستالینیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەو کاتەدا.

لە مانگی تەممووزدا، سەرنجەکان چووبوونە سەر کەرکوک، کە لەوێدا خۆپیشاندانێکی بە سەرکردایەتی حشع گۆڕا بۆ کۆمەڵکوژی کۆمەڵگەراپانەی تورکمانەکان، کە بەرچاو بوون لە دەستەبژێری بازرگانی شارەکەدا. هیچ بەڵگەیەک نەبوو ئەو کات یان ئێستا کە سەرکردایەتی حشع ئەم کوشتارە کۆمەڵگەراپانەی هاندابێت یان پشتگیری کردبێت. بەڵام قاسم ڕووداوەکانی کەرکوکی وەک بیانوویەک بەکارهێنا بۆ سەرکوتکردنی حشع. فەرمانی دا میلیشیای ژێر سەرکردایەتی کۆمۆنیستەکان، هێزی بەرگری گەلی، هەڵبوەشێنرێتەوە، سەدان لایەنگری کۆمۆنیستی دەستگیر کرد و نووسینگەکانی فیدراسیۆنی گشتی یەکێتییە کرێکارییەکانی داخست. پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندی حشع بە خۆڕەخنەگرتنێکی زەلیلانە وەڵامی دایەوە و ڕایگەیاند کە داواکارییەکەی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا "هەڵەیەک بوو" چونکە "بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتەکە لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی" - بە واتایەکی تر، قاسمی نارازی کرد. پلینۆمەکە "ڕاگرتن"ی کاری کۆمۆنیستی لە سوپادا ڕاگەیاند، و ئاگاداری ڕیزەکانی کرد کە "پاشەکشەیەکی ڕێکوپێک" ئەنجام دەدات.

بە ڕێکەوت، هەر هەمان ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی پلینۆمەکە، ڕاگەیەنرا کە خرۆشۆف مانگی داهاتوو سەردانی ئەمریکا دەکات بۆ کۆبوونەوەیەکی لوتکە لەگەڵ ئایزنهاوەر. حەنا بەتاتو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن خرۆشۆف پرۆلیتاریای

عێراقی فرۆشت بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکەی کامپ دەیڤیدی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا خۆشتر بکات:

"لەوانەیە ئەو فاکتەرەی کە گرنگترین کێشی هەبوو لە بڕیاری پاشەکشەکردندا گوشاری حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بووبێت کە وا دیارە خستویەتیە سەر سەرکردایەتی کۆمۆنیستی عێراق. بەگوێرەی عەدنان جلمیران، ئەندامی ئەو کاتەی کۆمیتەی خۆجێیی موسڵ، ڕووسەکان لەم کاتەدا جۆرج تەللویان نارده بەغدا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی عێراقی، کە چارەسەری پزیشکی لە مۆسکۆ وەردەگرت، بە داواکارییەکی بەپەلە بۆ پارتی عێراقی کە خۆ بپارێزن لە وروژاندنی قاسم، و داواکارییەکەیان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا بکشێننەوە. وا دیارە ڕووسەکان نەیاندەویست هەموو پردەکانیان لەگەڵ ناسر ببڕن، یان سیاسەتی نوێی 'پێکەوەژیانی ئاشتیانە'یان بخەنە مەترسییەوە، یان شانسەکانی سەردانێک بۆ واشنتۆن تێک بدەن کە خرۆشۆف بیری لێدەکردەوە و لە کۆتاییدا لە ئەیلولدا ئەنجامیدا".

لە شوباتی ١٩٦٣دا، حیزبی بەعس توانی ناوبژیوانی کودەتایەکی سەربازی بکات کە قاسمی ڕووخاند و ڕێگای خۆشکرد بۆ بزووتنەوەی دژە شۆڕش. بە بەکارهێنانی لیستی کۆمۆنیستەکان کە لەلایەن-CIA خرابووە بەردەستی میلیشیاکانی حیزبی بەعس و پاسەوانی نیشتمانی، دەستکرا بە گەڕان بە ماڵاندا، لەو هەڵمەتەی بەعسێکاندا مەزەندە دەکرێت ٥٠٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست گوللەبارانکرابن و هەزارانی تر زیندانی کرابن، زۆربەیان بە شێوەیەکی ترسناک لەلایەن سەدام حوسێن و کەسانی ترەوە ئەشکەنجە دەدران.

ڕۆڵی CIA لە کودەتای بەعسی ١٩٦٣ بە بەرفراوانی بەڵگەدار کراوە. پاشای ئوردون حوسێن کەمێک دوای کودەتاکە بە ڕۆژنامەی میسری -ئەل-ئەهرام-ی وت کە "بە دڵنیاییەوە" دەزانێت کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ناو و ناونیشانی کۆمۆنیستەکانیان دابوو بۆ کوشتن. ئێدیت و ئی.ف. پێنرۆز، لە کتێبی -عێراق: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گەشەپێدانی نیشتمانی- (١٩٧٨)دا باس لەوەدەکەن کە ژمارەیەک بەرپرسی عێراقی، لەوانە بەعسییەکان، پێیان وتوون دەربارەی ڕۆڵی CIA. هەروەها ماریۆن فاروق-سلاگلێت و پیتەر سلاگلێت لە -عێراق لە ١٩٥٨ەوە (١٩٨٧)دا Marion Farouk-Sluglett and Peter Sluglett state in *Iraq Since 1958* (1987): دەڵێن:

"بەرپرسێکی پێشووی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە بۆ ئێمەی پشتڕاست کردووەتەوە کە سەدام حوسێن و بەعسییەکانی تر لە کۆتایی سالانی ١٩٥٠ و سەرەتای سالانی ١٩٦٠دا پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمریکادا دروست کردبوو؛ لەم قۆناغەدا، وا دەبینرا بەعس 'هێزی سیاسی داهاتوو' بێت، و شایانی پشتگیری ئەمریکایە دژی 'قاسم و کۆمۆنیستەکان".'

لەهەمانکاتدا، تۆماری خیانەتی حشع بەردەوام بوو: کاتێک کورد لە ساڵی ١٩٦١دا دژی ڕژێمی قاسم ڕاپەڕین، حشع شۆڕشەکەی وەک "خزمەتکردنی نەخشەکانی ئیمپریالیزم" سەرکۆنە کرد. لە ساڵی ١٩٧٢دا، کاتێک سەدام حوسێن بۆ ماوەیەک هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دروست کرد، دوو سەرکردەی حشع کە چاویان لە زیندانەکانی بەعس دەرنەهێنرابوون بەشداری حکومەتەکەیان کرد. مانگی ڕابردوو، ئەوەی لە حشع مابووەوە بە بەیداخێک لە بەغدا پێشوازی لە داگیرکاری کۆلۆنیالی ئەمریکا کرد کە نووسرابوو: "وڵاتێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار".

## بەرەو فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک!

تەنانەت لە شکستیشدا، شۆڕشی عێراقی ١٩٥٨-٥٩ توانیی چینی کرێکار بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و دانانی بنەما بۆ ڕزگاری هەموو چەوساوەکان ئامادەبکات. نموونەی ئەرێنی ئەمە، بێگومان، شۆڕشی ڕوسیای ١٩١٧یە. یەکەم دەوڵەتی کرێکاری جیهان وەک چرایەکی ڕزگاری بەخش بوو بۆ جەماوەری چەوساوە لە ئیمپراتۆریەتی پێشووی قەیسەری و لە سەرانسەری جیهاندا. لەبەر ئەوەی بۆلشەڤیکەکان بڕیاریان دابوو چارەسەری پرسە نەتەوەییە زۆرەکان بکەن بە خەباتکردنی بێوچان بۆ مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان، پرۆلیتاریای سۆڤیەت توانی نەتەوە و گەلە چەوساوە بێژمارەکانی ئیمپراتۆریەتی پێشووی ڕوسیا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەمە فاکتەرێکی بەهێز بوو لە سەرکەوتنی کرێکاران بەسەر دژە شۆڕشی سپی لە جەنگی ناوخۆدا. لینین پێداگری دەکرد کە یەکێتی سۆڤیەت دەبێت یەکێتییەکی ئازادی گەلان بێت. لە ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتی بۆلشەڤیکدا، چەندین کۆماری سۆڤیەت، ناوچەی خودموختار و شوێنی هەرێمی تر دامەزران - جێبەجێکردنی زیندووی بەرنامەی بۆلشەڤیک بۆ خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەیی.

لەناو یەکێتی سۆڤیەتدا، دانیشتوانە بچووکەکەی نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کورد یەکسانی تەواویان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا پێدرا. لە ساڵی ١٩٢٣دا، دەوڵەتی گەنجی سۆڤیەت کۆمارێکی خودموختاری کوردستانی دروست کرد کە بە شێوەیەکی نارێک لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا بوو - بەناوی "کوردستانی سوور" - کە بەگوێرەی جێرارد چالیاند Gerard Chaliand لە -**گەلێک بەبێ وڵات**- (١٩٨٠)، "چرایەک بوو بۆ هەموو گەلی کورد." لە کاتێکدا ٧٠ تا ٨٠ لەسەدی کوردەکانی تورکیا یان ئێران هێشتا نەخوێندەواربوون، لەناو کوردە سۆڤیەتەکاندا نەخوێندەواری بە تەواوی لە ساڵانی ١٩٣٠دا نەهێڵرابوو. مامەڵەی بەخشندەی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ کەمینە کوردە بچووکەکەی خۆی و پشتگیری کۆماری کورتخایەنی کوردی مەهاباد لە ئێران دوای جەنگی جیهانی دووەم هەیبەتێکی زۆری پێدان لە کوردستاندا. بۆ چەندین ساڵ، تەنانەت گروپە ناسیۆنالیستە کوردییەکانی وەک پارتی کە لەسەر بنەمای خێڵە نەریتییەکان دامەزرابوون بانگەشەی "مارکسیست-لینینیست"یان دەکرد. کاتێک ئەم وتارەم لە

نیویۆرک پێشکەش کرد، هاوڕێیەک باسی ژنێکی چەپی ئێرانی کرد ئەو دەیناسی کە دایکی لایەنگری سۆڤیەت بووە، چونکە تەنها هۆکارێک ئەوە ببو کە فێری خوێندنەوە و نووسین ببوو لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە لە کوردستانی ئێران.

ئەزموونی شۆڕشی ڕوسیا بۆ هۆکارێکی تریش زۆر پەیوەندیدارە بە پرسی کورد، ئەویش ڕزگارکردنی ژنانە کە لە وڵاتە موسڵمانەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا. کاتێک سوپای سوور لە ساڵانی سەرەتای دوای شۆڕشی ڕوسیای ١٩١٧دا بە ئاسیای ناوەڕاستدا بڵاو بووەوە، بۆلشەڤیکەکان ئەرکە زەبەلاحەکەی هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ژنانیان لەو ناوچە مێژووییە زۆرینە موسڵماندا گرتە ئەستۆ. کاتێک باسی "گیان لەدەستدانیان لە بەرەی ڕزگاری ژنان" دەکرد، مەبەستیان لەو چالاکوانە دڵسۆز و قارەمانانە بوو لە بەشی کار لەناو ژناندا (ژێنۆتدێل – Zhenotdel)، کە حیجابیان لەسەر دەکرد بۆ ئەوەی هەواڵی یاسا و بەرنامە نوێیەکانی سۆڤیەت بگەیەننە ژنانی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان کە ژیانیانی دەگۆڕی. زۆرێک لەم ژنانە گیانیان لەدەستدا بەدەستی مێرد، باوک و برا تووڕەکانیانەوە. من لە ساڵانی ١٩٨٠دا لە ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەت بووم. لە سەمەرقەند، بەشێک لە (مەدرەسە)یەکی (قوتابخانەی ئایینی) پێشوو کرابووە مۆزەخانەیەک بۆ ڕێزلێنان لەم ژنانە. بۆلشەڤیکەکان دوای شۆڕشەکە سزای مەرگیان هەڵوەشاندبووەوە، بەڵام ئاوارتەیەکیان کرد و بە تایبەتی بۆ کوشتنی لەم جۆرە، دووبارە دایانمەزراندەوە. بەمە کۆتاییان پێهێنا.

دژە شۆڕشێکی سیاسی کە بووە هۆی چەسپاندنی بیرۆکراسی ستالینیستی سۆڤیەت لە نێوان ئەوەی من لە ئۆزبەکستان بینیم و ئەو ئایدیالە ڕزگاریخوازانەی کە بۆلشەڤیکەکانی لینین و ترۆتسکی و ژنە ئازاکانی ژێنۆتدێلی هاندەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پێشکەوتنەی بەدەست هاتبوو سەرسوڕهێنەر بوو. لە هەموو ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، هەرگیز ژنێکم نەبینی حیجابی لەسەر بێت – تەنانەت ژنانێک کە لە ڕۆژانی پێش چەسپاندنی شۆڕشەکە لەو ناوچەیەدا لەدایک ببوون. ڕێگریکردن لە دووگیانی و لەباربردن بە ئازادی بەردەست بوون. بە پێچەوانەی هەر وڵاتێکی موسڵمان لە جیهاندا، من توانیم بە ئازادی و سروشتی قسە لەگەڵ ژنانی نەناسراو بکەم لە شوێنە گشتییەکان، لە فرۆکەخانەکان، لە کارگەکان. ڕەنگدانەوەی ئاستی پەروەردەیی باش ئەوە بوو کە زۆربەی ئەو کەسانەی لەوێ بینیم – ژن و پیاو – لە پاڵ ڕوسی و ئۆزبەکیدا ئینگلیزی یان زمانێکی تری ڕۆژئاوای ئەوروپاییان دەزانی.

ئەمڕۆ، دوای گەڕانەوەی سەرمایەداری و لەناوچوونی یەکێتی سۆڤیەت، حەز ناکەم بیر لە چارەنووسی ئەو ژنانە بکەمەوە – یان ئەو پیاوانەش کە لەوێ بینیمن. کۆمەڵگەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەیان ساڵ بۆ دواوە گەڕێنراونەتەوە. فەندەمینتاڵیزمی ئیسلامی لە

هەڵکشاندایە، مزگەوتەکان پڕن. نەخۆشی بڵاوە، سیستەمی چاودێری تەندروستی مۆدێرن کە من بینیم لەناوبراوە.

پرسی ڕزگاری ژنان ڕاستەوخۆ دژی بانگەشەی ناسیۆنالیستە کوردەکانە کە گوایە داکۆکی لە ئازادی و ڕزگاری دەکەن. هەموویان ملکەچی نەریتە باوکسالارییەکانی خێڵ و بنەماڵەکان دەبن - لە ڕاستیدا، لە حاڵەتی وەک پارتی و یەکێتیدا ئەوان خۆیان هیچ نین جگە لە پەردەیەک بۆ زاڵبوونی بنەماڵەیەکی تایبەت. پەکەکە لە لێدوانە گشتییەکانیدا ڕەخنە لە چەوساندنەوەی ژنان دەگرێت و ڕێکیاندەخات لە گروپەکانی شەڕی پارتیزانیدا، بەڵام ڕوانگە ناسیۆنالیستییەکەی وایلێدەکات هاوبەرژەوەندی لەگەڵ هەندێک لە کۆنەپەرستترین هێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا بدۆزێتەوە؛ تەنانەت نوێنەرانی وەک مەلای سوننە - کە دوژمنی سوێندخواردووی ڕزگاری ژنانن - لە پەرلەمانی دوورخراوەی خۆیدا دانابوو.
زۆرێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە گوایە ژنانی کورد لە ژنانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازادترن، چونکە تەنها لەچکێکی سووک لەسەر دەکەن لە جیاتی (عەبایە)، ئەو جلە ڕەش و قورسەی کە ژنانی نەریتی عەرەب لە عێراق لە سەرەوە بۆ پێ دەیپۆشن. باشە، من دەتوانم پێتان بڵێم کە ژنانی کورد ژیانێکی "ئازاد" ناژین. لەوانەیە بیرتان بێت ساڵی ڕابردوو ڕووماڵێکی ڕۆژنامەوانی بەرفراوان هەبوو دەربارەی کەیسێک لە سوید کە کۆچبەرێکی کورد کچەکەی خۆی کوشت چونکە ڕەتی کردبووەوە هاوسەرگیری ڕێکخراو بکات و بە ئاشکرا باسی چەوساندنەوەی ژنانی کردبوو. ئەم بەناو "کوشتنانەی شەرەف" لە کوردستاندا نائاسایی نین - یان لە زۆر بەشی تری جیهاندا. ئەمە بە شێوەیەکی دراماتیکی لە فیلمی (یۆل)ی یڵماز گونەی لە ساڵی ١٩٨٣دا نیشان درا، کە جەخت دەکاتە سەر کوشتنی ژنێک لەلایەن مێردەکەیەوە وەک سزا بۆ داوێنپیسی (ئێمە پێداچوونەوەیەکی سەرنجڕاکێشمان لەسەر ئەم فیلمە لە -ژنان و شۆڕش- ژمارە ٢٧، زستانی ١٩٨٣-٨٤دا بڵاو کردەوە). لە کۆتایی ساڵانی ٩٠دا، کاتێک پارتی و یەکێتی دەوڵەتی کرداری خۆیان لە کوردستانی عێراق لەژێر پاراستنی ئەمریکادا دامەزراند، هیچیان نەکرد بۆ وەستاندنی ئەو ڕەوشە؛ پارتی تەنانەت ڕەتی کردەوە یاسایەکی فەرمی دەربکات کە "کوشتنی شەرەف" بە تاوان بناسێنێت.

شتێکی تر کە لە فیلمەکەی گونەیدا نیشان درا - ئەمە زۆر باوە لە کوردستان — کچ و کوڕێکی گەنجە کە ناچار دەبن هەڵبێن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن، چونکە دایک و باوکیان ڕەزامەند نین؛ لە فیلمەکەدا، بنەماڵەی بووکەکە ڕاویان دەنێن و دەیانکوژن. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر کوردەکانی تورکیا (کە یاسای خێزان بە فەرمی زۆر پێشکەوتووترە لە شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، تەنها یەک لە چواری هاوسەرگیری لەلایەن خودی جووتەکەوە ڕێک دەخرێت، تەنانەت لەم حاڵەتانەشدا زۆر جار ڕەزامەندی خێزانەکان مەرجی پێشوەختە بووە. زیاتر لە ٦٠٪ی

ئەو ژنە کوردانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە مێردەکانیان دەبوایە شیربایبدەن، لە بنەڕەتدا واتە کڕینیان وەک کەلوپەل لە خێزانەکانیان.

چەوساندنەوەی ژنان ڕیشەی لە کۆمەڵگەی چینایەتیدایە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی دامەزراوەی خێزانەوە. تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگە بۆرژوازییەکاندا تەنها ڕووخاندنی دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەداری دەتوانێت بنەمای ماددی بۆ ڕزگاری تەواوی ژنان لە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی یەکسانیخواز و نێودەوڵەتیدا دابینبکات. بەڵام لەو وڵاتانەی کە شۆڕشی بۆرژوازی تێیاندا هەرگیز ڕووی نەدا – کە ڕێک حاڵەتی وڵاتە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە – پرسی ڕزگاری ژنان بە واتای وشە پرسی ژیان و مەرگە – خەباتێکە بۆ پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەک خوێندەواری، پەروەردە، کۆتاییهێنان بە هاوسەرگیری زۆرەملێ، ئازادی لە حیجاب و ئەو گۆشەگیری و ملکەچکردنەی کە نوێنەرایەتی دەکات.
شۆڕشی ڕوسیا بە کردەوە ڕێگای ڕزگاری نەک تەنها بۆ ژنان بەڵکو بۆ هەموو چەوساوەکان نیشاندا. جیاوازی نێوان ئەزموونی ڕوسیا لە ١٩١٧ و عێراق لە ١٩٥٨-٥٩ ئەوەیە کە لە ڕوسیا پارتێک هەبوو – بۆلشەڤیکەکانی لینین – کە توانای ڕابەرایەتیکردنی چینی کرێکاری هەبوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. ئەمە خاڵی سەرەکی پێشکەشکردنەکەی منە ئەمڕۆ. ئەوەی پێویستە – نەک تەنها بۆ ڕزگاری کورد بەڵکو بۆ هەموو چەوساوەکان – دروستکردنی پارتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکارە لەسەر شێوازی پارتی بۆلشەڤیک، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە یەکێتی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی خۆی تەرخان کردووە بۆ بەدیهێنانی.

# بەڵگەنامەی ٤

## نامەیەک بۆ وۆرکەرز ڤانگارد ( WV )
## مشتومڕێکی ساختە
## -نامەی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ بۆ -وۆرکەرز ڤانگارد-

**تورۆنتۆ، کەنەدا**
**١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٣**
**بۆ سەرنووسەر:**

ژمارەی ٦ی حوزەیرانی -وۆرکەرز ڤانگارد (WV)- دوو گفتوگۆ دژی ڕەوتی نێونەتەوەیی بۆلشەڤیک (IBT) دەگرێتە خۆ، هەردووکیان لەسەر بنەمای هەڵەنواندنی زەقی سیاسەتەکانمانە. لە باسکردنی موناقەشەکەتان لە ١٠ی ئایار لەگەڵ کۆمەڵەی پارتی شۆڕشگێڕ (LRP)دا، ئێوە وتەیەکی (جۆن برولی) تان هێناوەتەوە کە دەڵێت: "لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠دا: "BT بە شێوەیەکی دواکەوتووانە دروشمی 'سڵاو لە سوپای سوور لە ئەفغانستان!' فرێدا بۆ ئەوەی لەگەڵ چەپی دژە کۆمۆنیست لەم وڵاتەدا یەک بگرێت." وەک هاوڕێ برولی باش دەزانێت، ئێمە لە جیاتی ئەوە "سەرکەوتنی سەربازی بۆ سوپای سۆڤیەت!"مان پێشنیار کرد، دروشمێک کە ریفۆرمخوازەکان پەسەندیان نەدەکرد. (بڕوانە "دەربارەی دروشمی 'سڵاو لە سوپای سوورا!'،" ١٩١٧ ژمارە ٥.) بیرمان دێت کە لە ساڵانی ١٩٦٠دا، کۆمەڵەی سپارتاکۆست (SL) کە ئەوکات شۆڕشگێڕ بوو داوای "سەرکەوتنی سەربازی" بۆ (ڤێت کۆنگ -Viet Cong ) دەکرد. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠دا SL هەروەها داوای "سەرکەوتنی سەربازی" بۆ یاخیبووە چەپەکان لە ئێل سالڤادۆر کرد. لە ڕاستیدا، لە باسکردنی موناقەشەکەتاندا ئێوە وتەی برولی دەگێڕنەوە کە هێرش دەکاتە سەر LRP بەوەی کە "ئەوەندە دەترسان کە یاخیبووەکانی ئێل سالڤادۆر [لە ساڵانی ١٩٨٠دا] بە میکرۆبی ستالینیزم پیس بووبن کە ئێوە لەگەڵ سەرکەوتنی سەربازییان نەبوون." کاتێک SL داوای "سەرکەوتنی سەربازی" بۆ هێزە ستالینیست/چەپەکان دەکرد ئایا ئەمەی کرد "بۆ ئەوەی لەگەڵ چەپی دژە کۆمۆنیست یەک بگرێت"؟ وەک ترۆتسکی وتی، تەنانەت بوختانیش دەبێت کەمێک مانای هەبێت.

گفتوگۆی دووەم لە وتارێکی هاوڕێ برووس ئاندرێ دەربارەی پرسی کورد دایە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نزیکەی "بێدەنگ" بووە بە تێبینییەکەمان کە:
"لە بارودۆخی ئێستادا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکەوێتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. دۆخەکە خراپتر دەبێت ئەگەر وەها دەوڵەتێک سنووردار بێت بە پارچەیەکی خاکی کوردی

- بۆ نموونە کوردستانی تورکیا. نەک تەنها وەها دەوڵەتۆکەیەک بە تەواوی وشکانی دەبێت و دەوری گیراوە لەلایەن چەوسێنەرە مێژووییەکانیەوە، بەڵکو کۆمەڵگەیەک دەبێت کە تایبەتمەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە پێش-سەرمایەدارییەکانی هەیە. بەهۆی دواکەوتوویییەوە، کوردستانێکی سەربەخۆ خۆی لەژێر ڕەحمەتی هێزە هەرێمییەکان و هەروەها ئیمپریالیستەکان دەبینێتەوە." - ١٩١٧ ژمارە ١٢، ١٩٩٣.

لەگەڵ ئەوەی ناکۆک نییە لەگەڵ شیکردنەوەکەمان، ئاندرێ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە دەگاتە "دانانی مەرجی پێشوەخت" و "داواکردن کە، پێش ئەوەی کورد بتوانن سەربەخۆ بن دەبێت لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە 'دواکەوتووەکان' رزگاریانبێت و لەژێر 'ڕەحمەتی' هێزە ئیمپریالیستەکاندا نەبن." ئێمە هەرگیز وەها مەرجی پێشوەختی بێمانا نامانهێنێتە ئاراوە و ناهێنینە ئاراوە. ئەنجامدانی ئەمە دەبێتە ڕەتکردنەوەی مافی نەتەوە چەوساوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. هیچ گومانێک نییە کە گەلی کورد مافی بێمەرجی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە؛ پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. دوای ئاماژەدان بە دژوارییەکانی هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەرمایەداری سەربەخۆ، وتارەکەمان بەم ئەنجامە گەیشت کە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیی بۆ کوردستان لە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ڕژێمە نیوە-کۆلۆنیالییەکانی ناوچەکەوە دەبێت:

"بۆرژوازی کورد ئەوەندە لاوازە کە تەنانەت وانیشان نادات کە ڕابەرایەتی خەباتێک بۆ ئازادی کورد دەکات. ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی چینی کرێکاری کورد، لە پێشەوەی جوتیاران و چینە چەوساوەکانی تر. ئەو خەباتکارانەی کە پابەندن بە بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی یەکسان بۆ کورد دەبێت ستراتیژی خەباتی هاوبەش لەگەڵ چینی کرێکاری ئەو نەتەوانە بگرنە بەر کە دەیانچەوسێننەوە. لە تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق خەبات دژی چەوساندنەوەی کورد پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی. زۆر دوورە کە نەتەوەی پارچەپارچەکراوی کورد بتوانرێت لەسەر هیچ ڕێگایەکی تر یەک بخرێتەوە جگە لە خەبات بۆ فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست." - هەمان سەرچاوە

لە وتارەکەیدا، دەیەیەک دوای بڵاوکردنەوەی وتارەکەمان، هاوڕێ ئاندرێ هەمان ئەنجامی دەرهێنا و بە دەربڕینێکی تۆزێک ڕەهاتر، هەر ئەگەرێکی کوردستانێکی سەرمایەداری سەربەخۆی ڕەت کردەوە:

"بە ڕووکەش دیارە کە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەی کورد پێویستی بە لەناوبردنی شۆڕشگێڕانەی لانیکەم چوار ڕژێمی سەرمایەداری - و زاڵبوونی ئیمپریالیستی هاوتەریب - لە سەرانسەری ئەم ناوچە گرنگە ستراتیژییەدا هەیە. ئەمەیە مەبەستمان لە دروشمی کۆماری سۆسیالیستی کوردستانی یەکگرتوو - کوردستانێکی

یەکگرتووی سەربەخۆ تەنها لە ڕێگەی خەبات بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری دەتوانێت بێتەدی" -WV -٢٣ی ئایار.

**هاوڕێ ئاندرێ بەردەوام بوو:**

"هیچ ڕێگایەکی تر نییە کە مرۆڤ تەنانەت بتوانێت خەیاڵی بەدەستهێنانی مافی دیموکراتی خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد بکات. لە چوارچێوەی ناسیۆنالیستیدا، تەنانەت لە ئاستێکی ئەبستراکتیشدا بیری لێناکرێتەوە. بۆیە ڕێکخراوە ناسیۆنالیستە کوردییەکان بەشێوەیەکی گشتی بانگەوازی سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەی کورد ناکەن." – هەمان سەرچاوە
پاشان ئاندرێ بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵوێستی ئێمەی شێواند، و بانگەشەی ئەوەی کرد کە:IBT
"تەنانەت دژی سەربەخۆیی کوردستان دەردەکەوێت.... لە کاتێکدا بانگەشەی پشتیوانی لە 'مافی دیاریکردنی چارەنووس' بۆ کورد دەکات، IBTلە ساڵی ١٩٩٣دا ڕایگەیاند کە بانگەوازی پەکەکە [پارتی کرێکارانی کوردستان] 'بۆ کوردستانێکی سەرمایەداری سەربەخۆ دژ بە خواستی بۆرژوازی لاوازی کورد و بێباکی زۆربەی گەلی کورد، هیچ مانایەکی نییە' (١٩١٧، ١٩٩٣-WV، ٦ی حوزەیران.

ئەو دوو ڕستەیەی دوای ئەم کورتە دێڕە یارمەتی دەدات بیخاتەوە ناو دەقەکەی:
" جگە لەوەش، ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە دەتوانێت شۆڕشگێڕانی کورد لە زەرووڕەتی بەشداریکردن لە خەباتی کرێکاران و جووتیاران لە دژی دەوڵەتە ستەمکارەکانی ئێستا دەستپێبکات. پراکتیکیترین ڕێگا بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیی کورد بەرەوپێشبردنی خەباتی چینایەتی هاوبەشە بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆرە چەوسێنەرەکانی ناوچەکەیە." – ١٩١٧ ژمارە ١٢، ١٩٩٣

ئێمە هەرگیز دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانمان نەکردووە. ئێمە تەنها ئاماژەمان بەوە کرد کە ڕزگاری نەتەوەیی کورد پێویستی بە خەباتی شۆڕشگێڕی هەیە، ئەنجامگیرییەک کە ئاندرێ دەنگ دانەوەکەیەتی. تێبینییەکەمان لە ساڵی ١٩٩٣ کە زۆربەی کورد "بێلایەن" بوون بەرامبەر بە قسەکانی پەکەکەی ستالینیست دەربارەی کوردستانێکی سەربەخۆی بۆرژوازی، تەنها دەربڕینی ڕاستییەک بوو. لە جیاتی بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی کە بەڕاستی نووسیومانە، ئاندرێ هەڵوێستێکی تەواو جیاواز دەخاتە پاڵمان، کە دواتر بە شێوەیەکی دیماگۆگی هێرشی دەکاتە سەر:
"تەنها شۆڤێنیستە خۆبەزلزانەکانی هێزە گەورەکان وەک IBT دەتوانن ئەو لێدوانە قێزەونە بدەن کە گەلی کورد 'بێلایەن'ن لە پرسی ڕزگاری نەتەوەییدە-WV – ".، ٦ی حوزەیران

بەڵام ئێمە هیچ شتێکی وامان نەوتووە. ئێمە تەنها وتمان کە زۆربەی کورد بێلایەن بوون بەرامبەر بە بانگەوازی پەکەکە بۆ کوردستانێکی سەرمایەداری سەربەخۆ. ئەگەر ئەمە "قێزەون" بێت، دەبێت چی لە تێبینییەکەی ئاندرێ بکەین کە وەها پرۆژەیەک "تەنانەت لە ئاستێکی ئەبستراکتیشدا بیری لێناکرێتەوە"؟ پێشنیارەکەی پەکەکە دەنگی لەناو جەماوەری کورددا نەدایەوە چونکە وەک ناواقیعی دەبینرا، نەک لەبەر ئەوەی کورد بێلایەنن بەرامبەر بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی خۆیان.

"گفتوگۆ"کەی ئاندرێ لەسەر ئەم پرسە نەتەوەییە دژوارە هیچ نییە جگە لە ڕەشکردنێکی دەروونناسی-سیاسی. ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئایا ئاندرێ ئەوەندە کوێر کراوە بە ڕقی فراکسیۆنی کە ئاگای لەوە نییە هێرش دەکاتە سەر هەڵوێستگەلێک کە ئێمە بەڕاستی نیمانە. لەوانەیە خۆی قەناعەتی بە خۆی هێنابێت کە ئەم دەستکاریکردنە ناشیرینەی دەق بە جۆرێک دەیسەلمێنێت کە ئێمە شۆڤێنیستی هێزە گەورەکانین؛ یان لەوانەیە پێی وابێت گرنگ نییە چونکە ئێمە، لە کۆتاییدا، "دوژمنی پارتەکەین." بە هەر حاڵ، تێبینییەکانی لەسەر ئەم بابەتە بە بەهادار دانران بۆ ئەوەی دووبارە لە -وۆرکەرز ڤانگارد-دا چاپ بکرێنەوە، کە کەشتی ئەدەبی یەکێتی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی(ICL) یە.

پۆلێمیکە ساختەکانی برولێ و ئاندرێ لەگەڵ نەخشەیەکدا دەگونجێن. لە ڕابردوودا سەرکردایەتی کۆمەڵەی سپارتاکۆست زۆر جار پەنای بردووەتە بەر ناتۆرە و چەواشەکاری بۆ لادانی سەرنج لە لادانە جۆراوجۆرەکانیان لەو بەرنامە ترۆتسکیستەی کە بانگەشەی پابەندبوونی پێوە دەکەن. لەم دواییانەدا کێشەی ڕاستەقینەیان هەبووە لە ڕوونکردنەوەی دەستبەرداربوونیان لە بانگەوازی شکستهێنان بە هێرشی ئیمپریالیستی بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. لە پاشەکشەیەکی لەرزۆکانەدا کە بۆ ئەوە دیزاین کرابوو کە لە هیستریای دوای ١١ی سێپتەمبەردا نیشتمانپەروەر دەرنەکەون، -وۆرکەرز ڤانگارد-ی ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠١ ڕایگەیاند کە:
"بانگەوازی شکستی سەربازی ئەمریکا، لەم کاتەدا، خەیاڵی و پووچترین هەڵم و وشەبازی 'شۆڕشگێڕی'یە ".( ICL"بەرەو کوێ دەچێت؟" ١٩١٧ ژمارە ٢٤) ئەمە ئەوەندە بە ئاشکرا پێداچوونەوەخوازە کە سەرکردایەتی ICL هێشتا ناتوانێت لەسەر پاساوێک بۆی ڕێکبکەوێت. هەندێک ئەندام داکۆکی چاکسازیخوازانە دەکەن، هەندێکی تر بەڵگە دەهێننەوە کە هەڵوێستی شکستخوازانە گونجاو نەبوو بەهۆی جیاوازی سەربازی نێوان هەردوو لایەنەکە، لە کاتێکدا هەندێک بە توندی نکۆڵی لەوە دەکەن کە ICL هەرگیز وەها هەڵوێستێکی هەبووبێت.

پاشەکشەکە لەسەر ئەفغانستان هاوتەریبە لەگەڵ بانگەوازی کۆمەڵایەتی-نیشتمانپەروەرانەی پێشووی کۆمەڵەی سپارتاکۆسێکان بۆ ڕزگارکردنی مارینزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەربڕینەکانی نیگەرانی بۆ خۆشگوزەرانی کادیرە سەربازییەکانی تێوەگلاو لە پرۆژەی جەنگی ئەستێرەکان. (بڕوانە "مارکسیزم دژی

نیشتمانپەروەری کۆمەڵایەتی،" -TB- ژمارە ٢، "چالێنجەر: هیچ کارەساتێک نییە بۆ چینی کرێکار،" -١٩١٧- ژمارە ٢ و "نامەیەک بۆ گروپی ئینتەرناسیۆنالیست،" ٦ی ئازاری ٢٠٠٣.) سەرکردایەتی کۆمەڵەی سپارتاکۆسێکان کە بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی وەک دوا قەڵای بەرگریکارانی سۆڤیەت نیشان دابوو (لە خاڵێکدا بە ئاشکرا خۆیان لەگەڵ یوری ئاندرۆپۆڤی سەرۆکی پێشووی KGB یەکسان دەکرد) هەروەها شەرمەزارە بە بێلایەنییەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئابی ١٩٩١ لە نێوان پاشماوە چەقبەستووەکانی ستالینیزمی سۆڤیەت و هێزەکانی گەڕانەوەی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی بۆریس یێلتسن. (بڕوانە "ڕۆبیکۆنی سۆڤیەت و چەپ،" -١٩١٧- ژمارە ١١، "سەنتەریستەکان و دژە شۆڕشی سۆڤیەت،" -١٩١٧- ژمارە ١٢ و "پۆلێمیک لەسەر کودەتای سۆڤیەت: ڕۆبێرتسۆنییەکان لە نکۆڵیدا،" -١٩١٧- ژمارە ١٢.)

لە کاتێکدا کادیرە بەتەمەنترەکانی کۆمەڵەی سپارتاکۆسێکان وەک ئاندرێ ڕاهاتوون لەسەر قبوڵکردنی نابەرپرسیاری هەر بێمانایەک کە لە سەرەوە دادەبەزێت، هەندێک لاو کە ڕاکێشراون بۆ ڕووکاری ترۆتسکیستی-توندی ICL بە ئاشکرا ناڕەحەتن لە ناهاوسەنگییە سیاسییەکانی گروپەکە. لە کاتێکدا سەرکردایەتی کۆمەڵەی سپارتاکۆسێکان بە ئاسانی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ تیر و کەوانی سەنتەریستەکان و چاکسازیخوازەکان بکات، وەڵامی ئاساییان بۆ ڕەخنەی شۆڕشگێڕی دیماگۆگی و بوختانە. ئەو میتۆدە نەریتییانەی کە لەلایەن مایەپووچە سیاسییەکانەوە بەکاردەهێنرێن.

سڵاوی بۆلشەڤیکی،
تۆم ڕایلی

## بۆ ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک

**تێبینی:**
ئەگەر هاوڕێ ئاندرێ بە ڕەخنە "قێزەونە"کەمان لە ستالینیزمی دوو-قۆناغی پەکەکە "بێدەنگ" کرا، ئەی چی بە ئاماژەکەی جەیمس ڕۆبێرتسۆن لیدەری ICL دەڵێت کاتێک بە کورد دەڵێت "Turds -گەمژە" ؟ ئایا هیچ نیشانەیەکی "شۆڤێنیزمی خۆبەزلزانی هێزە گەورەکان" لەوەدا دەبینێت؟ ڕۆبێرتسۆن ئەم تێبینییە بەرازییەی لە وتارێکی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ بۆ لقی نیویۆرکی SL کرد کە تیایدا باسی ئەوەی کرد چۆن سەرکردایەتی یەکێتی سپارتاکۆستی بەریتانیای پاکتاو کردووە. لە ماوەی قسەکەیدا، ڕۆبێرتسۆن بە نەرمی ڕەخنەی لە ڕووبێن سامویڵس، پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی SL گرت:

"ڕەخنە لە ڕووبێن: هەموو کاتەکە، ڕووبێن لە کوێ بوو؟ ئەو لە کتێبخانەکەدا بوو، خەریکی خوێندنەوە بوو دەربارەی تەردەکان-Turds بۆ پۆلەکەی. وا نییە؟ ئەو هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا." - بوڵتەنی گفتوگۆی نێودەوڵەتی، ژمارە ١٠، بەشی ١، کانوونی دووەمی ١٩٧٩، "ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە... بیبڕە،" ل. ٦٠

ئەم تێبینییە ناکرێت وەک "گاڵتە" یان وەسفکردنێکی سیاسی "گۆشەیی" ڕوون بکرێتەوە. ئەمە تەنها شۆڤێنیزمێکی ناشیرینە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەن دامەزرێنەر/ڕابەری SLەوە وتراوە، بە وردی نووسراوەتەوە و لە بوڵتەنی ناوخۆیی گروپەکەدا بەبێ تێبینی یان ڕەخنە دووبارە چاپ کراوەتەوە. ئەمە بەڵگەیەکی سەرسوڕهێنەرە کە دارمانی سیاسی SL لە ترۆتسکیزمەوە بۆ چەتەگەری سیاسی لە ساڵی ١٩٧٨دا بە تەواوی لە ڕێگادا بوو.

## بەڵگەنامەی 5

### BT زۆر بۆڵە بۆڵ دەکات

**دووبارە چاپکراوەتەوە لە وۆرکەرز ڤانگارد ژمارە ٨٠٦، ٤ی تەمموزی ٢٠٠٣.**

**پێشەکی WV ئێمە لە خوارەوە بەشێک لە نامەیەک بۆ ئێمە دەنووسینەوە کە بە تەواوەتی لە ماڵپەڕی "ڕەوتی بۆلشەڤیک"دا دەدۆزرێتەوە.**

**تۆرۆنتۆ، کەنەدا**
**١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٣**
**بۆ سەرنووسەر:**

ژمارەی ٦ی حوزەیرانی وۆرکەرز ڤانگارد (WV) دوو پۆلیمیک دژی ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک (IBT) دەگرێتە خۆ، هەردووکیان لەسەر بنەمای هەڵەنواندنی زەقی سیاسەتەکانمان. لە باسکردنی موناقەشەکەتان لە ١٠ی ئایار لەگەڵ پەیوەندی بۆ پارتی شۆڕشگێڕ(LRP –League for the Revolutionary Party ) دا، ئێوە وتەی جۆن برولی دەگێڕنەوە کە دەڵێت لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠دا BT": بە شێوەیەکی دواکەوتووانە

دروشمی 'سلاو له سوپای سوور له ئەفغانستان!' فرێدا بۆ ئەوەی لەگەڵ چەپی دژە کۆمۆنیست لەم وڵاتەدا یەک بگرێت." وەک هاوڕێ برولێ باش دەزانێت، ئێمە لە جیاتی ئەوە "سەرکەوتنی سەربازی بۆ سوپای سۆڤیەت!"مان پێشنیار کرد، دروشمێک کە چاکسازیخوازەکان کەمتر ناپەسەندیان نەدەکرد. بیرمان دێت کە لە ساڵانی ١٩٦٠دا، پەیوەندی سپارتاکیست (SL) کە ئەوکات شۆڕشگێڕ بوو داوای "سەرکەوتنی سەربازی" بۆ ڤێت کۆنگ(Viet Cong) دەکرد. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠دا SL هەروەها داوای "سەرکەوتنی سەربازی" بۆ یاخیبووە چەپەکان لە ئێل سالڤادۆر کرد....

پۆلێمیکی دووەم لە وتارێکی هاوڕێ برووس ئاندرێ دەربارەی پرسی کورد دایە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نزیکەی "بێدەنگ" بووە سەبارەت بە تێبینییەکەمان کە:

"لە بارودۆخی ئێستادا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکەوێتە دۆخێکی زۆر دژوارەوە. دۆخەکە خراپتر دەبێت ئەگەر وەها دەوڵەتێک سنووردار بێت بە پارچەیەکی خاکی کوردی – بۆ نموونە کوردستانی تورکیا. نەک تەنها وەها دەوڵەتۆکەیەک بە تەواوی وشکانی دەبێت و دەوری گیراوە لەلایەن چەوسێنەرە مێژووییەکانیەوە، بەڵکو کۆمەڵگەیەک دەبێت کە تایبەتمەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە پێش-سەرمایەدارییەکانی هەیە. بەهۆی دواکەوتووییەوە، کوردستانێکی سەربەخۆ خۆی لەژێر ڕەحمەتی هێزە هەرێمییەکان و هەروەها ئیمپریالیستەکان دەبینێتەوە." – ١٩١٧ ژمارە ١٢، ١٩٩٣

لەگەڵ ئەوەی ناکۆک نییە لەگەڵ شیکردنەوەکەمان، ئاندرێ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە دەگاتە "دانانی مەرجی پێشوەخت" و "داواکردن کە، پێش ئەوەی کورد بتوانن سەربەخۆ بن دەبێت لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە 'دواکەوتووەکان' ئازاد بن و لەژێر 'ڕەحمەتی' هێزە ئیمپریالیستەکاندا نەبن." ئێمە هەرگیز وەها مەرجی پێشوەختی بێمانا نامانهێنێتە ئاراوە و ناهێنینە ئاراوە. ئەنجامدانی ئەمە دەبێتە ڕەتکردنەوەی مافی نەتەوە چەوساوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. هیچ گومانێک نییە کە گەلی کورد *مافی* دانەبڕاوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە؛ پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. دوای ئاماژەدان بە دژوارییەکانی هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەرمایەداری سەربەخۆ، وتارەکەمان بەم ئەنجامە گەیشت کە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیی بۆ کوردستان لە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ڕژێمە نیوە-کۆلۆنیالییەکانی ناوچەکەوە دەبێت:

"بۆرژوازی کورد ئەوەندە لاوازە کە تەنانەت وانیشان نادات کە ڕابەرایەتی خەباتێک بۆ ئازادی کورد دەکات. ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی چینی کرێکاری کورد، لە پێشەوەی جوتیاران و چینە چەوساوەکانی تر. ئەو خەباتکارانەی کە پابەندن بە بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی یەکسان بۆ کورد دەبێت ستراتیژی خەباتی هاوبەش لەگەڵ چینی کرێکاری ئەو نەتەوانە بگرنە بەر کە دەیانچەوسێننەوە. لە تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق خەبات دژی چەوساندنەوەی کورد پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی

بۆرژوازی. زۆر دووره كه نه‌ته‌وه‌ی پارچه‌پارچه‌كراوی كورد بتوانرێت له‌سه‌ر هیچ رێگایه‌كی تر یه‌ک بخرێته‌وه جگه له خه‌بات بۆ فیدراسیۆنێكی سۆسیالیستی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست." - *هه‌مان سه‌رچاوه*

...ئێمه هه‌رگیز دژایه‌تی سه‌ربه‌خۆیی كوردستانمان نه‌كردووه. ئێمه ته‌نها ئاماژه‌مان به‌وه كرد كه ڕزگاری نه‌ته‌وه‌یی كورد پێویستی به خه‌باتی شۆڕشگێڕی هه‌یه، ئه‌نجامگیرییه‌ک كه ئاندرێ دووباره‌ی ده‌كاته‌وه....

سڵاوی بۆلشه‌ڤیكی،
تۆم رایلی بۆ ڕه‌وتی نێوده‌وڵه‌تی بۆلشه‌ڤیک

## وه‌ڵامی وۆركه‌رز ڤانگارد-WV

رایلی و هاوڕێكانی له سه‌ره‌تای ساڵانی ۱۹۸۰دا له ڕێكخراوه‌كه‌مان هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه چونكه نه‌یانده‌توانی هێڵی به‌رگریكردنی توندی سۆڤیه‌تیمان له چوارچێوه‌ی جه‌نگی ساردی دووه‌مدا قبوڵ بكه‌ن. ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ئاشكرای دروشمی "سڵاو له سوپای سوور"مان له ساڵی ۱۹۸۸دا جێی سه‌رسوڕمان نه‌بوو. وه‌ک له یه‌كه‌م جاردا كه له‌سه‌ر به هه‌ڵه‌نیشاندانی گریمانه‌كراوی هێڵه‌كه‌یان سكاڵایان كرد وه‌ڵاممان دایه‌وه: "ئێستا مانای داواكردنی 'سه‌ركه‌وتنی سه‌ربازی' چییه، ڕێک كاتێک [سه‌رۆكی سۆڤیه‌ت] گۆرباچۆڤ و هاوڕێكانی هێزه‌كانی سۆڤیه‌ت ده‌كێشنه‌وه؟ ئه‌مه لێدوانێكی به‌تاڵه بۆ هه‌وڵدانی شاردنه‌وه‌ی ئه‌و ڕاستییه‌ی كه ئێوه به ئاشكرا ده‌ست له دروشمی سپارتاكۆست هه‌ڵده‌گرن، 'سڵاو له سوپای سوور له ئه‌فغانستان BT') "'!زۆر ناڕه‌زایی ده‌رده‌بڕێت، WV "ژماره ٤٥٣، ۲۰ی ئایاری ۱۹۸۸). ئێمه ڕوونمان كرده‌وه، "ئه‌وان نرخی چوونه ناوه‌وه‌یان ده‌ده‌ن بۆ ئه‌وه‌ی بخزێنه ناو به‌ره‌ی گه‌لی هه‌موو-كه‌نه‌دا: هیچ پینكۆس ( مه‌به‌ست له‌كه‌سێكی چه‌پ به ڕوانگه‌ی لیبراڵه‌وه-وه‌رگێڕ)-بۆ-ڕوسیا' ڕێگه‌پێدراو نییه".

سه‌باره‌ت به پرسی كورد، جیاوازی نێوان ئێمه له‌سه‌ر چۆنیه‌تی نییه به‌ڵكو له‌سه‌ر -ئایا- كورد ده‌بێت خۆبه‌ڕێوه‌بردنی نه‌ته‌وه‌یی به‌ده‌ست بهێنێت. له هیچ شوێنێكی وتاره‌كه‌ی ۱۹۹۳دا، له‌وانه‌ش ئه‌و به‌شه‌ی كه رایلی ئاماژه‌ی پێداوه، IBT بانگه‌وازی (ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆی كوردی) ناكات، ته‌نانه‌ت له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی پرۆلیتاریاشدا. له ڕاستیدا، وه‌ک ئێمه بانگه‌شه‌مان كرد، IBT دژی بانگه‌وازی كوردستانێكی سه‌ربه‌خۆیه، وه‌ک له وتارێكی ساڵی ۱۹۹۹دا ده‌رباره‌ی ده‌ستگیركردنی عه‌بدوڵڵا ئۆجه‌لان ڕێبه‌ری پارتی كرێكارانی كوردستان (په‌كه‌كه) به ناونیشانی "شۆڕشی به‌رده‌وام و كوردستان: ئۆجه‌لان ئازاد بكه‌ن! به‌رگری له په‌كه‌كه بكه‌ن!" زۆر به ڕوونی ده‌ریده‌خه‌ن. له‌وێدا ده‌ڵێن:

"ئێمە بێ مەرج بەرگری لە مافی نەتەوەی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکەین، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا، بەڵام لە ئێستادا داوا ناکەین کورد هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم مافە بدات."
ئەم لێدوانە ڕاستەوخۆ بەدوای ئەو وتەیەدا دێت کە لە وتارەکەی ١٩٩٣یانەوە لەلایەن ڕاپلییەوە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە و لەلایەن هاوڕێکەمانەوە باس کراوە. کەواتە بە گوێرەی وتەکانی خۆیان ئەمە تەنها "تێبینی"یەکی ڕاستەقینە نییە بەڵکو بەڵگەهێنانەوەیەکە *دژی* دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیای کوردی.

بەرگریکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە کاتێکدا دژایەتی "هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە" دەکرێت، تەنها مانای قبوڵکردنی سنوورە دەوڵەتییە بوونەکانە. لە چوارچێوەی پۆلێمیکێک دژی پەکەکە، IBT لە وتارەکەی ١٩٩٣دا دەنووسێت:

"وەک لینینیست، ئێمە بێگومان پشتگیری مافی خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەیی دەکەین. ئێمە لە بنەڕەتدا دژی بەرزکردنەوەی ئەمە وەک داواکارییەک نین. بەڵام پاڵنان بۆ کوردستانێکی سەرمایەداری سەربەخۆ دژی خواستی بۆرژوازی لاوازی کورد، و لەگەڵ بێلایەنی زۆربەی گەلی کورد، هیچ مانایەکی نییە. زیاتر لەوەش، جگە لەوەش، ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە دەتوانێ شۆڕشگێڕانی کورد لە زەرووڕەتی بەشداریکردن لە خەباتی کرێکاران و جووتیاران لە دژی دەوڵەتە ستەمکارەکانی هەن دەستپێشخەر بکات."

لە "مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان" (١٩١٤)دا، لینین ڕوونی کردۆتروە کە دانپێدانان بە "مافی نەتەوەکان بۆ جیابوونەوە بە هیچ شێوەیەک ڕێگر نابێت لە بانگەشەکردن دژی جیابوونەوە لەلایەن مارکسیستەکانی نەتەوەیەکی چەوساوەی دیاریکراوەوە، هەروەک چۆن دانپێدانان بە مافی تەڵاق ڕێگر نابێت لە بانگەشەکردن دژی تەڵاق لە حاڵەتێکی دیاریکراودا" (جەختکردنەوە لە دەقە ئەسڵییەکەدایە). بۆ لینینیستەکان، هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە داوای سەربەخۆیی بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست بکرێت یان نا بەڕاستی پێویستی بە شیکردنەوەی بەرجەستە هەیە. بەڵام بە دەگمەن حاڵەتێکی ڕوونتر هەیە لە حاڵەتی کورد، کە بۆ نزیکەی سەدەیەک بە ئەگەری زۆر کەم خەباتی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی کردووە. بانگەوازەکان بۆ "خەباتی هاوبەش" بەبێ پشتگیری ڕوونی خواستە نەتەوەییەکانی چەوساوەکان لە بەتاڵ خراپترن. ئەوانە تەنها دەتوانن پەردەیەک بن بۆ دۆخی شۆڤێنیستی بوون، وەک لە حاڵەتی دژایەتی IBT بۆ بانگەوازەکەمان بۆ سەربەخۆیی کیوبێکیشدا هەیە. هیچ خەباتێکی شۆڕشگێڕی هاوبەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابێت ئەگەر جەماوەری کرێکاری عەرەب، فارس و تورک بۆ دۆزی سەربەخۆیی کورد ڕانەکێشرێن.

خاڵی دەستپێکردن و ئەنجامگیری بەرنامەیی ئێمە زۆر جیاوازە لە هی ئەوان. وەک هاوڕێ ئاندرێ وتی: "بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەی کورد پێویستی

به لەناوبردنی شۆڕشگێڕانەی لانیکەم چوار ڕژێمی سەرمایەداری – و زاڵبوونی ئیمپریالیستی هاوتەریب – لە سەرانسەری ئەم ناوچە گرنگە ستراتیژییەدا هەیە. ئەمەیە مەبەستمان لە دروشمی کۆماری سۆسیالیستی کوردستانی یەکگرتوو." ئەمە ئەو ڕوانگە شۆڕشگێڕییەیە کە ئێمە بۆی خەبات دەکەین، و ئەوەیە کە ڕایلی و هاوڕێکانی "لە ئێستادا داوای ناکەن."

## بەڵگەنامەی ٦

**WV به شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەکەمان لە 'شۆڤێنیزمی ناشیرین'ی ڕۆبێرتسۆن قبوڵ دەکات**
**نامیلکەیIBT ، ٤ی تەممووزی ٢٠٠٣.**

لە ١٢ی حوزەیران، ئێمە وەڵامێکمان بۆ هێرشێکی بوختانئامێز لە ژمارەی ٦ی حوزەیرانی وۆرکەرز ڤانگارد – WV) ڕۆژنامەی یەکێتی سپارتاکۆستی ئەمریکا) نووسی کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک دژی سەربەخۆیی نەتەوەی کوردە (بڕوانە .(www.bolshevik.org ژمارەی ٤ی تەممووزی WV بەشێک لە نامەکەمان و هەوڵێک بۆ پاساودانی ڕەشکردنە دەروونناسی–سیاسییەکەیان چاپ دەکات. بەڵام، بە وریاییەوە هەر تێبینییەک لەسەر پاشکۆی نامەکە لابەلا دەکەن کە تیایدا پێشنیارمان کرد ئەگەر دەیانەوێت نموونەیەکی ڕاستەقینەی 'شۆڤێنیزمی خۆبەزلزانی هێزە گەورەکان' بدۆزنەوە، پێویست ناکات زیاتر لە ڕابەری باڵایان، جەیمس م. ڕۆبێرتسۆن بگەڕێن، کە لە تۆمارەکاندا هەیە بە شێوەیەکی قێزەون ئاماژەی بە کورد وەک 'تەرد' کردووە:

'ڕۆبێرتسۆن ئەم تێبینییە بەرازییەی لە وتارێکی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ بۆ لقی نیویۆرکی SL کرد کە تیایدا باسی ئەوەی کرد چۆن سەرکردایەتی یەکێتی سپارتاکۆستی بەریتانیای پاکتاو کردووە. لە ماوەی قسەکەیدا، ڕۆبێرتسۆن بە نەرمی ڕەخنەی لە ڕووبێن سامویڵس، پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی SL گرت:

"ڕەخنە لە ڕووبێن: هەموو کاتەکە، ڕووبێن لە کوێ بوو؟ ئەو لە کتێبخانەکەدا بوو، خەریکی خوێندنەوە بوو دەربارەی تەردەکان بۆ پۆلەکەی. وا نییە؟ ئەو هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا." - بوڵتەنی گفتوگۆی نێودەوڵەتی، ژمارە ١٠، بەشی ١، کانوونی دووەمی ١٩٧٩، "ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە، ڕابکە... بیبڕە،" ل. ٦٠ (جەختکردنەوە زیادکراوە)

'ئەم تێبینییە ناکرێت وەک "گاڵتە" یان وەسفکردنێکی سیاسی "گۆشەیی" ڕوون بکرێتەوە. ئەمە تەنها شۆڤێنیزمێکی ناشیرینە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەن دامەزرێنەر/ڕابەری SLەوە وتراوە، بە وردی نووسراوەتەوە و لە بوڵتەنی ناوخۆیی گروپەکەدا بەبێ تێبینی یان ڕەخنە دووبارە چاپ کراوەتەوە. ئەمە بەڵگەیەکی سەرسوڕهێنەرە کە داڕمانی سیاسی SL لە ترۆتسکیزمەوە بۆ چەتەگەری سیاسی لە ساڵی ١٩٧٨دا بە تەواوی لە ڕێگادا بوو.' - نامەی IBT بۆ وۆرکەرز ڤانگارد، ١٢ی حوزەیران.

باشترین شت لە نووسینی گفتوگۆکەدا ئەوەیە کە هۆکار یان هەڵوێست نەخرێتە پاڵ نەیارەکان کە لەوانەیە نەیانبێت. بۆیە ئێمە ئامادەین سوودی گومان بدەینە SL لەم حاڵەتەدا، و بڕیاری WV بۆ هەوڵنەدان لە بەرگریکردن لەم قێزەونییە دیاریکراوەی *لیدەرەکەیان وەک قبوڵکردنێکی ناڕاستەوخۆی ڕەخنەکەمان لێکبدەینەوە. بێگومان باشتر دەبوو ئەگەر سەرکردایەتی SL ڕێزی ئەوەیان هەبوایە کە بە ئاشکرا دەستیان لەم تێبینییە شۆڤێنیستییە قێزەونە هەڵبگرتایە، بەڵام بێدەنگی شەرمەزارانە لانیکەم باشترە لە هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون لەسەری.

# بەڵگەنامەی ٧

## لێدوانی نووسینگە

**دووبارە چاپکراوە لە وۆرکەرز ڤانگارد ژمارە ٨٠٧، ١ی ئابی ٢٠٠٣.**

لە بڵاوکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکە لەگەڵ ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک (BT) لە WV ژمارە ٨٠٦ (٤ی تەمموز)دا، سەرنووسەر و ئەو هاوڕێیانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیار بوون لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەکە، هاوڕێ جەیمس ڕۆبێرتسۆنیان ئاگادار نەکردەوە لە ڕەشکردنەوە درۆینە و بێشەرمانەکەی BT کە وەک "شۆڤێنیست" لە "پاشبەند"ێکدا بۆ نامەیەک کە بە ڕواڵەت دەربارەی کورد بوو. لە جیاتی ئەوە ئێمە بە لایەکدا بڕیارماندا "پاشکۆ"کە لابەرین. لە ٤ی تەممووزدا، BTبە "پاشکۆ"کە لە شێوەی نامیلکەیەکدا لە ڕووداوی "مارکسیزم"ی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لە لەندەن دەرکەوت، بە گاڵتەجاڕییەوە وتیان کە" WV بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قبوڵی دەکات" تۆمەتە ڤێزەونەکانیان. نەخێر ئێمە قبوڵی ناکەین! ئێمە "پاشکۆ"کەمان لابرد چونکە درۆیەکی بێڕێز بوو، بەڵام بەم کارە کەوتینە داویBT ەوە و بە بێدەنگییە خۆدزینەوەکەمان گوناهمان پیشان دا. لە پشت ئەمەوە تێگەیشتنێکی بێ خوێنی سیاسەت هەبوو کە نووسینەکەیBT ی لەسەر کورد وەک دراوێکی باش وەرگرت، کە هیچ نەبوو جگە لە پێچەرێک بۆ حەبێکی ژەهراوی.

نامیلکەکەی ٤ی تەممووزی BT دەیسەلمێنێت کە "پاشکۆ" وروژێنەرەکەیان هەموو مەبەستی نامەکەیان بوو. دەبوایە بمانزانیبا BT .هیچ گرنگییەک بە کورد یان هەر گەلێکی چەوساوەی تر نادات. لە سەرەتای دروستبوونیەوە، BTگرووپێکی گومانلێکراو بووە بە خولیایەکی دوژمنکارانە بۆ یەکێتی سپارتاکۆست و بەتایبەتی هاوڕابەری دامەزرێنەرەکەی، جیم ڕۆبێرتسۆن.

بوختان دژی ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شتێکی نوێ نییە. ئەمانە کاڵای بازرگانی نەیارانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕین بۆ ئامادەکردنی ڕێکخراوە تەواوەکان بۆ هێرشی دوژمنکارانە و سەرکوتکردنی دەوڵەت. ڕێبازەکە ئەوەیە: ڕێکخراوێک بکوژە بە بڕینی سەرەکەی.

کردارەکانی دەستەی نووسەران پێشێلی نۆرمە دیموکراسی-سەنترالیستییەکانی کرد کە یەکێتی سپارتاکیست و یەکێتی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی لەسەری کار دەکەن. هاوڕێ ڕۆبێرتسۆن ئەندامی دەستەی نووسەران و سەرۆکی نیشتمانی یەکێتی سپارتاکۆستە و ئامانجی بوختانی BT بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز کۆپییەکی نامەیBT ی پێ نەدرا کە "پاشکۆ"کەشی تێدا بێت. جگە لە گەمژەیی، لووتبەرزی و ناهاوڕێیەتی، ئەم پچڕانە لە هاوکاری هێرشێک بوو بۆ سەر بەردەوامی شۆڕشگێڕی خۆمان. یەکێتی سپارتاکۆست،

هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، ڕێکخراوێکە کە چی هەیە دەیڵێت، بەبێ چەمانەوە بۆ هەستیارییە وردەبۆرژواکان. کردارەکانی دەستەی نووسەران دەکرێت لە ڕەوشتەکانی سەنتەریزمەوە خواستبێتیان، واتە جیاوازییەک لە نێوان ئەوەی ئێمە بۆی دەوەستین و ئەوەی دەیکەین.

ڕاگەیاندنی پرەنسیپەکانمان کە لە کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتی سپارتاکۆستی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٦دا پەسەند کرا، ئاماژە بە فەرمانی ترۆتسکی دەکات: "ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە بە ڕاشکاوی؛ بەدوای هێڵی کەمترین بەرگریدا نەگەڕان؛ بانگکردنی شتەکان بە ناوی ڕاستی خۆیان؛ وتنی ڕاستی بە جەماوەر، هەر چەندە تاڵ بێت؛ نەترسان لە بەربەستەکان؛ ڕاستگۆبوون لە شتە بچووکەکاندا وەک لە گەورەکاندا؛ بنیاتنانی بەرنامە لەسەر لۆژیکی خەباتی چینایەتی؛ ئازابوون کاتێک کاتی کردار دێت - ئەمانە ڕێساکانی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەمن." بە گونجان لەگەڵ ئەم مەبەستەدا، ئێمە بە ئاشکرا دان بەو خراپەیەدا دەنێین کە بەرامبەر بە پارتەکەمان، هاوڕێ ڕۆبێرتسۆن، و خوێنەرانمان کردوومانە.

## بەڵگەنامەی ٨

## بیل لۆگان: لە کرافت ئیبینگەوە بۆ دایە تێرێزا؟

### ڕەوتی بۆڵشەڤیک: هەڵگەڕاوەکان بۆ بەکرێگرتن

**دووبارە چاپکرایەوە لە وۆرکەرز ڤانگارد ژمارە ٨٠٧، ١ی ئابی ٢٠٠٣.**

لەم دواییانەدا ئێمە بووینەتە ئامانجی هاوارێکی بەکۆمەڵ کە تۆمەتی "شۆڤێنیست"مان لێدەدەن کە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی گریمانەکراوی چەپەوە دێت. هێندەی جیاوازن هێندەش بچووکن. لە ئەمریکا، یەکێتی بۆ پارتی شۆڕشگێڕ (LRP) ڕایدەگەیەنێت کە ئێمە "زایۆنیست"ین چونکە بەرگریکردنی ڕاشکاوانەمان لە گەلی فەلەستین دژی فەرمانڕەوا زایۆنیستە جینۆسایدکەرەکان لەسەر بنەمای لەناوبردنی خەڵکی عیبری-زمان نییە. دواتر گرووپی ئینتەرناسیۆنالیست (IG) دێت و تاوانبارمان دەکات بەوەی کە ئێمە خۆمان لەگەڵ "سۆسیال-شۆڤێنیزم" دەگونجێنین چونکە بە ئاشکرا باسی پێویستی بەرەنگاربوونەوەی هۆشیاری دواکەوتوو لەناو کرێکاران و چەوساوەکاندا دەکەین (بڕوانە "گاڵتەجاڕ و دیماگۆگەکان: وروژاندنێکیIG ، WV "ژمارە ٧٨٩، ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢). هاوکات IG هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبات بۆ بەرگریکردن لە لیدەر مینیمۆکەی

نێگرێتی بە درۆ تۆمەتباری دەکات کە ئێمە تۆمەتی ئەوەمان لێداوە کە ئەیجنتێکی وروژێنەرە، واتە بەکرێگیراوی پۆلیس. بۆچی؟ چونکە ئێمە ئەو ئازایەتییەمان هەبوو ئاماژە بەوە بکەین کە بوختانەکانیان بۆ ئێمە وەک ڕەگەزپەرست ئامادەکارییەک بوون بۆ وروژاندن و خراپتر دژی ڕێکخراوەکەمان.

ئێستا ئەم بوقلێدانەیان کە ئێمە وەک "شۆڤێنیست" ڕەش دەکات، لەلایەن گروپێکەوە بەشداری تێدا کراوە کە نەخۆشییەکی تایبەت بە خۆی هەیە - ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک .(BT) بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی بەریتانیا (SWP) لە کۆنفرانسێکی دواییدا بە ناوی "مارکسیزم" لە لەندەن، BTبە نامیلکەیەکەوە دەرکەوت کە جیم ڕۆبێرتسۆن، یەکێک لە ڕابەرە دامەزرێنەرەکانی ڕەوتە نێودەوڵەتییەکەمان، بە تۆمەتی "شۆڤێنیزمی ناشیرین" ڕەش دەکات. ئەمریکییەک کە گوایە "شۆڤێنیزمی خۆبەزلزانی هێزە گەورەکان"ی ئاراستەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، بەتایبەتی کورد BT .ڕۆبێرتسۆن بە بانگەشەی بێشەرمانە ڕەش دەکات کە گوایە وەسفی کوردی کردووە وەک "گەمژە".

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بوختان دژی ڕابەرانی کۆمۆنیست بە شێوەیەکی باو لەلایەن نەیارانی دژە مارکسیستەوە دەهاوێژرێت (مارکس وەک "شۆڤێنیست،" لینین وەک "ئەیجنتی ئەڵمانیا،" ترۆتسکی وەک "قەساب"ێکی خوێنڕێژ، کانۆن وەک "پەنجەرە-شکێنەر،" هتد). ئەم هێرشانە "کەسی" نین - مەبەست لێیان هێرشە بۆ سەر بوونی خودی بزووتنەوەی مارکسیستی و هەمیشە بە دروستی وەک ئەوە سەیر کراون.

ڕۆڵی BT لە "مارکسیزم" نموونەیەکە لەم بارەیەوە SWP .هەوڵ دەدات "ناوی باش"ی ئیمپریالیزمی بەریتانیا (و لەسەرووی هەموویانەوە نوێنەرە "شەرەفمەند"ەکانی پارتی کرێکاران) ڕزگار بکات بە سەرکۆنەکردنی "جەنگی بوش" دژی عێراق. نامیلکەکەی BT هاندانێک بوو بۆ چەتە و سانسۆرچییەکانیSWP ، کە دەستیان کرد بە دەوردانی مێزی ئەدەبیاتەکەمان، هەوڵیان دەدا ڕێگری لە فرۆشیارەکانمان بکەن و هەڕەشەیان دەکرد کە ئەگەر کەسێک لە ئێمە بچێتە ناو یەکێک لە مەکۆ گوایە "گشتییەکان"یانەوە "بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت." ئەوان وەک وتەکانیان بوون. هەندێک لە هاوڕێکانمان کە بە هەڵە بانگ کرابوون بۆ قسەکردن، بلیتەکانیان دڕێنرا و ڕێگە لە هەندێکی تریش گیرا کە بچنە ژوورەوە.

کاتێک ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا هاتنە سەر شەقامەکان بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی جەنگی چاوەڕوانکراو لەسەر عێراق، لقەکانی ICL دەستەی نێونەتەوەگەرای شۆڕشگێڕیان دروست کرد کە داوای بەرگری سەربازییان لە عێراق دەکرد و داوای جووڵاندنی پرۆلیتاریایان دەکرد لە خەباتدا دژی فەرمانڕەوا سەرمایەدارە "خۆماڵی"یەکانیان. ئەوەی ئێمە لە بزووتنەوەی دژە جەنگدا بۆی خەباتمان کرد بە دڵی

چاکسازیخوازەکان نەبوو، کە سەرقاڵی هەوڵدان بوون بۆ فریودانی خەڵک بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە کە دەکرێت جەنگەکە بە دروستکردنی بەرفراوانترین بزووتنەوەی مومکین ڕابگیرێت، بەتایبەتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ نوێنەران و دامەزراوەکانی ئەو سیستەمە ئیمپریالیستییەی کە جەنگ دروست دەکات. کاتێک دوو لە هاوڕێ ژنە گەنجەکانمان لە خوێندنگایەکی دژە جەنگدا لە لەندەن لە شوباتی ڕابردوودا قسەیان کرد بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەن کە دژایەتیکردنی جەنگی چاوەڕوانکراو لەسەر عێراق مانای دژایەتیکردنی ئەو حکومەتی کرێکارانەیە کە جێبەجێی دەکرد، کریس بامبێری، یەکێک لە بەرپرسە سەرەکییەکانی SWPی بەریتانیا، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەر کەسێک پشتگیری سیاسی هاوپەیمانی دژی جەنگ نەکات "شایانی گوللەیەکە لە سەریدا."
وەک کۆمەڵەی سپارتاکۆست/بەریتانیا لە بەیاننامەی نارەزایەتی خۆیدا (WV ژمارە ٧٩٩، ١٤ی ئازار) نووسیویەتی: "ئەمە ڕووخساری ڕاستەقینەی دروستکردنی هاوپەیمانی 'ئاشتی بە ئاشتی بدە'ی SWP ە: دەبێت سوورەکان بێدەنگ بکەیت بۆ ئەوەی کرێکاران و گەنجان وەک بەرخ لەگەڵ گورگەکانی پارتی کرێکاران ڕابکشێن لە کاتێکدا جەنگ دژی عێراق و دژی خەڵکی کرێکار لە ناوخۆدا بەڕێوە دەبەن"!
چەند ساڵێک لەمەوبەر، دانپێدانان و خەباتی ڕاشکاوانەمان دژی دوژمنایەتییە نەژادی و ئێتنیکییەکان بەرەوڕووی بارانێک لە تۆمەتی "ڕەگەزپەرستی" بووەوە لەلایەن تێکەڵەیەکی بۆگەن لە گروپە مشکەکانەوە. وەک لە وەڵامەکەماندا نووسیمان، "ڕقت لە ڕاستی بێت، ڕقت لە یەکێتی سپارتاکۆست بێت: هەڵمەتی درۆی گەورەی ئەخلاقگەرایانی چەپی نوێ " (WVژمارە ٢١٧، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨): "تۆمەتی ڕەگەزپەرستی (وەک تۆمەتی 'پۆلیس') پیسترین قوڕە کە دەتوانرێت بهاوێژرێت. لەم کۆمەڵگا ڕەگەزپەرستییەدا تۆمەتێکە کە گریمانەی تاوانباری دەکات تا بێتاوانی دەسەلمێنرێت. وەڵامدانەوە پێدەچێت ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە گومان بڵاوە و لەوانەیە پاساودار بێت. بێدەنگ مانەوە وەک بەڵگەی تاوانباری وەردەگیرێت".

ئێمە وەک مارکسیست خۆشباوەڕی نەتەوەیی یان شۆڤێنیزمی -هیچ- گەلێک بەلاریدا نامانبات، بەڵکو خەبات بۆ ڕزگاری سۆسیالیستی پرۆلیتاریا و ئازادکردنی هەموو چەوساوەکان دەکەین. ئەمە بەدڵی ئەوانە نییە کە نەک مارکسیزم بەڵکو ئەخلاقگەرایی لیبراڵ و ناسیۆنالیزمی "جیهانی سێیەم"ی لابەلا هانیان دەدات. (وەها شتێک ڕەوتی بۆلشەڤیک هان نادات، کە لە ڕاستیدا هیچیان نییە جگە لە سووکایەتی پێکردنی بێزراو بۆ خەباتەکان دژی چەوساندنەوەی نەژادی، نەتەوەیی یان ئێتنیکی، بەڵام دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەوە.) بەڵام درۆکانیان دژی ئێمە لە خزمەتی گروپی گەورەتر، بەڕاستی سۆسیال-شۆڤێنیست، چاکسازیخوازەکاندایە کە دەیانەوێت دەستمان پێ بگەیەنن، چونکە ئێمە خەبات بۆ دژایەتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاری نێونەتەوەیی دژی فەرمانڕەوا ئیمپریالیستەکان و ئەو تاڵانکردنە درندانەیان دەکەین کە ئەوان و جێگرە نیوە-کۆلۆنیالییەکانیان، بەسەر گەلانی چەوساوەی سەرانسەری جیهاندا دەیهێنن.

بەرگریکردن لە فەلەستینییەکان دژی هێرشی جینۆسایدی فەرمانڕەوا زایۆنیستەکانی ئیسرائیل ناوەندی هەوڵەکانمان بوو بۆ بۆ جووڵاندن بۆ دەستە شۆڕشگێڕییەکانمان. ئێمە بە ڕوونی جیاواز بووین لە ئاشتیخوازی و سۆسیال-نیشتمانپەروەری ڕاستەوخۆ کە لەلایەن باقی چەپی گریمانەکراوەوە دەفرۆشرا، کە زۆربەیان هەر باسی فەلەستینییەکانیان لابرد بە ناوی "یەکێتی" لەگەڵ هەموو شتێک لە سیاسەتمەدارانی پارتی دیموکراتی پرۆ-زایۆنیستەوە لە ئەمریکا بۆ ئاشتیخوازە بۆرژواکان کە ڕقیان لە هەموو "توندوتیژی"یەکە، بەتایبەتی هی چەوساوەکان دژی چەوسێنەرەکانیان. لە هەمان کاتدا کە چەپی ساختە ئێمە وەک زایۆنیست سەرکۆنە دەکەن، هاوڕێکانمان لە ئەڵمانیا بە جەستەیی هێرشیان دەکرێتە سەر لەلایەن بەناو "دژە نەتەوەییەکان"ەوە - کە نۆکەری پرۆ-زایۆنیستی ئیمپریالیزمی ئەڵمانیان - لەسەر بەرگریکردنمان لە فەلەستینییەکان.

## نەخۆشی هەڵگەڕاوەکان

نامیلکەکەی ڕەوتی بەلشەفیزم، بە ناونیشانی "شۆڤێنیزمی ناشیرینی ڕۆبێرتسۆن،" پاشبەندێک لە نامەیەک دەگێڕێتەوە کە بۆ وۆرکەرز ڤانگاردیان نووسیوە و سکاڵایان دەکرد چونکە ئێمە لەسەر دژایەتییە شۆڤێنیستییەکەیان بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد بزمارمان لێیانداوە. ئەم پاشبەندە ئاماژە بە پێشکەشکردنێک دەکات کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨دا لەلایەن هاوڕێ ڕۆبێرتسۆنەوە بۆ لقی نیویۆرکی یەکێتی سپارتاکۆستی ئەمریکا نووسراوە. بابەتەکە خەبات بوو بۆ لابردنی سەرۆکی نیشتمانی لقی بەریتانیمان، بیل لۆگان، کە کارێکی ناخۆش و دڕندانەی بەڕێوە دەبرد.

هاوڕێ ڕۆبێرتسۆن بە نموونەی چۆنیەتی چەوساندنەوەی چەوساندنەوە دەستی بە قسەکانی کرد، باسی ئەوەی کرد کە چۆن لۆگان "ڕژێمە"کەی خۆی بە سوودوەرگرتن لە ناوەکیبوونی چەوساندنەوە دروست کردبوو، بەتایبەتی هی ژنانی گەنج و هەروەها هەر کەسێک کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینایەتی-هۆشیار و ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگای بەریتانیاوە بە "چینی نزم" دادەنرا. وتارەکە تێبینی کرد: "چەوساندنەوەی ناوەکیکراو شتێکی خراپ، خراپە. پێم وایە لە بنەڕەتدا هەندێک لەو ڕژێمە خراپانە بوو کە لێرە و لەوێ لە ڕێکخراوەکەماندا دۆزیمانەوە. چونکە هەمیشە پێویستی بە دوو لایەن هەیە. پێویستی بە کەسانێک هەیە کە نائارامن، دەبنە دڕندە یان سادیست یان لووتبەرز، ستالینە بچووکەکان. هەروەها پێویستی بە قوربانی هەیە. قوربانیبوونەکە، بە گشتی، لە یاریکردن بە نائارامی و ترسی ناوەکییەوە دێت." لە ڕاستیدا هەموو برگەیەکی وتارەکەی ڕۆبێرتسۆن گوزارشتی لە نالێبوردەیی پارتەکەمان دەکرد بەرامبەر بە هەموو جۆرەکانی شۆڤێنیزم و چەوساندنەوە، کە بنەڕەتییە بۆ مەبەستەکانمان وەک ڕێکخراوێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ.

لەم چوارچێوەیەدا، ڕەخنە لە ڕووبێن سامویڵس گیرا، کادیرێکی پێشەنگی نێودەوڵەتیمان کە لەو کاتەدا لە لەندەن بوو، لەسەر دوورکەوتنەوەی لە خەباتی بەپەلەی مانەوەی لقێکی سپارتاکۆست لە بەریتانیا: "ڕەخنە لە ڕووبێن: هەموو کاتەکە ڕووبێن لە کوێ بوو؟ ئەو لە کتێبخانەکەدا بوو، خەریکی خوێندنەوە بوو دەربارەی (تەردەکان) بۆ پۆلەکەی. وا نییە؟ ئەو هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێرا BT ".هاوار دەکات کە ئەمە ئاماژەیەکی "بەرازی"یە بۆ کورد. تەنها لە مێشکی ئەوانەدا کە بەڕاستی شۆڤێنیزم هانیان دەدات دەکرێت "تەرد" وەک ئاماژە بۆ کورد ببینرێت! ئەوەشBT یە تا ئەو ڕادەیەی ئەم ڕێکخراوە هیچ تێبینییەکی لەسەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی گەلانی بێژماری سەرانسەری جیهان کردبێت، کە زۆر کەمە، BT بە توندی ڕایگەیاندووە کە دژی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە - بە دەرهێنانی کۆسۆڤۆ لەو کاتەدا کە جیاخوازە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ وەک دیاریکەری شوێنی بۆمب بۆ جەنگی ئەمریکا/ناتۆی ساڵی ١٩٩٩ دژی سربیا کاریان دەکرد. بۆBT ، کورد لەناو ئەوانەدان کە داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی دێتە ڕێگەی "خەباتی کرێکاران و جوتیاران دژی دەوڵەتە چەوسێنەرەکان".

ئەمە تەنها بۆ کورد نییە BT .ناوبانگێکی خراپی بەدەست هێناوە لەسەر دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کیوبێک، کە بانگهێشتێکی فەرمی بۆBT ی بەدەست هێنا لەلایەن ڕێکخەرانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری شۆڤێنیستی ئینگلۆ-"گەلای قەیسی" بۆ یەکێتی لە مۆنتریال لە ئێوارەی ڕیفراندۆمێکی ١٩٩٥ لەسەر سەروەری کیوبێک (و هەروەها لەدەستدانی تاکە ئەندامی کیوبێکیان، کە بە ناڕەزایی دەربڕین لە "بلۆکی کرداری BT لەگەڵ بۆرژوازی کەنەدی" دەستی لەکار کێشایەوە). لێرەشدا BT هەوڵ دەدات شۆڤێنیزمەکەی لە پشت بانگەوازەکان بۆ "خەباتی چینایەتی هاوبەش" بشارێتەوە، دەنگدانەوەی بیرۆکراتە کرێکارییە ئینگلۆ-شۆڤێنیستەکانی کەنەدایە کە ئەوانیش بەڵگە دەهێننەوە کە سەربەخۆیی کیوبێک زیانبەخش دەبێت بۆ "هاوپشتی کرێکاران".

باسی گونجاندن لەگەڵ "شۆڤێنیزمی هێزە گەورەکان" دەکەین، ئەی پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیای گەورە (CPGB) چی، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر BT هەوڵی دا ڕایانبکێشێت بۆ گفتوگۆکان "بۆ دووبارە گرووپبەندی سیاسی"؟ گرنگ نەبوو بۆیان کە ڕەشنووسی بەرنامەی ساڵی ١٩٩٥ی CPGB بە ئاشکرا ڕایگەیاند: "دەوڵەتی سەرمایەداری لە بەریتانیا ئایدیۆلۆژیایەکی فەرمی دژە ڕەگەزپەرستی هەیە" (وۆرکەرز ویکلی، ٥ی ئەیلولی ١٩٩٩). لە ڕاستیدا، ئەم دانوستانانەی یەکگرتنەوە تەنها لەبەر ئەوە تێکچوون کە CPGB دەستپێشخەرێکانی BTی ڕەت کردەوە.

لە ئەمریکا، BTبە هەمان شێوە لەسەر ئاوازی سیاسی بیرۆکراتە کرێکارییە پرۆ-سەرمایەدارەکان هەڵدەپەڕێت، کە بێبایەخیان بەرامبەر خەباتی جەماوەری ڕەشپێست دەنوێنێتەوە. کاتێک یەکێتی سپارتاکۆست لە ساڵی ١٩٨٢دا هێزی کرێکاران و کۆمەڵگای ڕەشپێستی جووڵاند بۆ تێکشکاندنی سەرکەوتووانەی وروژاندنێکی Ku Klux Klan لە

واشنتۆن دی.سی.، و یەکێتی کرێکارانی ڕەشپێست لەسەر بنەمای ئەو سەرکەوتنە دامەزراند، BTبانگەشەی ئەوەی کرد کە ئێمە پشتمان لە یەکێتییە کرێکارییەکان کردووە و بە نیشانەی بێڕێزی دانا بۆ "ڕێکخستنی کۆمەڵگە!"

لە ئەمریکا، ڕەگەزپەرستی دژە ڕەشپێست هەمیشە خزمەتکاری کۆنەپەرستی بووە و هەمیشە سەیری خەباتی ڕەشپێستەکانیان کردووە وەک کارێکی تێکدەرانە. خەبات بۆ جووڵاندنی چینی کرێکاری فرە-نەژاد بۆ بەرگریکردن لە جەماوەری چەوساوەی ڕەشپێست کلیلی شۆڕشی سۆسیالیستییە. بەختەوەرانە، کرێکاران و گەنجانی ڕەشپێست لە واشنتن و کرێکارانی بەندەر و کەشتیوانانی ڕەشپێست لە لقە کرێکارییەکانی سەرتاسەری باشوور هاوبەشی سووکایەتی پێکردنی BT نەبوون بۆ جووڵاندنەکەمان دژی Ku Klux Klan . تەنها ئەوانە دەیانتوانی ماهیەتی جووڵاندنەوەکەمان ببینن لە پێناوی یەکێتی و یەکپارچەیی چینی کرێکار دژی ڕەگەزپەرستی "دابەشکە و حوکم بکە"ی سەرمایەداری و هێزە شۆک هێنەرە فاشیستەکانی.

## زبڵ بۆخۆی ناڕوات

لە (WV ژمارە ٨٠٦، ٤ی تەمموز)، ئێمە بەشێک لە نامەکەی BTمان بڵاوکردەوە کە تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵمان کە بیروڕاکانیانمان لەسەر گەلی کورد بە شێوەیەکی "زەق" شێواندووە؛ هەروەها دژایەتی ئەوانمان بۆ سەربەخۆیی کورد نیشان دا، تا ڕادەیەکی زۆر بە هێنانەوەی قسەکانی بی تی خۆی لە بابەتەکانی چاپەمەنییەکەی، ١٩١٧. بەڵام مەبەستی نامەکەی BT پاشکۆکەی بوو - بۆ بوختانکردن بە یەکێتی سپارتاکۆست و بەتایبەتی نیشاندانی هاوڕێ ڕۆبێرتسۆن وەک "شۆڤێنیست." نامیلکەکە کە BT بە چەتەکانی SWP لە مارکسیزمدا نیشاندابوو بە گاڵتەجارییەوە دەڵێت کە لابردنی "هەر تێبینییەک لەسەر پاشبەندی نامەکە" لە WV بەڵگەیە لەسەر "قبوڵکردنی ناڕاستەوخۆ"ی بوختانی "شۆڤێنیزمی ناشیرین"ی ئەوان. ئەوەی ئێمە دانیپێدادەنێین گەمژەیی و ساویلکەییە. وەک لە لێدوانی نووسینگەماندا دەنووسین (بڕوانە لاپەڕە [٢١]): "ئێمە 'پاشکۆ'کەمان لابرد چونکە درۆیەکی بێڕێز بوو، بەڵام بەم کارە کەوتینە داوی BTەوە و بە بێدەنگییە خۆدزینەوەکەمان گوناهمان پیشان دا." ئێمە وەڵامی نامەکەی BTمان دایەوە وەک ئەوەی جۆرێک ناکۆکی سیاسی ڕەوا بێت لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و وەک ئەوەی مەبەستی نامەکەیان بەڕاستی پەیوەندی بە دۆخی گەلی کوردەوە هەبێت. دەبوایە باشتر وریابوینایە.

BT ئەو گروپە نییە کە هیچ بایەخێکی بۆ ناکۆکی بیروڕای سیاسی هەبێت، کە بۆ خۆی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری کرێکاران و گەنجانی ڕادیکاڵ. هەرگیز وەها بایەخێکی نەبووە. دامەزرێنەرانی BT هەموویان بە تاکەکەسی لە ڕێکخراوەکەمان

کشانەوە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ساردی دووەمی دژە سۆڤیەتی ساڵانی ١٩٨٠، کاتێک مەترسییەکانی "سوور" بوون زۆر زیاتر بوو لەوەی لە سەردەمی "چەپی نویٚ" و بزووتنەوەی دژە جەنگی ڤێتنامدا کە زۆربەیان تێیدا بەشدار بوون. دوای چەند ساڵێک، ئەم کۆمەڵە ترسنۆکە سیاسییە پێکەوە هاتن بۆ داڕشتنی پاساوێکی سیاسی بۆ نەبوونی ئازایەتییان، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە لەسەر بیروڕا سیاسییەکانیان "دەرکراون". هیچ وشەیەکیان نەبوو، چ جای بەڵگەنامەیەک، کە بتوانن وەک بەڵگەی دژایەتی سیاسی گریمانەکراویان ئاماژەی پێ بکەن، تەنها لێدوانە بێزراوەکانی دەستلەکارکێشانەوەیان نەبێت.

بەڵام هەرچەندە خواستە سیاسییەکانیان - کە بە گشتی ڕاستڕەوانەن و بە گشتی ڕەنگدانەوەی پەراوێزەکانی ئەکادیمیای وردە-بۆرژوازین کە بە زۆری تێیدا دەژین - دەبێت بیانباتە شوێنێکی تر، BT لە ماوەی بوونیدا خولیایەکی نائاساییان بۆ ڕێکخراوەکەمان هەبووە. ئەوان مێژوویەکی تا ڕادەیەک بەردەوامیان هەیە لە ئەنجامدانی وروژاندن دژی ئێمە، ڕێک کاتێک هێزەکانی تر - لە چاکسازیخوازەکانەوە تا ئاژانسەکانی بۆرژوازی - ئێمەیان کردووەتە ئامانج. بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٨٣دا، ) BT کە ئەو کات خۆی بە ڕەوتی دەرەکی ناودەبرد) هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی دەستپێکرد کە ئێمەی وەک "توندوتیژ" ناو دەبرد، بە درۆوە دەیانوت کە ئێمە هێرشمان کردووەتە سەر یەکێک لە ئەندامەکانیان. ئێمە لەو کاتەدا سەرقاڵی خەباتێکی یاسایی زۆر جددی بووین دژیFBI ، کە ڕێکخراوەکەمانی وەک "توندوتیژ" کردبووە ئامانج. و لێرەدا گروپێک لە ئەندامانی پێشووی ڕێکخراوەکەمان هاواریان دەکرد کە ئێمە "توندوتیژ"ین. ئەمە خزمەتی بەرژەوەندی کێی دەکرد؟

لە ساڵی ١٩٨٥دا پارچە نووسینێکی زۆر داهێنەرانەی ڕۆژنامەوانی خشۆکیان بڵاو کردەوە بە ناونیشانی "ڕێگا بۆ جیمستاون،" کە پارتەکەمانی وەک "کۆمەڵەیەکی گوێڕایەڵی" ڕەش دەکرد و چیرۆکی بریقەدار و بوختانئامێزی گەندەڵی و خراپتری دەگێڕایەوە. لە ساڵی ١٩٩٥دا، ئەم بوختانانە دژی ئێمە هیچ کەمترنەبوو لە گۆبەندی فەرمانڕەوا سەرمایەدارەکانی ئەمریکا کەلە -وۆڵ ستریت جۆرناڵ- دژ بە ئێمە دەیانووسی. مەبەستەکە هەوڵدان بوو بۆ لاوازکردنی نارەزایی گەشەسەندووی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ بەرگریکردن لە زیندانی سیاسی ڕەشپێستی و بڕیاری سزای لەسێدارەدان دژبە مومیا ئەبو-جەمال، کە ئەو کات لەژێر هەڕەشەی دەستبەجێی لەسێدارەداندا بوو. لە هەوڵەکانیاندا بۆ وێناکردنی جەمال وەک "پۆلیس کوژ"ێکی تووڕە، وۆڵ ستریت جۆرناڵ (١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٥) بە دڵخۆشییەوە بوختانەکانی BTی وەرگرت بۆ وێناکردنی کۆمیتەی بەرگری پارتیزان - ئەو ڕێکخراوە سەرەکییەی کە خەباتی کردبوو بۆ ئەوەی کەسانی تر کەیسەکەی بگرنە ئەستۆ - وەک پەیوەندیدار بە "کۆمەڵە"یەکی شێت. وەک نزیکەی دوو دەیە لەمەوبەر نووسیمان، "ئەوانەی کە ڕقێکی کەسی چڕ وەک بەرنامەیەکی سیاسی ڕێنماییان دەکات تەنها داوای ئەوە دەکەن ببنە ئامرازی کەسێک، بە ئاگابێت یان

لە نا ئاگاییەوە، (هەندێک جار هەردووکیان)" ("ڕەوتی دەرەکی: ناوێکی نوێ، هەمان یاری؟" WV ژمارە ٣٨٨، ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥).

زیادکردنی بیل لۆگان وەک ڕابەری خۆشەویستی خۆیان بۆ BT لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕەهەندێکی تەواو نوێی بۆ خولیای BT زیاد کرد بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئێمە بە هەر شێوەیەک. لۆگان لە یەکەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕەوتەکەماندا لە ساڵی ١٩٧٩دا دەرکرا دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەلایەن کۆمیسیۆنی کۆنترۆڵی نێودەوڵەتی و دەستەی دادگاییەوە کە دۆزییانەوە کە ئەو کەسێکی سایکۆپاتی چەوتە کە وردەکارییە هەرە تایبەتییەکانی ژیانی کەسی هاوڕێیانی بۆ مەبەستی دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتێکانی خۆی بەکارهێناوە. تۆمەتەکان دژی لۆگان لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی سپارتاکۆستی ئوستراليا و نیوزیلاندەوە هێنرایە ئاراوە. بەڵگەنامەکان لەسەر کارەکانی لۆگان لە بەریتانیا لافاوێکی شایەتی ئازاربەخشی لەلایەن هاوڕێ زۆر گەنجەکانی لقە دوورەکەی ئوسترالیاوە هێنایە ئاراوە کە لۆگان پێشتر بۆ چەندین ساڵ سەرۆکی نیشتمانی ڕێکخراوەکە بووە. وەک ڕووبێن ساموێلس، کە لەو کاتەدا لەلایەن بەشی نێودەوڵەتییەوە نێردرابووە ئوسترالیا، لە بەڵگەنامەیەکی دواییدا گێڕایەوە: "بە سوودوەرگرتن لە بێ ئەزموونییان و هەروەها دڵسۆزی قووڵیان بۆ بەرنامەکەمان، لۆگان لە ئوسترالیا کۆمەڵەیەکی کەسایەتی بەڕێوە دەبرد لەسەر بنەمای پیلانگێڕی ژەهراوی و دەستکاریکردنی وردەکارییە هەرە تایبەتییەکانی ژیانی کەسی هاوڕێیان. 'دڵسۆزی' بە دڵسۆزی بۆ دوایین خولیای 'سەرۆک' دەپێورا. بە هاوڕێیان دەوترا کێ دەبێت لەگەڵ کێ جووتبێت یان نا. منداڵ بە نەفرەت دادەنرا و لەباربردن 'ئەرکی' پارتی بوو، بە جۆرێک کە هاوڕێیەک کە منداڵێکی ببوو وەکوو کارێکی خۆکوژی لێیان دەڕوانی".

لۆگان دەرکرا لەسەر تاوانەکانی "دژی ڕەوشتی کۆمۆنیستی و ژێرخانە سەرەتاییەکەی شکۆی مرۆیی." بڕیارەکە بە یەکدەنگی لەلایەن نوێنەرانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیمانەوە (لەوانە هەندێک کە دواترBT یان دامەزراند) پەسەند کرا و بەو ئەنجامە گەیشت کە لۆگان "ناتوانێت و نابێت هەرگیز ئەندامی ڕێکخراوێکی چینی کرێکار ببێت." وەک ڕێوشوێنێکی پاراستنی بزووتنەوەی کرێکاران، ئێمە هەنگاوی نائاساییمان نا بۆ بەردەستکردنی بوڵتەنە ناوخۆییەکانمان کە کەیسی لۆگانیان بەڵگەمەند کردبوو بۆ خەڵک و هەندێک هەوڵمان دا بۆ گەیاندنیان بە کتێبخانە گەورەکانی ئوسترالیا و نیوزیلاند.

## تووتکەیەکی نەخۆش

یازدە ساڵ دواتر، BT لۆگانی وەک یەکێک لە ئەندامانی لە باوەش گرت. بە پێچەوانەی بنەماڵەی پاشایەتی سعودیە، کە تەنها ئەوان پەنایان بە دیکتاتۆری دەرکراوی ئوگەندا عیدی ئەمین دا، BT لۆگانی وەک لیدەری گشتی خۆی دەستنیشان کرد و وەک ڕەوتێکی "نێودەوڵەتی" کاریخۆی دەستپێکرد. ئێستا BT دەست بەسەر لێدوانێکی هاوڕێ ڕۆبێرتسۆندا دەگرێت کە ٢٥ ساڵ لەمەوبەر دراوە - لێدوانێک کە هەرگیز تاکە ناڕەزایەتییەکی لە چەندین ئەندامی داهاتووی BT کە ئەو کات هێشتا لە ڕێکخراوەکەماندا بوون بەدوای خۆیدا نەهێنابوو لە بوڵتەنە ناوخۆییەکانمانەوە کە بۆ خەڵک بەردەستن. ئەمڕۆ، BT ئەم لێدوانە دەشێوێنێت بۆ ئەوەی تۆمەتی درۆینەی "شۆڤێنیزمی ناشیرین" بکات و بوختانەکە بە گروپە چاکسازیخوازە گەورەترەکان (و کێ دەزانێت بەکێی تر) دەفرۆشێت.

جێگەی سەرنجە کە پاشکۆی نامەکەی ١٢ی حوزەیرانی BT بۆWV ، کە لەو نووسراوەیەدا کە بەSWP یان دا لە "مارکسیزم"دا باسکرایەوە، هیچ باسێکی لۆگان ناکات. ناتوانن باسی ئەوە بکەن کە ئەو وتەیەی هاوڕێ ڕۆبێرتسۆن کە دەریانهێناوە و لە ناسینەوە شێواندوویانە لە بوڵتەنێکەوە دێت بە ناونیشانی "دەربارەی ڕژێمی لۆگان بەشی یەکەم." بۆچی؟ بۆچی لۆگان بووەتە هاوتای ئەو بۆشاییەی لەسەر وێنە دەستکاریکراوەکان؟ BT چی دەشارێتەوە؟

سەیرکردنی ماڵپەڕی لۆگان (bl.co.nz) لەوانەیە هەندێک وەڵام پێشکەش بکات. لێرەدا لۆگان خزمەتگوزارییەکانی خۆی وەک "ڕاوێژکار، چارەسەرکاری گێڕانەوەیی و ئاهەنگگێڕ" بانگەشە دەکات. ئەو پیاوەی هەوڵی دا هاوڕێیەکی ژنی گەنج ناچار بکات لەباربردن بکات و کاتێک ئەوە سەرکەوتوو نەبوو گوشاری خستە سەری تا منداڵەکەی بخاتەماڵێکی چاودێری، کەچی ئێستا دەقی نموونەیی بۆ ناشتنی منداڵان دابین دەکات. ئەو پیاوەی کە هەموو هەڵوێستەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای لەمێژ داڕماوی لاسایی دەکردەوە بۆ یاریکردن بە ناوەخنی چەوساندنەوەی گەنجانی چینی کرێکار، ژنان و ئەوانەی لە "کۆلۆنییەکان"ەوە هاتوون، ئێستا "نیعمەتێکی دنیایی" پێشکەش دەکات کە شایانی بۆرژوازییەکی قەڵەوە کە دادەنیشێت بۆ نانخواردن کاتێک بە سوپاسگوزارییەکی بێڕێزانە دەکات بۆ "ئەوانەی کە ڕووەکەکانیان چاند... بۆ ئەوانەی بەرهەمەکەیان کۆکردەوە... بۆ ئەوانەی ئامادەیان کرد و ئەوانەی خزمەتیان کرد." ئەو پیاوەی کە زمانی پەرلەمانی خاتوونی مەلیکەی بەکار دەهێنا لە ناڕەزایی دەربڕین دژی هەر ڕەخنەیەک لە خۆی کە لەوانە بوو بگاتە ئەندامان وەک "پێشێلکردنی دیپلۆماسی" کاتێک لە ڕێکخراوەکەماندا بوو. ئێستا لە ماڵپەڕەکەیدا بانگەشە دەکات بۆ "کاریگەرییەکانی چەرچ و سونەتەکانی لەسەر منداڵیم". ئەم کۆلۆنیێلە سوکە سادیستە ئێستا بووەتە بانگخواز

"هەموو منداڵی خودان" - وتنی ئەوەی کە ئەمە توتکەیەکی نەخۆشە، زۆر لەوە گەورەترە کەهەیە.

## پێم بڵێ هاوڕێکانت کێن...

نیشانەیەکی سەرەتایی کە شتێک بەتەواوی دروست نەبوو لەگەڵ لۆگان کاتێک بوو کە دەستی کرد بە نووسینی بەڵگەنامە کە بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کە دەستەی چەکداری چریکی بەس بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاران لەسەر هەر پارچە خاکێک، لەوانەش زۆر نزیک بوو لە بەڵگەهێنانەوە کە دەوڵەتی کرێکاران دەکرێت لە "یەک ئەشکەوت"دا دروست بکرێت. ئەم "تیۆرییە" تایبەتە زۆر هاوبەشی هەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی پۆل پۆت. بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو، دەتوانرێت شێواندنی هاوبەش و ناشیرینکردنی مارکسیزم ببینرێت بۆ کۆمەڵەیەکی کەسایەتی دڕندە کە تایبەتمەندی "میتۆدەکانی" سەرکردایەتی لۆگان بوو. لەلایەکی ترەوە لە سەیرکردنی ئەوەی کە چی وا لە BT دەکات بجووڵێت، ئال ڕیچاردسۆنی گۆڤاری (مێژووی شۆڕشگێڕی) هەیە. ڕیچاردسۆن دژە کۆمۆنیستێکی زەق بوو، وە لە ژێر کاریگەری "نەریتە دیموکراتییەکان"ی کرێکارگەرایی پەرلەمانیدا بوو.

ئەمەیە ئەو کۆمپانیا سیاسییەی کە BT بە لۆژیکی سەر بە ئەوەیە. نامیلکەی دووەم کە BTلە مارکسیزمدا دابەشی دەکرد ("بەراورد و جیاوازی ICL - لە بەرامبەر IBT لەسەر ستالینیزم و بەرگری سۆڤیەتی") کۆکراوەیەکی ڕاستەقینەی دژە سۆڤیەتیزمی BTی پێشکەش کرد. ئەمە لە سەرکۆنەکردنی بانگەوازەکەمانەوە بۆ "سڵاو لە سوپای سوور لە ئەفغانستان" کە دژی کۆنەپەرستانی ئیسلامی دژە ژنی پشتگیریکراوی CIA دەجەنگا تا بانگەشەکەیان کە لێدوانەکەمان بۆ پشتگیری سەربازی لە ستالینیستەکانی کرێملین ئەگەر دەستێوەردانیان بکردایە بۆ وەستاندنی هەوڵی دەسەڵات لەلایەن سۆلیدارنۆشی دژە جوولەکە، کۆنەپەرستی ئایینی لە پۆڵەندا لە ساڵی ١٩٨١دا "لادانێکی ستالینۆفیلی هەڵوێستی ترۆتسکیستی بەرگری سەربازی بێ مەرجی دەوڵەتە کرێکارییە بیرۆکراتیزەکراوەکان" بوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشەکییەدا، تۆمەتی BT کە ئێمە لە بەرگری سۆڤیەتیدا "پاشەکشەمان کرد" بە نەدانی پشتگیری سەربازی بە پیلانگێڕانی کودەتای بێهێزی کرێملین دژی هێزە دژە شۆڕشگێڕییەکانی یێڵتسن لە ساڵی ١٩٩١دا زیاتر سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت. کودەتاچییەکانی "دەستەی هەشت" هیچ جووڵەیەکیان دژی یێڵتسن نەکرد، سەربازی یان بە شێوەیەکی تر، لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەی کە ئەوان هێندەی دەستەی یێڵتسن پابەند بوون بە گەڕانەوەی سەرمایەداری بەڵام پشتگیری ئیمپریالیزمی ئەمریکایان نەبوو. لە ڕاستیدا، پشتگیریBT ی دوای ڕووداوەکە بۆ "دەستەی هەشت" تەنها ڕێگایەکی گونجاو بوو بۆ BT تا بتوانێت هەڵوێستە هەمیشە زۆر ناوەکییەکەی بەرگری سۆڤیەتی فڕێ

بدات به ڕاگەیاندنی ئەوەی کە خەبات دژی گەڕانەوەی سەرمایەداری پێشتر دۆڕاوە. لە بەرامبەردا، ICLدەیان هەزار دانە لە نامیلکەکەمان "کرێکارانی سۆڤیەت: دژە شۆڕشی یێلتسن-بوش شکست پێ بهێنن!" لە یەکێتی سۆڤیەتدا بڵاو کردەوە. تەنها کاتێک ڕوون بووەوە کە چینی کرێکار ناجوولێت دژی یێلتسن، کە بە خێرایی دەوڵەتێکی سەرمایەداری دادەمەزراند، ئێمە قبوڵمان کرد کە یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەناوبراوە.

دەتوانیت گرەو لەسەر پێڵاوەکانت بکەیت کە BT پشتگیرییە سەربازییەکەی بۆ پیلانگێڕانی کودەتاکە لە بیر کرد لە کۆمپانیای SWPدا، کە چەپڵەی بۆ دژە شۆڕشی یێلتسن لێدا وەک هۆکارێک بۆ "خۆشحاڵی." بە پێچەوانەوە، دەستێوەردانی قسەکەرێکی BT لە فۆرۆمێکی SWPدا لە "مارکسیزم" لەسەر "ڕوسیا ١٩١٧ و دیموکراسی سۆڤیەتی" ئەوەندە بێهێز بوو کە چەپڵەلێدانی بەردەوامی لە زۆربەی بینەرانەوە بەدەست هێنا، کە پڕ بوو لە ئەندامانی SWP ی دژە کۆمۆنیست و سەرمایەداری دەوڵەتی. ئەی سەبارەت بە هێڵی BT کە دەڵێت سەربازە ئیمپریالیستەکان دەبێت "وەک بەراز بژین، وەک بەراز بمرن"؟ BT تۆمەتی "سۆسیال-نیشتمانپەروەری"ی لە ئێمە دا چونکە ئێمە چەپڵەمان بۆ کوژرانی ٢٤٠ مارینزی ئەمریکی لێنەدا کە بە بۆمبێکی ئۆتۆمبێل تەقێنرانەوە - کە لەلایەن کەسان و هێزی نەناسراوەوە دانرابوو لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٣دا وەک کردارێکی "دژە ئیمپریالیزم."

وەک لەو کاتەدا ئاماژەمان پێکرد، بە خوێنتینوبوونی BT لە ئێمە هەڵوێستێکی گونجاو بوو دژی ئێمە و هەم ڕاستەوخۆ هاوتەریب بوو لەگەڵ دوورییان لەو شوێنەی کە خوێنەکەی تێدا دەڕژا. لە "مارکسیزم"دا هاوڕێکانمان هانیBT یان دا بیروباوەڕە گریمانەکراوەکانی خۆیان کەمێک نزیکتر لە ماڵەوە جێبەجێ بکەن و دەستێوەردان بکەنە فۆرۆمێکەوە لەسەر ئیرلەندای باکوور بۆ داواکردنی ئەوەی کە سەربازە بەریتانییەکان لەوێ دەبێت "وەک بەراز بمرن." زۆر ئەگەری نییە. لە جیاتی ئەوە ڕابەری گروپی بەریتانی BT بە ئەدەبەوە پرسیاری کرد کە بۆچی هاوپەیمانی سۆسیالیستی، کە کەمێک زیاتر بووە لە گروپێکی پێشەوەی هەڵبژاردن بۆSWP ، "داوای دەرچوونی سەربازانی بەریتانیا لە ئیرلەندای باکوور ناکات لە ئێستادا." بۆچی؟ لەوانەیە پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەبێت کە SWP پشتگیری دەستێوەردانی ئەم سەربازانەی کرد لە ساڵی ١٩٦٩دا؟! بەڵام ئەمە ڕێکاری ستانداردی-BT یە - ئەوان زەردەخەنەکەیان بۆ شۆڕشگێڕەکان تەرخان دەکەن لە کاتێکدا لەبەردەم هێزە چاکسازیخوازە گەورەکاندا بەچۆکدادێن.

بەم شێوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە BT پرۆفایلێکی سیاسی هەیە، وەک سەنتەریستەکانە کە دژایەتی سپارتاکۆسێکان وەک بلیتی چوونە ناوەوە بۆ زەلکاوی سۆسیال دیموکراسی بەکار دەهێنن. بەڵام BT هەروەها شتێکی تەواو جیاوازیشە: دەستەیەکی دڕندەی هەڵگەڕاوەی "خوایەک کە شکستی هێنا"ی شێتە، کە ئامادەن خزمەتی مەبەستەکانی ئەوانە

بکەن کە دەیانەوێت ئێمە لەناو ببەن. درۆ و بوختان چەکە هەڵبژێردراوەکانیانە، وەک یەکەم پەنای خاوەنکارەکانن کاتێک دەیانەوێت مانگرتنەکان بشکێنن و بۆ بەرگریکارانی دۆخی ڕەگەزپەرستی بوون کاتێک دەیانەوێت خەباتکارانی ڕزگاری ڕەشپێستەکان لەناو ببەن.

لە سەردەمی مارکسەوە، مارکسیستەکان هەمیشە پابەند بوون بە پاکوخاوێنی سەرەتایی لە بزووتنەوەی کرێکاراندا. ئێمە نازانین ئایا BT تەنها بە ڕقی خولیاییەوە هان دەدرێت یان بە شتێکی تەنانەت مەترسیدارتر. بەڵام لە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ناوکی پێشەنگی لینینیستی پێویست، ئەوان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو دوژمنەکانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەکەن. ڕەشکردنی ICL وەک "شۆڤێنیست" هێرشکردنە بۆ سەر ناوەڕۆکی ئەوەی کە ئێمە کێین و دەبێت چی بین بۆ ئەوەی ڕۆڵێک بگێڕین لە ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتی لە ستەمی سەرمایەداری.

## بەڵگەنامەی ٩
## دامەزرێنەر و ڕابەری کۆمەڵەی سپارتاکۆست بۆی دەردەکەوێت
## کەڕاستی ئازار بەخشە
## نامەی ٨ی ئابی ٢٠٠٣ بۆ وۆرکەرز ڤانگار

**تۆرۆنتۆ، کەنەدا**

**٨ی ئابی ٢٠٠٣**

**بۆ سەرنووسەر:**

لە وۆرکەرز ڤانگاردی ١ی ئاب(WV) داهاتووە ئێوە ڕاتانگەیاند کە گفتوگۆکە لەسەر پرسی کورد کە لەلایەن هاوڕێ برووس ئاندریوە لە دوو ژمارە پێشوتردا دەستپێکرابوو چیتر "ناکۆکییەکی سیاسی ڕەوا نییە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا." وا دیارە "ڕەوایەتی"ی خۆی لەدەستدا کاتێک ڕوون بووەوە کە ئێوە سەرکەوتوو نابن. لەم پەیوەندییەدا، ئێمە تێبینی دەکەین کە وەڵامەکەتان لە( ٤ی تەمموز WV ژمارە ٨٠٦) بۆ نامەکەمان لە ١٢ی حوزەیران هەموو هێڵی بەڵگەهێنانەوەکەی ئاندریێ لابرد، لە کاتێکدا ئەنجامگیرییەکەی

دووپات دەکردەوە. ئێمە ئەمە وەک دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆ وەریدەگرین کە تۆمەتەکانی بەڕاستی هیچ نەبوون جگە لە "دەستکاریکردنێکی ناشیرینی دەق".

وتارەکەتان لە ٤ی تەمموز تۆمەتەکان تەواو جیاوازبوون، بەڵام بە هەمان ڕادە بەڵگەی بێبنەمای بەکار هێنا بۆ ڕەشکردنی ئێمە وەک شۆڤێنیست. ئێوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە، IBT" دژی بانگەوازی کوردستانێکی سەربەخۆیە،" کە ئێمە داکۆکی لە "دۆخی شۆڤێنیستی بوون" دەکەین، "پشتگیری ڕوونمان بۆ خواستە نەتەوەییەکانی چەوساوەکان" لە کوردستان نییە، و "دژی" هەر هەوڵێکی کوردین بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. ئەم تۆمەتانە هەموویان بە تەواوی درۆن. وەک چەندین جار ڕوونمان کردووەتەوە، ئێمە بێ مەرج بەرگری لە مافی گەلی کورد دەکەین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، کە پشتگیریکردنی هەر هەوڵێکیان دەگرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا.

بەڵام، ئێمە لە ئێستادا داوای دروشمی کوردستانێکی سەربەخۆی (بۆرژوازی) ناکەین. لە ڕاستیدا، ئێوەش نایکەن. ئەمەش بەهۆی ئەو دژوارییە قووڵانەیە کە لە بارودۆخی ئێستای ناوچەکە هەیە، وەک دە ساڵ لەمەوبەر ئاماژەمان پێکرد:
"یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پرسی نەتەوەیی کورد ئەوەیە کە تێکەڵاوە لەگەڵ پرسی کۆمەڵایەتی لەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی کوردیان تێدایە و لە ڕێگەی ئەوانەوە، لە هەموو دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی نزیک. خەبات بۆ ئازادی کورد پێویستی بە خەباتێکی هاوبەش لەگەڵ جەماوەری کرێکاری تورک، فارس و عەرەب هەیە. هەر هەڕەشەیەکی جدی بۆ دەسەڵاتی سەرمایەداری لە تورکیا، بۆ نموونە، بێگومان دەبێت پرسی کورد بخاتە ڕوو. لە لایەکی ترەوە، خەباتی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەتوانێت بە ئاسانی شەپۆلێک لە ئاژاوە بوروژێنێت کە ڕژێمە لاوازەکانی ناوچەکە تێکبشکێنێت." - ١٩١٧، ژمارە ١٢، ١٩٩٣

وەک لە نامەکەمان لە ١٢ی حوزەیراندا ئاماژەمان پێکرد، ئێوە تەنانەت فۆرمۆلەی زیاتر ڕەهاش بەکار دەهێنن لەوەی ئێمە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەگەری سەربەخۆیی بۆ کوردستان جگە لە زنجیرەیەک ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی ناوچەیی. ئێمە بە تەواوی پشتگیری لە ڕوانگەی دەوڵەتێکی کرێکاریی کوردی دەکەین وەک بەشێک لە فیدراسیۆنێکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و ئەمە وەک باوترین ڕێگا دەبینین بۆ گەلی کورد تا خواستە نەتەوەییەکانیان بەدی بهێنن. بەڵام، وەک پێشتر وتوومانە، ئەمە شتێکە کە لە کۆتاییدا لەلایەن خودی کوردەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

لە وتارێکدا بە ناونیشانی "کرێکارانی کورد لە شۆڕشی عێراقی( ١٩٥٨-٥٩ WV "ژمارە ٣٧٠، ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥) [بڕوانە پاشکۆی B لە لاپەڕە ٣٥]، هاوڕێ ڕووبێن سامویێلس باسی ئەوەی کرد کە چۆن، لە ساڵی ١٩٥٩دا لە وەڵامی کودەتایەکی ڕاستڕەودا" :حشع] حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کە 'لە کوردستانەوە بەڕێوە دەبرا نەک لە

بەغدادەوە'] توانی سەربازانی کورد و عەرەب یەک بخات دژی ئەفسەرەکانیان...." ئەگەر ئەزموونی خەباتی چینایەتی هاوبەش ببێتە هۆی زیادبوونێکی دراماتیکی لە متمانەی دووقۆڵی لەنێوان کرێکارانی هەموو لایەنەکان، وا دەردەکەوێت کە گەلی کورد لەوانەیە بیانەوێت هەندێک لایەنی ئەو ڕوانگەیە هەموار بکەن کە ئێمە ئێستا پێشبینی دەکەین. خاڵی سەرەکی بۆ شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە کورد مافی ئەوەیان هەیە داهاتووی خۆیان دیاری بکەن.

هەڵوێستی گشتی دەستەی نووسەران لە پەیوەند بە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نامەکەمان لە ١٢ی حوزەیران ( ژمارە ٨٠٧، ١ی ئاب-WV-) تۆزێک سەرسامی کردین. پاشگەزبوونەوەکە پشتراستی هەڵسەنگاندنەکەمان دەکاتەوە لە بڵاوکردنەوەی کورتکراوەی نامەکەمان، ڕەخنەیەکی بێ وێنە بوو (تەنها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ) لە جەیمس ڕۆبەرتسۆن، ڕابەری بێ هاوتای گرووپەکە. کاتێک هاوڕێ ڕۆبەرتسۆن تێگەیشت چی ڕوودەدات، نووسەرە هەڵەکانی WV کەوتنە بەر هەندێک لەو ڕەخنە/خۆڕەخنەگرتنەی کە لە بەشی "ڕاهێنانی گوێڕایەڵی لە "SL لە "ڕێگا بۆ جیمستاون"دا باسکراوە، کە حیکایەتی ئێمەیە لە ساڵی ١٩٨٥ دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی SL بەم دۆخەی ئەمڕۆی.

دەستەی نووسەرانی تۆقیو ئێستا خۆیان تورە نیشان دەدەن کە: "BT ناوی ڕۆبەرتسۆن بە بانگەشەیەکی ناشیرین لەکەدار دەکات کە گوایە کوردەکانی وەک 'گەمژە' وەسف کردووە." درۆکردن لە شتە بچووکەکاندا، وەک گەورەکانیش، WV بڕیاریدا وشەی "گەمژە"- گەورە نەنووسێت وەک لە دەقە ئەسڵییەکەدا هاتووە، بۆ ئەوەی باوەڕ بە بانگەشەی ئێستایان نەکرێت کە دەڵێن "درۆیەکی ناشیرینە" دەربارەی ڕابەری گەورەی SL.

بۆ ئەوانەی لەو کاتەدا ئامادە نەبوون، لەوانەیە سوودبەخش بێت تۆزێک پێشینەی تێبینییەکەی ڕۆبەرتسۆن ڕوون بکەینەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨، یەکێتی سپارتاکۆست/بەریتانیا (SL/B) دوو هاوڕێی تورکی (E) و (F) وەک بەشێک لە ڕێکخستنەوەیەکی گەورە لە یەکێتی سۆشیالیستی کرێکارانی ئالان سۆرنێت (WSL) ڕاکێشا. یەکەم ژمارەی سپارتاکۆست بەریتانیا (نیسانی ١٩٧٨) بەڵگەنامەیەکی لەخۆگرتبوو کە لە بڵاوکراوەی ناوخۆیی WSL دووبارە چاپکرابووەوە بە ناونیشانی "بەسە هەلپەرستی، پاڵەوانبازیو بوندیزم - بۆ ڕوانگەیەکی ترۆتسکیستی لە تورکیا،" کە لەلایەن E" و"F ـەوە واژۆ کرابوو. [بڕوانە پاشکۆی A لە لاپەڕە ٣١.] ڕاکێشانی ئەوان دەرفەتێکی گرنگی بۆ ڕێبازی نێودەوڵەتی سپارتاکۆست (iSt) ڕەخساند، بەڵام نیگەرانی هەبوو سەبارەت بە هەستیارییان لەسەر پرسی کورد، بۆیە سەرکردایەتی) SL/B کە لەو کاتەدا بیل لۆگان سەرۆکایەتی دەکرد) خوێندنێکی پەروەردەیی لەسەر کوردستان دانا. ڕوبێن ساموێلس، پسپۆڕی iSt لە پرسی نەتەوەیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاسپێردرا بۆ پێشکەشکردنی باسە سەرەکییەکە.

وتارەکەی ساموێلس، کە بۆ یەکەم هەفتەی کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ دانرابوو، لەلایەن پێشهاتی دراماتیکترەوە پەکخرا. جەیمس ڕۆبەرتسۆن، کە بڕیاری دابوو ڕژێمی لۆگان برووخێنێت، کۆتایی هەفتەی پەروەردەیی پلان بۆ دارێژراوی وەک پەردەپۆشێک بەکارهێنا بە سەفەرکردنی بۆ لەندەن، لەگەڵ چەند هاوکارێکی دەستنیشانکراودا، بۆ ڕێکخستنی کودەتایەک. هەفتەیەک دوای سەرکەوتن لە لابردنی لۆگان، ڕۆبەرتسۆن لە لقی نیویۆرکی SL باسی سەرکەوتنەکەی دەکرد. لە میانەی قسەکانیدا، کە زوو لە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی iSt دەرکەوت، ڕۆبەرتسۆن گاڵتەی بە ساموێلس کرد کە لە بازنەکە فڕێدراوەتە دەرەوە و پەرۆشێکەی لەدەست داوە:

"کەواتە، دواتر، دژایەتی فراکسیۆنی دەستی پێکرد. ئێمە لە کۆبوونەوەی شەوی هەینی دەستمان پێکرد؛ پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بوو. زۆر گەورە بوو. نیوەی ئەندامەکان بوون. چونکە ئەندامەکان بۆ کۆتایی هەفتەیەکی پەروەردەیی دەهاتن. ڕەخنە لە ڕوبێن: هەموو کاتەکە، ڕوبێن لە کوێ بوو؟ لە کتێبخانە بوو، خەریکی خوێندنەوە بوو دەربارەی( **گەمژەکان**) بۆ پۆلەکەی. وا نییە؟ هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا. جۆرج و من سەیری یەکترمان کرد و گوتمان، 'پێمان وا نییە دەقاودەق ئەو جۆرە کۆتایی هەفتە پەروەردەییە بێت کە لە مێشکماندا بوو...'. مانگی داهاتوو دەگەڕێینەوە بۆ پەروەردەکە. پەروەردەیەکی باش."
- بڵاوکراوەی گفتوگۆی نێودەوڵەتی ژمارە ١٠، بەشی یەکەم، لاپەڕە ٦٠.

وتارەکەی WV دان بەوەدا دەنێت کە ڕۆبەرتسۆن ئەو تێبینییەی کردووە، بەڵام خۆی لە هەر ئاماژەیەک دەبوێرێت سەبارەت بەوەی مەبەستی چی بووە WV .تێبینی دەکات کە: "ڕوبێن ساموێلس، کادرێکی پێشەنگی نێودەوڵەتیمان... لەو کاتەدا لە لەندەن بوو،" بەڵام باسی ئەوە ناکات کە بە تایبەتی لە تۆرۆنتۆوە فڕیبوو بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی لەسەر کوردەکان. ڕوونکردنەوەکەی ئێمە بۆ ئەوەی ڕوبێن لە کتێبخانە چی دەخوێندەوە، ئێستا سەرزەنشتی خوێندنەوەکەمان دەکرێت و وەک "درۆیەکی سووکایەتی ئامێز" و بەڵگەی شۆڤێنیزمی گریمانەکراوی ئێمە مەحکوم دەکرێت:

"BTهاوار دەکات کە ئەم ئاماژە 'ناشیرینە' بۆ کوردەکان، تەنها لە مێشکی ئەوانەدا کە بە ڕاستی شۆڤێنیزم ئیلهامیان پێدەدات، دەکرێت **'Turds'** وەک ئاماژە بۆ کوردەکان ببینرێت!" - WV ژمارە ٨٠٧، ١ی ئاب.

کەس ناتوانێت SL تۆمەتبار بکات بە  نابوێری! بەڵام ئەندامانی یەکێتی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستەکان (ICL) و خوێنەرانەی WV کە مێشکیان "بە ڕاستی لەلایەن شۆڤێنیزمەوە ئیلهامی پێ نەدراوە" بەجێهێڵراون تا بۆ خۆیان لەوە تێبگەن پۆلەکەی ڕوبێن دەربارەی چی بووبێت؟ ڕابەرانی SL ژیرانە خۆیان لە بابەتەکە دەبوێرن، چونکە دەزانن بە هەر درۆیەکی نوێ خۆیان دەخەنە چاڵێکی قوڵترەوە.

لە ٦ی ئاب، ئەندامێکی پێشووی SL/B ئەم سەرنجە داواکراوەی بۆ ناردین:
" بە ڕاستی کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ڕۆبەرتسۆن ئاماژەی بە کورد دەکرد، کاتێک ڕوبێن خەریکی ئامادەکردنی وتارەکەی بوو لە جیاتی بەشداریکردن لە بەرگریکردن لە چەوساوەکان؟" باشە، هەموومان وامان دەکرد، بۆچی؟ چونکە وتارەکەی ڕوبێن لەسەر - کورد بوو. ئەگەر بۆ کورد نەبووبێت، تێبینییەکەی ڕۆبەرتسۆن ئاماژەی بە کێ، یان چی، دەکرد؟
"لە ڕێکخراوێکی ئاساییدا، ڕابەرە باڵاکانی تر دەیانگوت، هاوڕێ، داوای لێبوردن بکە.... بەڵام لەSL ، هەموو خولیا و هەموو سەرخۆشییەکی ڕابەر دەبێت بەرگری لێ بکرێت. بەم شێوە 'داوای لێبوردنە' زەلیلانە لەگەڵ وتارەکەدا هاتووە". وتارەکە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە هەوڵی شاردنەوەکە سەرنەکەوێت، بۆیە وتارەکەی WV ئاماژە بە بەرگرییەکی دووەم دەکات وەک پلانی دووەم:

"هێشتا کۆپییەکی نامەکەی BT کە 'پاشکۆ' کەی تێدایە بۆی نەنێردراوە [ڕۆبەرتسۆن]. جگە لە گەمژەیی، لووتبەرزی و ناهاوڕێیەتی، ئەم پچڕانە لە هاوکاری هێرشێک بوو لەسەر بەردەوامیی شۆڕشگێڕی خۆمان. یەکێتی سپارتاکۆست، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ڕێکخراوێکە چی هەبێت دەیڵێت بەبێ چەمانەوە بۆ هەستی وردە-بۆرژوازییەکان. کردەوەکانی دەستەی نووسەران دەکرێ لە شێوازەکانی سەنتەریزمەوە وەرگیرابن، واتە جیاوازییەک لە نێوان کار و کردەوەدا".

ئایا ئەمە بەمانای ئەوەدێت کە بەرگریکردن لە تێبینییە زۆر ناشیرینەکەی ڕۆبەرتسۆن مانای "چەمانەوە بۆ هەستی وردە-بۆرژوازییەکان" بوو؟ ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین، بەڵام لە رووی فزوڵیەتەوە با بزانین SL بانگەشەی چی دەکات " سەبارەت بە خوێندنەوە دەربارەی( Turds)" لە مۆزەخانەی بەریتانی دەبوو چی بگەیەنێت.

داننانی دەستەی رابەرایەتی بە هەڵەی خۆیان، کە وەک شتێک دەخوێندرێتەوە کە ڕابەرە دیکتاتۆرەکەیان ئەوەی کردبێت، ڕوونی ناکاتەوە بۆچی دەقی تەواوی نامەکەمان لێی شاردرایەوە. ئایا وا بیردەکرایەوە کە زۆر ماندوو و سۆزدارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یادەوەرییەکاندا؟ ئایا دەستەی نووسەران لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتن کە تێبینییەکەی ئەوەندە بێ بەرگری بوو کە باشترین شت ئەوە بوو پشتگوێ بخرێت؟ ئایا دامەزرێنەر/ڕابەر هەرگیز دەیزانی ئەگەر ئێمە بڵاوکراوەکەمان لە ڕووداوی "مارکسیزم"ی پارتی کرێکارانی سۆشیالیست (SWP) لە لەندەن دابەش نەکردبا؟ ئێمە نازانین، بەڵام ئەگەر هاوڕێ ڕۆبەرتسۆن فێر بێت خۆی بچێتە ئینتەرنێت، لە داهاتوودا دەتوانێت وەک هەر کەسێکی تر سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکات.

WV نەویست، یان لەوانەیە نەتوانێت، هیچ ڕوونکردنەوەیەک بۆ تێبینییەکەی ڕۆبەرتسۆن بدات، دوو لاپەڕە و نیوی بە کەرەستەی دووبارە بەکارهێنراوە لە "**IBT چییە؟**" پڕ

کردووەتەوە، پۆلێمیکێکی "**گۆڵی خۆیی**"ی ١٩٩٥ ئەوەندە لاواز بوو کە تەنانەت جان نۆردن و گرووپی ئینتەرناشناڵیستەکەی، کە حەز دەکەن وا نیشان بدەن SL پێش دەرکردنی خۆیان لە ١٩٩٦ رابردویەکی بێ کەموکوڕیان هەبووە، حەماسێکی کەمیان بۆی هەیە. خوێنەرانی WV وەک تەقلیدێک تۆمەتە جێگیرەکان دژی IBT بە گشتی و هاوڕێ لۆگان بە تایبەتی دەپشکنن، دەتوانن ڕەتکردنەوەیەکی وردی بەڵگەدار لە بوڵتەنی ترۆتسکیستمان ژمارە ٥ بدۆزنەوە.
لەوانەیە تۆنی هیستیریای وتارەکەی WV لەلایەن خوێنەرانی ناشارەزا بە SL وەک بەڵگەیەک ببینرێت کە بە ڕاستی بە شێوەیەکی خێڵەکیانە کار دەکات - واتە، پرەنسیپی سەرەکی ڕێکخستن ئەوەیە کە دامەزرێنەر/رابەر ڕۆبەرتسۆن هەرگیز هەڵە ناکات (مەگەر خۆی وا بڵێت). کۆتایی نووسراوە توندەکە بیرهێنەرەوەی ڕاگەیاندنەکانی ١٩٧٣ی لیندۆن لاڕۆشە (کە ئەوکات بە لین مارکوس ناسرابوو) کاتێک لایەنگرانی خۆی بۆ تۆڵەی "ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوە"یان دژی پارتی کۆمۆنیست هان دەدا:

"بەڵام BT بەهەمانشێوە شتێکی تەواو جیاوازە: تاقمێکی چەقۆکێشی دڕندەی هەڵگەڕاوەن 'خۆ بە خودازانێکی شکستخواردوو'ی شێتن، کە پەرۆشن بۆ خزمەتکردنی مەبەستەکانی ئەوانەی دەیانەوێت ئێمە لەناو ببەن. درۆ و بوختان چەکە هەڵبژێردراوەکانیانن، وەک چۆن یەکەم پەنای خاوەنکارەکانن کاتێک دەیانەوێت مانگرتن بشکێنن و بۆ بەرگریکارانی دۆخی ڕەگەزپەرستی باو کاتێک دەیانەوێت خەباتکارانی ڕزگاری ڕەشپێستەکان لەناو ببەن. "لە سەردەمی مارکسەوە، مارکسیستەکان هەمیشە پابەند بوون بە چۆنایەتی سەرەتایی لە بزووتنەوەی کرێکاراندا. ئێمە نازانین ئایا BT تەنها بەهۆی ڕقی نەگۆڕیانەوە هاندراون یان بە شتێکی تەنانەت مەترسیدارتر. بەڵام لە هەوڵی لەناوبردنی ناوکە پێشڕەویە لینینێکاندان، ئەمانە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو دوژمنانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەکەن(WV ژمارە ٨٠٧، ١ی ئاب)

ئەمە یەکەم جار نییە کە سەرکردایەتی ICL هەوڵ دەدات ئەندامەکانی لە ڕەخنە ترۆتسکیستییەکانی ئێمە دوور بخاتەوە بە بوختان و هیستیریا. لە یەکەم پۆلێمیکی SL دژی ئێمە، "تێبینییەکان لەسەر 'ڕەوتی دەرەکی'"، کە لە بڵاوکراوەی ناوخۆیی SL ژمارە ٤٠، ئابی ١٩٨٣ بڵاوکرایەوە، ئاڵ نێڵسۆن، کۆنترین جێگری ڕۆبەرتسۆن، نووسی، "ETـەکان دەبێت ڕقێکی توند لە ئەندامانی iSt لای خۆیان دروست بکەن...."
لە ماوەی یەکەم هەڵمەتی "ڕقی توند"دا، SL کۆمەکەکانی ئێمەی بۆ هەڵمەتەکانی بەرگریان گەڕاندەوە و بە شێوەیەکی گشتی مامەڵەی لەگەڵ کردن وەک چۆن جێری هیلی مامەڵەی لەگەڵ نەیارە چەپەکانی دەکرد. (بڕوانە ١٩١٧ ژمارە ٣ "بەرگری لە دیموکراسی کرێکاران بکەن!") بەڵام ئەم سیاسەتە لە کۆتاییدا دژە بەرهەمی هەبوو، دوای چەند ساڵێک، سەرکردایەتی ICL بە بێدەنگی وازی لێهێنا و دیسان پارەی ئێمەی قبوڵ کرد، بەشداری لە هەڵمەتی بەرگری IBT کرد، و بە گشتی ڕێگەیەکی سیاسیتری هەڵبژارد. دوو گفتوگۆی ڕێکخراومان لەگەڵ ICL هەبووە (یەکێکیان لە نیوزیلەندا لە

١٩٩٤ و یەکێکی تر لە کەنەدا لە ١٩٩٩) و هەندێک جار لەسەر بابەتی بەرژەوەندی هاوبەش هاوکاریمان کردووە IBT :پشتگیری خۆپیشاندانی دژە-نازیSL ی لە نیویۆرک لە ١٩٩٩ کرد و ساڵی ڕابردوو هاوڕێیانی ICL لە تۆرۆنتۆ بەشدارییان لە بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ مومیا ئەبو-جەمال کرد کە ئێمە تێیدا دەستپێشخەریمان کرد.

پێشنیارە گاڵتەجاڕییەکەی WV کە بڵاوکراوەی پیرۆزباییمان بۆ هەوڵنەدان لە بەرگریکردن لە تێبینییە بەرازییەکەی ڕۆبەرتسۆن بە جۆرێکSL ی خستە بەر چەوسانەوەی "چەتە و سانسۆرچییەکانی "SWP -پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی" لە لەندەن ئەو تۆمەتەیەمان ڕەتکردەوە بەوەی کە هاوڕێکانمان لە شوێنەکە بە توندی دژی سیاسەتی دەرکردنی لایەنگرانی تۆنی کلیفەکان وەستان و بەرگرییان لە ICL کرد، وەک لە هەر حاڵەتێکی تردا کە کردوومانە کاتێک ئەوان یان ئەندامانی تری بزووتنەوەی کرێکاران، ڕووبەڕووی دەرکردن بوونەتەوە WV .هەروەها ئێمە مەحکوم دەکات بۆ هەوڵدان لە دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیای گەورە، چوونکە بینراوین لەگەڵ ئاڵ ڕیچاردسۆن، سەرنووسەری -مێژووی شۆڕشگێڕی- قسەمان کردووە. بە پێچەوانەیICL ئەوە لە پرەنسیپی ئێمەدا نییە کە دەبێت تەنها لەگەڵ ئەو کەسانە قسە بکەین کە پێشتر لەگەڵیان ڕێککەوتووین.

لە کاتێکدا سەرکردەکانی SL بیر لە پێناسەکردنی نەیارەکان ناکەنەوە بە خێڵەکی و شۆڤێنیزم، یان تەنانەت مانگرتنشکێن و نازی-دۆست، هەروەها زۆر هەستیارن بەوەی ڕەخنەیان لێبگیرێت. .WVسکاڵا دەکات کە نیشاندانی پەیکەرە ئێسکەکان لە دۆلابە تایبەتەکەی ڕۆبەرتسۆن بە جۆرێک ICL دەخاتە بەر "سەرکوتی دەوڵەت:"

"بوختان دژی ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شتێکی نوێ نییە. ئەوە پیشەی نەیارانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕە بۆ ئامادەکردنی تەواوی ڕێکخراوەکەیان بۆ هێرشی دوژمنکارانە و ڕێگە خۆشکردن بۆ سەرکوتی دەوڵەت. ڕێگاکە ئەمەیە: ڕێکخراوێک بکوژە بە بڕینی سەری WV - ".ژمارە ٨٠٧، ١ی ئاب

ئێمە هەمیشە بەرگری لە SL دەکەین دژی تۆمەتە ناڕاستەکان، وەک ئەوەی لە نامەکەی ئەم دوواییانەماندا بۆ پەیوەندی بۆ پارتی شۆڕشگێڕی لە ٣٠ی ئایار کردمان کاتێک بانگەشەیان کرد "سپارتاکۆستەکان [هەڵوێستێکی] شۆڤێنیستیان هەیە لەسەر کۆچبەران." سەبارەت بە کوشتنی ڕێکخراوێک بە بڕینی سەر، تەنها دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە ڕۆبەرتسۆن زۆربەی ئەوەی خۆی لە ICL کردووە، بۆیە کەس، لەوانەش ئەندامانی داهاتوویIBT ، ئازا نەبوون تێبینییە "گووەکان"ەکەی مەحکوم بکەن کاتێک کردی.

شتێکی گاڵتەجاڕی هەیە دەربارەی خۆ تووڕەکردنی WV کە ئێمە وێرامان نموونەیەک لە ڕابەری SL بهێنینەوە کە خەریکی "شۆڤێنیزمی خۆبەزلزانی هێزە گەورەکان" بووە، هەمان ئەو تۆمەتەی کە سەرەتا بەرەو ئێمە فڕێدرا. تەنها جیاوازی ئەوەیە کە ئێمە هەندێک بەڵگەمان هەبوو. ئەگەر کردنی وەها تۆمەتێک لە خۆیدا ئامادەکارییەک بێت بۆ

سەرکوت، وەک WV ئێستا بانگەشەی دەکات، بۆچی SL کردی لە سەرەتادا؟ نامەکەمان ئازاری دا چونکە ڕاستە، وەک ڕۆبەرتسۆن دەتوانێت شایەتی لەسەر بدات، ڕاستی دەتوانێت ئازار بدات.

ناکۆکییەکی قووڵ هەیە لە نێوان ڕووکاری شۆڕشگێڕی ICL و تۆماری سیاسی ڕاستەقینەی. زۆرجار گەنجە جدییەکان توشی سەرسوڕمان دەبن لە هەڵوێستە توونده مارکسیستێکەیان کە لەناو ڕۆژنامەکەیاندا بڵاوی دەکەنەوە کە زۆر ناکۆکە لەگەڵ مێژووی تۆمارکراویان کە پڕە لە هەڵپەرستی ترسنۆکانە و تایفەگەری گاڵتەجاڕ. ئەندامانی لاوانی سپارتاکوس هەروەها زۆرجار نیگەران دەبن بە هیستیریا ناسیاسییەکان کە زۆربەی دانیشتووە درێژخایەنەکانی "جیمستاون" بەکاری دەهێنن بۆ خۆبواردن لە گفتوگۆی سیاسی جددی لەگەڵ نەیاران. باشترین ئەندامانی ICL هەروەها هەست بە ناڕەحەتی دەکەن دەربارەی مەیلی گرووپەکە بۆ بەرهەمهێنانی پۆلێمیکی پڕ لە زیادەڕەوی و چەواشەکاری ڕاستەوخۆ.

سەرکردەکانی ICL کێشەی لەدەستدانی ئەندامە گەنجەکانیان پێش ئەوەی ببنە بەشێک لێیان، ئەوەش لە ئاکامی فشاری زۆرەوە لەسەریان. بەڵام هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا بە سیاسی، بەتایبەتی ئەگەر بەر ڕەخنەکانی ئێمە کەوتبن، پێویست دەکات پاساو بۆ هەڵوێستە هەڵەکان بهێنرێتەوە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ تەنانەت بێمێشکترین لایەنگرانی SL کێشەیان هەیە لە پاساوهێنانەوە بۆ بڕیاری ڕابەرە بێهەڵەکەیان لە ١٩٨٢ بۆ ناونانی دەستەیەکی SL بە ناوی یوری ئەندرۆپۆڤ، قەسابە ستالینیستەکەی شۆڕشی سیاسی کرێکارانی هەنگاریا لە ١٩٥٦. (بڕوانە بوڵتەنی ترۆتسکیست ژمارە ١: "تەنها ترۆتسکیزم دەتوانێت بەرگری لە دەستکەوتەکانی ئۆکتۆبەر بکات.") پەسنی ئەندرۆپۆڤ، لە بەرامبەردا، بە ئاشکرا دژ بە ڕەتکردنەوەی ICL ـە لە لایەنگیری سەربازی لە پارێزگارە ستالینیستەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئابی ١٩٩١ لەگەڵ بۆریس یێڵتسین و هێزەکانی دژەشۆڕشی سەرمایەداری. (بڕوانە ١٩١٧ ژمارە ١١: "ڕوبیکۆنی سۆڤیەت و چەپ).

پاشان ڕەتکردنەوەیەکی گاڵتەجارانەی SL لە ئامادەنەبوونیان لە خۆپیشاندانە گەورەکەی سیاتڵ لە ١٩٩٩ تەنانەت بەفرۆشتنی ڕۆژنامە، کە WV پێشوەختە وەک فێستیڤاڵێکی شۆڤێنیزم، ڕەگەزپەرستی و دژەشۆڕش مەحکومی کرد. (بڕوانە ١٩١٧ ژمارە ٢٢: "سیاتڵ و چەپ.") ڕاگەیاندنی سەرکردایەتی SL لە ٢٠٠١ کە بانگەشەی شکستی سەربازی داگیرکەرانی ئەمریکایان لە ئەفغانستان نەدەکرد (بڕوانە ١٩١٧ ژمارە ٢٤ ICL" :بەرەو کوێ دەڕوات؟") هەروەها سەرلێشێواوییەکی گەورەی لای ئەندامە گەنجەکانی گرووپەکە دروست کرد. (بەداخەوە زۆربەی کۆنەکان زۆر ناسیاسی و لاموبالات وخەمساردن لە شتی وا.) وەک لە نامەکەمان لە ١٢ی حوزەیران ئاماژەمان پێکرد، پاشەکشێکردن لە ئەفغانستان هاوتەریب بوو لەگەڵ بانگەشە نیشتمانپەروەرە کۆمەڵایەتییەکەی پێشووی SLبۆ ڕزگارکردنی مارینزی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەمخۆرییان بۆ

سەبارەت بە گەشتی چارەڕەشی چالێنجەر. (بڕوانە (بوڵتەنی ترۆتسکیست) ژمارە ٢: "مارکسیزم دژی نیشتمانپەروەری کۆمەڵایەتی" و ١٩١٧ ژمارە ٢: "چالێنجەر: کارەساتێک نییە بۆ چینی کرێکار".)

ئەو هەڕەشە و گوڕەشەیەی کە WV بەکاری دەهێنێت بۆ بەرگریکردن لە کەسێک کە خۆی بەئاشکرا داوای لێبوردن ناکات، بە دڵنیاییەوە بەناچاری زیادبوونی زۆرداری و فشاری کارگێڕی لە ناوخۆدا لەگەڵ خۆیدادێنێت، لە کاتێکدا سووکایەتیپێکردنی گشتی کارمەندانی WV نیشانەی ئەوەیە کە ڕۆبەرتسۆن هێشتا دەتوانێت بەردەوامبێت لە کارەکانی، خودی ئەو ڕاستییەی کە جێنشینە دەستنیشانکراوەکانی و نووسەرە گوێڕایەڵەکانی وایان بیر کردەوە کە لەوانەیە بتوانن یەکێکی بەسەردا تێپەڕێنن، بۆیە ڕۆبەرتسۆن پێی وابوو هەڵبژاردنەکەی کورتی هێناوە.
زۆربەی ئەندامە زیرەکەکانی ICL پێشتر تێبینی ناتوانایی سەرکردایەتییەکەیان کردووە لە ڕوونکردنەوەی تێبینییەکەی ڕۆبەرتسۆن، و بێگومان هەندێکیان ئاگادارن کە ئاراستە نوێیەکە بەرەو تۆقاندن و دژایەتیکردنی نوێنەر کە لە بنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ خۆبواردن لە گفتوگۆی سیاسی. کەواتە چی بکەین؟ وەک هاوڕێ ڕۆبەرتسۆن خۆی لە ١٩٧٨ ئەم تێبینیەی کرد، "ڕژێمێکی خراپ:"
"هەمیشە پێویستی بە دوو شتە:
**پێویستی بەوانە هەیە کە نائارامن، دەبنە دڕندە یان سادیست یان لووتبەرز، ستالینە بچووکەکان. هەروەها پێویستی بە قوربانییەکانیش هەیە. قوربانیبوونەکەش، بە گشتی، لە یاریکردن بە نائارامی و ترسی ناوخۆییەوە دێت.** WV - ".ژمارە ٨٠٧، ١ی ئاب

لە پاشکۆی ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨ بۆ داستانی "سووتاندن"ی ڕژێمی لۆگان لە لەندەن، ڕۆبەرتسۆن پرسیاری "کێ سووتێنەرەکان دەسووتێنێت؟"ی خستە ڕوو. پرسیارێکی باشە و وەڵامێکی باشی لە جەیمس پی کانۆنەوە پێشکەش کرد:

"باشترە هیوادار بین کە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی پابەند و تێکەڵبووی پێویست دروست بکەین بەجۆرێک کاتێک کادرە دامەزرێنەرەکەی بە ناچاری کۆتایی بە مێژووی شۆڕشگێڕی دێنێت، بە شکستی پێداچوونەوەخوازی یان بە شێوەیەکی تر، لە ناو ڕیزەکانماندا کەرتبوونێکی ژیانی دروست کردبێت، واتە، هێزە شەڕکەر و چاکسازییەکان بۆ بەرەوپێشچوون بۆ ڕابەرایەتیکردنی نەوە سیاسییە نوێیەکان." - دە ساڵی یەکەمی کۆمۆنیزمی ئەمریکی،- لە بڵاوکراوەی گفتوگۆی نێودەوڵەتی *International* iSt *Discussion Bulletin*ژمارە ١٠، بەشی دووەم، لاپەڕە ٤٤

چل ساڵ لەمەوبەر ڕۆبەرتسۆن ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پاراستنی داوی بەردەوامی شۆڕشگێڕی دوای دارمانی پارتەکەی کانۆن. ئەمڕۆ ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک

پابەندە بە دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ترۆتسکیزمی ڕەسەن دوای دارمانی کۆتایی SL بۆ ڕێگری سیاسی بەردەوام دەبێت.

**سڵاوی بۆلشەڤیکی،**
**تۆم ڕایلی، بۆ ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک**
پەخشکراوە لە ڤانگاردی کرێکاران ژمارە ٨٠٨، ٢٩ی ئاب ٢٠٠٣.

# بێڵگەنامەی ١٠
# بیل لۆگان: توتکەیەکی نەخۆش
# BT: هەڕەشەیەکی ڕۆیشتوو

لە (WV "“BT: Renegades for Hire” ژمارە ٨٠٧، ١ی ئاب)، ئێمە بەڵگەمان لەسەر ڕۆڵی ڕەوتی بۆلشەڤیک وەک هەڕەشەیەک دژی پەیوەندی سپارتاکۆست خستەڕوو وە ئەو نەخۆشیە رارابیە کۆمەڵایەتییەمان ئاشکرا کرد کە وەک ڕابەرەکەی بیل لۆگان باوەشی پێداکردووە. لە بەرگریکردن لە بوختانەکانی "شۆڤێنیزم"ی دژی پارتەکەمان، BT بە نامەیەک لە (٨ی ئاب) کە لە ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی "**ڕاستی بە ئازارە** " وەڵامی دایەوە. بێگومان ئازاریان دەدات. سەرەڕای ئەوەی لە ناوەندی ئەو ڕووداوانەدا بوو کە چەواشەیان کرد بۆ ڕستنی درۆکانیان، لۆگان، ڕابەرە گەورەکەی BT لە ١٩٩٠ـەوە، هێشتا کونە ڕەشەکەیە لە "وەڵام"ـە نوێیەکەیاندا.

وەک لە وتارەکەی پێشوومان بە وردی باسکرا، لە "پاشکۆ"یەکدا بۆ نامەکەی ١٢ی حوزەیرانیان کە بە ناو لەسەر پرسی کورد بوو، BTوتەیەکی کورتی لە دەرەوەی دەقەکە لە پێشکەشکارییەکی سەرۆکی نیشتمانیSL ، جیم ڕۆبەرتسۆن، کە ٢٥ ساڵ لەمەوبەر بۆ لقە نیویۆرکییەکەمانی کردبوو، هێنایەوە. لە ڕاپۆرتکردن لەسەر خەباتی پارتەکە بۆ لابردنی ئەو ڕژێمە دڕندە وپیسەی کە لۆگان وەک ڕابەری بەشە بەریتانییەکەمان بەڕێوەی دەبرد و ئەو ڕێگا جیاوازانەی دەستکاری دەکرد کە دەبوونە هۆکاری چەوساندنەوەی ناوخۆیی بەتایبەتی ژنە گەنج و هاوڕێ کەمینەکان. ڕۆبەرتسۆن ڕەخنەیەکی لە هاوڕێی پێشەنگ، ڕوبێن ساموێلس، گرت بۆ خۆدوورخستنەوەی لەم خەباتە:

"ڕەخنە لە ڕوبێن: هەموو کاتەکە، ڕوبێن لە کوێ بوو؟ لە کتێبخانە بوو، خەریکی خوێندنەوە بوو دەربارەی گەمژەکان بۆ پۆلەکەی وا نییە؟ هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا. جۆرج و من سەیری یەکترمان کرد و گوتمان، 'پێمان وا نییە دەقاودەق ئەو جۆرە کۆتایی هەفتە پەروەردەییە بێت کە لە مێشکماندا بوو...'. مانگی داهاتوو دەگەڕێینەوە بۆ پەروەردەکە. پەروەردەیەکی باش".

وەک لە وتارەکەی پێشوومان نووسیمان، "تەنها لە مێشکی ئەوانەدا کە بە ڕاستی شۆڤێنیزمەوە ئیلهام وەردەگرن، دەکرێت 'گەمژەکان' وەک ئاماژە بۆ کوردەکان ببینرێت!" سەرەڕای هەموو ئەو تۆمەت و تووڕە و تەواو ناڕاستەقینەکانی BT وتەیەک بە ناو نیشانی (شۆڤێنیزمی ڕەزیل) بەم شێوەیە پێشکەش دەکات،

"ڕۆبەرتسۆن گاڵتەی بە ساموێڵس کرد کە لە شانۆکە دوورخراوەتەوە و هەڵچوونەکەی لەدەستداوە." دوور لە گاڵتەپێکردن، ئەمە تۆمەتبارکردنێکی جددی بوو بۆ ڕابەرێکی باڵای نێودەوڵەتیمان لە کاتێکدا ئەوەی خرابووە ڕوو خەباتێک بوو بۆ ڕزگارکردنی بەشە بەریتانییەکەمان لە لۆگان. ئێستا BT دەڵێت بەڵگەی ئەوەی کە ئێمە پەردەپۆشی "شۆڤێنیزمێکی باو" دەکەین بەوە نیشان دراوە کە وتارەکەی پێشوومان باسی ئەوەی نەکرد کە ساموێڵس "بە تایبەتی لە تۆرۆنتۆوە ڕۆشتبوو بۆ لەندەن بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی لەسەر کوردەکان." دووەمیان تەواو ڕاستە، ڕۆبەرتسۆن و باقی سەرکردایەتی نێودەوڵەتی دڵنیابوون لەوەی کە باشترین هاوڕێی ئاگادارمان لە پرسەکە، ساموێڵس ە، کە ڕۆشت بۆ لەندەن، نەک جارێک بەڵکو دووجار، بۆ پێشکەشکردنی "پەروەردەیەکی باش" لەسەر خەبات دژی چەوساندنەوەی کورد - پێویستییەک کە بەتایبەتی بەهۆی ڕاکێشانی ئەم دواییەی هاوڕێ تورکەکان بۆ بەشە بەریتانییەکەمان خرابووە ڕوو. ئەمەیە ئەوەی BT پێی دەڵێت "شۆڤێنیزم".

زیاتر لە سەد کۆمۆنیستی گەنجی خاوەن بیروڕا و موناقەشەکار بە پاشخانی جیاوازەوە پێشکەشکردنەکەی ڕۆبەرتسۆنیان بیست و تێیانیگەیاند کە چی بوو: تۆمەتبارکردنێکی بەهێز بۆ چەوساندنەوەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری و تۆمارێک لە خەبات دژی کەسایەتییەکی نەخۆش کە هەوڵی دا هاوڕێیان لەناو ببات. ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون بە بیریان دێت کە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە دڵخۆش بوون، چونکە خەباتێکمان بردبووەوە بۆ ڕزگارکردنی بەشە بەریتانییەکەمان و ڕێگریمان لە پاشەکشەیەکی جددی کرد لە خەباتمان بۆ بنیاتنانی نێودەوڵەتییەک. بانگەشەکردنی ئەوەی کە سەد کۆمۆنیست بە دوژمنایەتی و تووڕەییەوە کاردانەوەیان بۆ سووکایەتییەکی شۆڤێنیستی نەنواندبێت بوختانێکە بۆ هەموو هاوڕێکانمان. بۆ باوەڕکردن بەBT ، ئەندامانی یەکێتی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی کە داواکارییە چەورەکانی بۆ پچڕان لە ICL ئاراستە دەکات بێ بەهان وەک هەر جۆرە کۆمۆنیستێک بەڵکو تەنها ئامرازی گوێڕایەڵ، گێل و لەوانەیە خۆشیان ڕەگەزپەرستن. بەڵام ئەی ئەمە "دامەزرێنەر-ڕابەر"ەکانی خودی BT دەکاتە چی، کە لە کاتی پێشکەشکردنەکەی ڕۆبەرتسۆن لە

نیویۆرک لەوێ بوون و چرکەیەکیش نەدوان؟ خۆیان لەسەر ئەو تۆمەتانە تاوانبار دەکەن کە بە درۆ دەیانخەنە پاڵ ئێمە.

٢٠ ساڵی بوونیBT تایبەت بووە بە وتاری درۆ دژ بە ڕێکخراوەکەمان. ئەو بوڵتەنەی کە پێشەکیەی ڕۆبەرتسۆنی تێدا بوو زیاتر لە دوو دەیە لەمەوبەر لەلایەن ئێمەوە بە شێوەیەکی گشتی خرایە بەردەست. کەچی BT تازە بە تازە بیرەوەرییە دۆزراوەکەی دەرخستووە کە خەبات دژی لۆگان لە ڕاستیدا پەردەپۆشێک بووە بۆ شۆڤێنیزمی دژە-کورد.
لە وتارەکەی ژمارەی پێشوومان، ئاماژەمان بەوە کرد کە BT هیچ باسێکی لۆگانی نەکردووە نە لە "پاشکۆ" کەی و نە لە بڵاوکراوەی ٤ی تەمموزی بە ناونیشانی "شۆڤێنیزمە سووکەکەی ڕۆبەرتسۆن" کە بۆ سوودی چەتە ستالینۆفۆبەکان و سپارتاکۆستە ڕقلێبووەکان لە بۆنەیەکی "مارکسیزم"ی پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی بەریتانیا لە لەندەن بەڕێوەچوو. BT تەنانەت نەیتوانی ناونیشانی سەرەکی بڵاوکراوەی گفتوگۆی نێودەوڵەتی بدات کە وتەکەی لێوە وەرگرتبوو، "لەسەر ڕژێمی لۆگان بەشی یەکەم." پرسیمان "بۆچی لۆگان بووە بە هاوتای ئەو بۆشاییەی لەسەر وێنە دەستکاریکراوەکان؟ BT چی دەشارێتەوە؟"

نامەی نوێی BT چەند جارێک سەرپێییانە ناوی لۆگان دەهێنێت، لەوانە دەربڕینە نهێنییەکە کە ڕۆبەرتسۆن "بڕیاری دابوو ڕژێمی لۆگان بڕووخێنێت." بۆچی لۆگان "ڕووخێنرا"؟BT بەیەک وشەی نا نەهاتەدەنگ، هەروەها بێدەنگە لەسەر تاوانە نامرۆییەکانی کە لەلایەن هاوڕێیانی بەشە ئوسترالییەکەمانەوە ڕاپۆرت کران، لۆگان پێشتر سەرۆکی نیشتمانی بوو، کاتێک بەهۆی خەباتەکەمانەوە لە بەریتانیا دەمامکەکەی هەڵدرایەوە. لۆگان بە ئەنقەست جووتەکانی لێک جیا دەکردەوە و فشاری دەخستە سەر هاوڕێیان بۆ پەیوەندی سێکسی. فشاری خستە سەر هاوڕێیەکی گەنج بۆ لەباربردن، و کاتێک ڕەتی کردەوە، ناچاری کرد منداڵەکە بخاتەماڵێکی چاودێرییەوە، لە کۆتاییدا بردی بەرەو هەوڵی خۆکوژی. ئێمە دەستەیەکی دادگاییمان لە یەکەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتیمان لە هاوینی ١٩٧٩ بانگهێشت کرد. لۆگان بە دەنگی گشتی ئەندامان دەرکرا (لەوانەش دیسان کە دواتر BTیان پێکهێنا). بوڵتەنەکانمان لەسەر ڕژێمی لۆگان گشتی کرد بۆ ئاگادارکردنەوەی باقی بزووتنەوەی کرێکاران دەربارەی ئەم نەخۆشە کۆمەڵایەتییە.
ئێستا، وەک بەشێک لە هەڕەشە پەرەسەندووەکانی، BT بانگەشە دەکات کە گفتوگۆکەی دواییمان "بیرهێنەرەوەی ڕاگەیاندنەکانی ١٩٧٣ی لیندۆن لارۆشە (کە ئەوکات بە لین مارکوس ناسرابوو) کاتێک لایەنگرانی خۆی بۆ تۆڵەی 'ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوە'یان دژی پارتی کۆمۆنیست هان دەدا." "ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوە" هەڵمەتێک بوو لە توندوتیژی کوشندە دژی لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیست لەلایەن لارۆشییەکانەوە ( LaRouchites ) کاتێک لە بزووتنەوەی کرێکاران دەرچوون لە ڕێگایان بەرەو ڕاستی فاشیستی و

پەیوەندییەکان لەگەڵ دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت. کەواتە BT ئاماژە دەکات کە ئێمە چەتەی شێت و لە ڕێگا دەرچووونین لە بزووتنەوەی کرێکاران بە تەواوی.

## بەڵگەنامەی ١١
## 'ترس و گوێڕایەڵی' لەICL
## ئیمپراتۆر بە روتیی
## دەربڕینیIBT ، ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣

دوای چەند هەفتەیەک لە خۆدزینەوە و خۆلادان، هەڕەشەکردن و لێستنەوەی برینەکان، لە ژمارەی ٢٩ی ئاب ڤانگاردی کرێکاران ژمارە ٨٠٨ سەرەنجام تەقەکە دەکات و پاساوێک بۆ ئاماژە شۆڤێنیستە زۆر ناشیرینەکەی جەیمس ڕۆبەرتسۆن، سەرۆکی یەکێتی سپارتاکۆست(SL) ، لە ١٩٧٨ بۆ کوردەکان وەک "گەمژەکان" دەخاتە ڕوو. بەڵام ڕوونکردنەوەکە ئەوەندە گاڵتەجاڕانەیە کە تەنانەت لایەنگرە توندڕەوەکانی SL یش وادیارە تۆزێک شەرمەزار بوون پێی.

WVدان بەوەدا دەنێت کە لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ ڕوبێن سامویێلس، پسپۆڕی گرووپەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە تۆرۆنتۆوە فڕی بۆ لەندەن "بۆ پێشکەشکردنی 'پەروەردەیەکی باش' لەسەر خەبات دژی چەوساندنەوەی کورد - پێویستییەک کە بەتایبەتی بەهۆی ڕاکێشانی هاوڕێیانێکی تورک بۆ بەشە بەریتانییەکەمان خرابووە ڕوو." وتارەکەی سامویێلس بەهۆی پاکتاوکردنی سەرکردایەتی بەریتانیا (بە سەرۆکایەتی بیل لۆگان - ئەمڕۆ ئەندامێکی پێشەنگی ڕەوتی نێودەوڵەتی بۆلشەڤیک (IBT - پەکخراوە، وەک ئەووەی ڕۆبەرتسۆن هەفتەیەک دواتر بۆ لقی نیویۆرکی SL ڕوونی کردەوە:

"کەواتە بەمشێوەیە دژایەتی فراکسیۆنی دەستی پێکرد. ئێمە بەشداربوین لە کۆبوونەوەی شەوی هەینی کە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بوو وە نیوەی ئەندامەکان بەشداربوون. چونکە بۆ کۆتایی هەفتەی پەروەردەیی دەهاتن.
ڕەخنە لە ڕوبێن: هەموو ئەوکاتە ڕوبێن لە کوێ بوو؟ لە کتێبخانە بوو، خەریکی خوێندنەوە بوو دەربارەی گووەکان بۆ پۆلەکەی. وا نییە؟ هیچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا. جۆرج و من سەیری یەکترمان کرد و گوتمان، 'پێمان وا نییە ئەمشێوە پەروەردەییەی کۆتایی

هەفتە ئەوەبێت کە لە مێشکی ئێمەدایە...'. مانگی داهاتوو دەگەڕێینەوە بۆ پەروەردەکە. پەروەردەیەکی باش." - بڵاوکراوەی گفتوگۆی نێودەوڵەتی ژمارە ١٠، بەشی یەکەم، لاپەڕە ٦٠

ساموێلس پێش پاکتاوکردنەکەی زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتەی لە مۆزەخانەی بەریتانی بەسەر برد لە ئامادەکردنی پەروەردەکەیدا WV .بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕ وا نیشان دەدات کە تێبینییەکەی ڕۆبەرتسۆن دەربارەی "خوێندنەوە دەربارەی گەمژەکان بۆ پۆلەکەی" (لەسەر کوردەکان) "تۆمەتبارکردن"ی ساموێلس بوو " لەوەی سەری لە ئاودەست دابوو لەکاتێکدا ئەوەی خرابووە ڕوو مەبەست لێی ڕزگارکردنی بەشە بەریتانییەکەمان بوو لە لۆگان." تەنها پەیوەندی ئەو توانجە لەگەڵ "ئاودەست" ناشیرینی منداڵانە و شۆڤێنیستی ڕەزیلانەی ڕۆبەرتسۆن بوو.

بێگومان هەندێک لەڕۆبەرتسۆنێکان بە پەرۆشەوە هێڵی فەرمێکەیان قبوڵدەکەن. بەڵام ئەوانەی توانای کردنی وەها بازێکی باوەڕییان هەبێت، دەبێت سەرەتا باوەڕنامەی (**قەشە ئەنسێلمی کانتەربێری**) قبوڵ بکەن: "من بۆ باوەڕهێنان بەدوای تێگەیشتندا ناگەڕێم، بەڵکو باوەڕدەهێنم بۆ ئەوەی تێبگەم." تەنانەت جان نۆردن و هاوڕێکانی لە گرووپی ئینتەرناسیۆناڵیست، کە بێ ڕەخنە بەرگری لە هەموو لادانێکی ناشیرینی سەرکردایەتی SLدەکەن پێش پاکتاوکردنی خۆیان لە ١٩٩٦، لەوانەیە بۆ ئەمەیان واژۆ نەکەن.
هاوڕێیەکی پێشووی SL لە ئیمەیلێکدا بۆمانی نووسی:

"ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە چۆن کەسێک لەSL ، تەنانەت کادرە هەرە ماندووەکانیش، دەتوانن هەر شتێکبن جگە لە شەرمەزارییەکی ترسناک بە کێشەی گەمژەکان. دڵنیام پاساوهێنانەوەیان ئەوەیە، 'ئەمە تەنها هەڵەیەکی زۆر بچووکە، تەنها لاوازیمانە، لە تۆمارێکی بێ کەموکوڕیدا. تەنها دەبێت بەرگەی بگرین و بە شێوەیەکی بوێرانە تێی بپەڕێنین'.... ئەوان دەزانن هەڵەیە، بەڵام هەڵبژاردەیەک هەڵدەبژێرن هیوادارбن کە زۆر خراپ نییە".

وتارەکەی WV هەوڵ دەدات ڕوونکردنەوەکەی بە چەند بەڵگەیەکی تەواوکەر بەهێز بکات. لە پلەی یەکەمدا سکاڵا دەکەن کە ئێمە تێبینییەک دەهێنینەوە کە ڕۆبەرتسۆن نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر کردوویەتی (لە هەمان کاتدا کە بە درۆ وەسفکردنی ئەلبانییەکانی وەک "**بزنگێ**" دایە پاڵ کارل مارکس لە کۆڕێکی SL لە نیویۆرک WV .( هەروەها بەڵگە دەهێنێتەوە کە نالۆژیکییە کە ڕۆبەرتسۆن شتی وای گوتبێت چونکە:

"زیاتر لە سەد کۆمۆنیستی گەنجی خاوەن بیروڕا و موناقەشەکار لە پێشینەی ئێتنیکی جیاواز پێشکەشکردنەکەی ڕۆبەرتسۆنیان بیست. لە ناوەڕۆکەکەی گەشتن کە چی بوو"....

بەڵێ، بەڕاستی تێیانگەیشت. ئەگەر کەسێکی تر تێبینییەکی ئەوەندە قێزەونی کردبا بە توندی ڕەخنەیان لێ دەگرت، بەڵام تا ١٩٧٨ کادری SL زۆر باش ئاگادار بوون کە ڕۆبەرتسۆن مۆڵەتی تایبەتی هەبوو بۆ کردنی هەرشتێک کە حەزی لێبێت. ئەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە ڕۆبەرتسۆن بە تەدریجی خۆی لە هەموو کۆتێک ئازاد کرد لە ڕێگەی پاکتاوکردنی نارەزایەتییە خەیاڵییەکان کە پێشتر بە باشی دەستی پێکردبوو. هۆکاری لابردنی لۆگان لە لەندەن ئەوە بوو کە ڕۆبەرتسۆن دەترسا بەشی بەریتانیا پەرە بسێنێت و ببێتە هاوسەنگێکی پۆتێنشیاڵ بۆ هەژموونی SL/ئەمریکا لە ناو ڕەوتی نێودەوڵەتی سپارتاکۆست (iSt).
لە بەڵگەنامەی دامەزراندنی ڕەوتەکەمان ئاماژەمان بەوە کرد کە پێشتر لە ١٩٧٨ لیز گۆردۆن، ئەندامێکی بەڕێزی بیرۆی سیاسی SL و هاوڕێ ژنە پێشەنگی گرووپەکە، سووکایەتی پێکرابوو لەبەر ئەوەی وێرابووی ڕەخنە لە ڕابەرە گەورەکەی SL بگرێت:

"'تەقینەوە'کە لە دەستەی نووسەرانی WV لە ١٩٧٨ نموونەیەکی تر بوو لە قوتابخانەی ڕۆبەرتسۆن بۆ لەباربردنی 'فراکسیۆنیزم' لە سەرەتاوە. کاتێک گۆردۆن وتارێکی وەسف کرد وەک 'نابەرامبەر' کە ڕۆبەرتسۆن بەشداری نووسینی ببوو 'ئەو ڕەخنەگرەکانی تۆمەتبار کرد، لەوانەش گۆردۆن کە سەرکردایەتی دەکردن بە درۆزن و نەخۆش، ئەوەندە نەخۆش کە لەوانەیە تەنها شیکاری یارمەتییان بدات ( SL IDB '.ژمارە ٣٠، لاپەڕە ١٣). ڕۆبەرتسۆن ئەم هەڵچوونە هیستیرییەی بە تفکردن لە زەوی و بە تووڕەیی دەرچوون لە ژوورەکە کۆتایی پێهێنا. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە گۆردۆن پێشتر بە ڕاشکاوی گوتبووی کە هەموو هەفتەیەک ڕەخنە لە وتارەکان دەگیرێت لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەراندا لەسەر تۆن و ناوڕۆک بەبێ پرسیارکردن لە نیازەکانی نووسەر. "ئەو ڕاستییەی کە کەمینەیەکی دەستەی نووسەران وێرابوویان ڕەخنەیەک لە وتارێک بگرن کە ئەو هاوبەشی نووسینی بوو لەلایەن ڕۆبەرتسۆنەوە وەک کێشەیەکی کەرتبوون بینرا. (دەگوترێت گەیشتەوە ماڵەوە و بە ژنەکەی گوت باشترە ئامادە بن بۆ بەجێهێشتنی ئەپارتمانی CC کە تێیدا دەژیان). لە تۆمەتی 'درۆزن' هیچی تر نەبیسترا. دەستەی نووسەران، بە شێوەیەکی گونجاو سزادراو، پەلەیان کرد بۆ دەنگدان بە پەسەندکردنی وتارەکە لە هەموو ڕەشنووسەکانیدا." - "ڕاگەیاندنی ڕەوتێکی دەرەکیiSt ، "ئۆکتۆبەری ١٩٨٢

WV لە دووایین گفتوگۆیدا ڕەخنەیەکی ڕەوا دەخاتە ڕوو، تێبینییەکە ئەوەیە کە ئێمەش دانیشتین بۆ سووکایەتییە شۆڤێنیستییەکەی ڕۆبەرتسۆن:

"بەڵام ئەی ئەمە 'دامەزرێنەر-ڕابەر'ەکانی خودی BT دەکاتە چی، کە لە کاتی پێشکەشکردنەکەی ڕۆبەرتسۆن لە نیویۆرک لەوێ بوون و بۆ یەک چرکەش نەدوان؟ خۆیان لەسەر ئەو تۆمەتانە تاوانبار دەکەن کە بە درۆ دەیانخەنە پاڵ ئێمە".

هیچ ئەندامێکی ڕەوتی سپارتاکۆست کە لە وتارەکەی ڕۆبەرتسۆن ئامادە بووبێت، یان کەسێک کە دەقەکەی لە بوڵتەنی ناوخۆیی خوێندبێتەوە، لەوانە ئەندامانی داهاتووی IBT، هیچ ناڕەزایەتییەکیان دەرنەبڕی. هاوڕێکانیشمان ناڕەزایەتییان لە زۆر شتی تر کە دروست نەبوون دەرنەبڕی. بەشێک لەمە بەهۆی دڵسۆزی ڕێکخراوەیی و قەناعەتێکی هەڵە بوو کە ڕژێمی ڕۆبەرتسۆن نوێنەرایەتی بەرجەستەی زیندووی بەرنامەی ترۆتسکیستی دەکات. ئێمە ئەم پرسەمان لە بەڵگەنامەی ئایاری ١٩٨٥ "ڕێگا بۆ جیمستاون،" لە بوڵتەنی ترۆتسکیست ژمارە ٥، "ICL دژی IBT،" خاڵەکانی ١-٤ باس کردووە.
ناڕەزایەتییە توند و نالۆژیکییەکەی WVلە دژی ئێمە وەک "هەڕەشەیەکی ڕۆیشتوو" و هەوڵە شڵەژاوەکانی بۆ گۆڕینی بابەتەکە بە دووبارەکردنەوەی بوختانە جۆراوجۆرەکان دژی هاوڕێ بیل لۆگان (کە هەموویانمان بە وردی لە بوڵتەنی ترۆتسکیست ژمارە ٥، خاڵەکانی ٤٥-٦٠ باس کردووە) نیشانەی بێهیوایی نووسینگەی سەرەکیSL ـە لە دوای سووکایەتی گشتییان بۆ هەوڵدان لە خۆلادان لە تێبینییەکەی "گەمژە"ی ڕۆبەرتسۆن. دژبەیەکەی نێوان خۆنواندنی ترۆتسکیستی گرووپەکە و ڕاستییە ناخۆشەکە بەڕوونی و بە ناتوانایی ئۆرگانیکی SL لە تەنها دانان بەوەدا کە دامەزرێنەر/ڕابەرەکەیان تێبینییەکی زۆر شۆڤێنیستی کردووە. کادری SL لە جیاتی ئەوە ناچار دەکرێن بەرگری لە شتی بەرگرینەکراو بکەن و خۆیان نزم بکەنەوە و وانیشاندان کە باوەڕ بە چیرۆکە گاڵتەجاڕ و ناڕێکەکەی WV دەکەن.

بەڵام باجێک هەیە بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی کە هیچ ڕوون ناکەنەوە. زۆر ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی(ICL) ، بەتایبەتی گەنج و سیاسیترەکانیان، بە ئاشکرا لە هەموو مەسەلەکە دڵتەنگن. بە پێچەوانەی تۆمەتیWV، ئێمە ئەو هاوڕێیانە وەک "بێ بەها" یان وەک "ئامرازی گوێڕایەڵ، گێل و ڕەگەزپەرست" نابینین. بە درێژایی ساڵەکان ژمارەیەکی باشی ئەندامانی پێشوویICL مان ڕاکێشاوە و چاوەڕوانی ڕاکێشانی زیاتریش دەکەین.

زۆر لەئەندامی ICL دەزانن کە دەبێت تێبینییەکەی ڕۆبەرتسۆن ڕەت بکرێتەوە، نەک بەرگری لێ بکرێت. هەروەها باش ئاگادارن کە هەرکەسێک بوێرێت ڕەخنە لەوە بگرێت کە ئەوەندە بە ئاشکرا هەڵەیە مەترسی دەرکردنی یەکسەری لەسەرە. خەڵکی جددی لە ICLدەبێت لە خۆیان بپرسن ئایا چۆکدادان بۆ جەیمس م. ڕۆبەرتسۆن هیچ مەبەستێکی شۆڕشگێڕی هەیە؟ لە ١٩٦٦، لە دوا دەربڕینی بۆ کۆنفرانسی لەندەنی کۆمیتەی نێودەوڵەتی، کاتێک لەلایەن جێری هیلیەوە دەرکرا، ڕۆبەرتسۆن ڕایگەیاند:

"ئەمە هەوڵێکە بۆ جێگرتنەوەی سەنتەریزمی دیموکراتی نێودەوڵەتی بۆ بەشی ئەمریکی بە میکانیزمێک نەک لە هۆشیاری و دیسپلین بەڵکو لە ترس و گوێڕایەڵی." - سپارتاکۆست ژمارەکانی ١٧-١٨، ئاب-سێپتەمبەری ١٩٧٠

هەمان میکانیزم ئەمڕۆ ژیان لە ڕەوتی سپارتاکۆست بەڕێوە دەبات. هەرکەسێک لە ICL کە پابەند ماوەتەوە بە بەرنامەی ترۆتسکیستی ئەرکێکی هەیە کردار بکات، وەک ڕۆبەرتسۆن لە ١٩٦٦ کردی، لەسەر بنەمای هۆشیاری نەک ترس و گوێڕایەڵی.

## پاشکۆی A
## بەسە هەلپەرستی، سەربزێوی، باندیزم—
## بۆ ڕوانگەیەکی ترۆتسکیستی لە تورکیا
## بوڵتەنی گفتوگۆی پێش-کۆنفرانسی WSL ژمارە ١٢، شوباتی ١٩٧٨

بەڵگەنامەی خوارەوە لەلایەن دوو ئەندامی فراکسیۆنی ترۆتسکیستی یەکێتی سۆشیالیستی کرێکارانی بەریتانیا (WSL) واژۆ کراوە لە مارسی ١٩٧٨ لەگەڵ گرووپی سپارتاکۆستی لەندەن یەکیان گرت. ئەم بەڵگەنامەیە سەرەتا لە بوڵتەنی گفتوگۆی پێش-کۆنفرانسی WSL ژمارە ١٢، شوباتی ١٩٧٨، بڵاوکرایەوە و دووبارە لە سپارتاکۆستی بەریتانیا (SpB) ژمارە ١، نیسانی ١٩٧٨ چاپ کرایەوە.

"ئەمە 'بەڵگەنامەی ڕوانگەکان' نییە چونکە ناکرێت ڕوانگەکان بۆ کارەکە بە شێوەیەکی نەزەری لە لەندەن دابڕێژرێت بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەی خەباتە زیندووەکان لە تورکیا پەرە بسێنێت."- بوڵتەنی گفتوگۆی پێش-کۆنفرانس ژمارە ٦، ل. ١

"بەم چەند وشەیە، سروشتی نێودەوڵەتی سۆشیالیزم وەک دۆکترینێکی زانستی و وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بە تەواوی ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر سۆشیالیستەکان (کۆمۆنیستەکان)ی وڵاتێک بێتوانا، ناکارامە مافی ئەوەیان نەبێت بڕیار لەسەر پرسە گرنگەکانی خەباتی سۆشیالیستەکان (کۆمۆنیستەکان) لە وڵاتانی تر بدەن، ئینتەرناسیونالی پرۆلیتاری هەموو مافەکان و ئەگەرەکانی بوون لەدەست دەدات." — ترۆتسکی، نووسینەکانی ١٩٣٣-٣٤ ، ل. ٣٣

ئەو کارەی لەلایەن هاوڕێیان لە تورکیا ئەنجام دراوە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانیان لە کارکردن لەگەڵ WSL لە بەریتانیایە. سەرکردایەتی WSL داوایکردوە و "ڕێنمایی" کارەکەی لە تورکیا کردووە؛ بەدواداچوونیش دەبێت لەوبارەوە. دەبێت ئەمە وەک تاقیکردنەوەیەکی سیاسەت و بەرنامەی WSL ببینرێت. ئەم دژایەتییە بۆ خەبات بۆ ڕوونی بەرنامەیی لەگەڵ هەڵوێستێکی ئاشنا لە ئەنجامدانی "کاری جەماوەری" [بووەتە] هۆی ئەوەی کە دەبێت بە قەیرانی کاری تورکی ناو ببرێت. ئێمە هەوڵ دەدەین بنەمای سیاسی بۆ ئاراستەگۆڕینێکی تەواوی ئەم کارە دابین بکەین لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێین کە ئەمە ناکرێت بەبێ ئاراستەگۆڕینێکی ڕادیکاڵی خودی WSL بەدی بهێنرێت. ڕێککەوتین کاتێک سەرکردایەتی دەڵێت "کێشەکانی ئەم کارە کێشەکانی WSLن" (بوڵتەنی گفتوگۆی پێش-کۆنفرانس ژمارە ٦، ل. ١).

## لەسەر مێژووی کاری تورکیا

کاری تورکیای WSL سەرەتا کاتێک پەرەی سەند کە هەندێک هاوڕێ چوونە تورکیا، لەوێ گفتوگۆیان لەگەڵ سەرکردایەتی گرووپی هاوسۆزی سکرتاریەتی یەکگرتوو - KOZکرد. هاوڕێکان چاویان بە چوار کەس لە ئیستەنبوڵ کەوت کە پەیوەندییان بە گرووپێکی بچووکەوە هەبوو کە نزیک بوون لە (مەندێلیتە تورکەکان - Turkish Mandelites) و توانییان چەند کۆبوونەوەیەک بکەن بۆ گفتوگۆکردنی سیاسەت لەگەڵ ئەم کەسانە. لەم خاڵەدا هاوڕێ .H پێشنیاری کرد کە ئەو چوار کەسەی لە سەرەتادا چاومان پێیان کەوت دەبێت دەست بکەن بە کارکردن لەگەڵ ئێمە. پەیوەندی لەگەڵ هاوسۆزانی KOZ پچڕێنرا. ئەوەی ئەم پچڕانەی زۆر وێرانکەر و تایفەگەری کرد ئەوە بوو کە لەسەر بنەمای جیاوازییە سیاسییەکان نەبوو - تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە کۆتاییدا ڕاکێشران بۆ هەڵوێستە سیاسییەکانمان، کەچی کارەکانمان لەگەڵیان نەبڕاندەوە. لەبەر ئەوەی هیچ هەوڵێک نەدرا بۆ ڕاکێشانی ئەم هاوڕێیانە بە شێوەیەکی سیاسی، هەندێکیان دواتر ورەیان بەردا و گرووپەکەیان بەجێهێشت.

لەگەڵ پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ هاوسۆزانیKOZ ، سەرکردایەتی پاشان "کاری جەماوەری"ی وەک ئاراستەی سەرەکی گرووپەکە وەرگرت. ئەمە لە ڕاستیدا توانەوەی کادرە پۆتێنشیاڵەکان بوو لە زنجیرەیەک کرداری گێلانە و سەربزێوانەدا. یەکێک لە یەکەم کردارەکان لە بەڵگەنامەی سەرکردایەتیدا بەم شێوەیە باس کراوە: "... ئێمە ڕێککەوتین [لەسەر] جووڵاندنێکی هاوبەشی یەک ڕۆژە لە دەوروبەری بنکەکانی دەنگدان، بۆیە ئێمە لەگەڵ کرێکاران خەباتمان دەکرد بۆ بەرگریکردن لە مافی دیموکراتی" (ل. ٨). بەڵام ئەم "جووڵاندنە" چی بوو؟ و لەگەڵ چەند کرێکار "خەباتمان دەکرد"؟ لە نامەیەک کە لە ٧ی حوزەیرانی ٧٧ نووسراوە هاوڕێ .H وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

"هەرچەندە درەنگ بوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەک لەم گرووپە کۆبوونەوەیەکمان ڕێکخست و کۆمیتەیەکمان هەڵبژارد بۆ جووڵاندنی ٢٠ هاوڕێ بۆ بەرگری لە دەنگدانەکان و دژی توندوتیژی. هەندێک ڕێوشوێنی تایبەتی بەرگری لە جووڵاندنەکەدا بەکارهات. هەرچەندە زۆر لاواز بوو بەڵام بۆ هەندێک هاوڕێی گەنج سوودبەخش بوون. بەڵام بەهۆی کەمیی پراکتیک لە ناو کارگەکان، بە ڕاستی بەرگرییەکە وەک بەرگرییەکی کرێکارانە خۆی نەنواند".

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە بەم چالاکییە دابڕاوە توانیمان بە تەواوی جووڵاندنی DISK، یەکێتییە سەرەکییەکەی سەندیکاکان، بۆ بەرگری لە دەنگدانەکان بپەڕێنین.

نموونەیەکی تری "کاری جەماوەری" WSL لە تورکیا لە بەڵگەنامەکان لەلایەن سەرکردایەتییەوە باسیلێکراوە:
"کاتێک هاوڕێکان کاریان لە کارگەیەکی بچووکی تر دەستکەوت، توانیمان سەرکردایەتی خەباتێکی تری سەندیکاکردن بکەین. دیسان دژی بیرۆکراسی DISK جەنگاین و پشتگیری ئەو کرێکارانەمان بەدەستهێنا کە پێشتر ڕێکمان خستبوون، یارمەتییان داین بە پیکێت و کۆکردنەوەی پارە. بەڵام مانگرتنەکە دابڕاوبوو، شکێنرا و هەموو مانگرتووەکان دەرکران. هەرچەندە خەباتەکە دۆڕا، هاوڕێکانمان پەرەیان سەند و پەیوەندی نوێ بەدەست هێنرا - بولتەنی گفتوگۆی پێش-کۆنفرانس ژمارە ٦، ل. ٩ (جەختکردنەوەی ئێمەیەSpB )

ئێمە بەم کرێکارە زۆر گەنجانەمان لە کارگەیەکی بچووک گوت کە دەبێت مانبگرن بۆ دانپێدانانی سەندیکا. تێگەیشتنێکی زۆر کەممان لە بزووتنەوەی سەندیکایی تورکیا هەبوو و هیچ ئامرازێکمان نەبوو بۆ سەرکردایەتیکردنی وەها مانگرتنێک لە دەرەوەی ئەزموونمان لەگەڵ WSL لە بەریتانیا. نا کارامەییمان لە کاری سەندیکای وایکرد نەتوانین پشتگیریکردن و ئامۆژگارییەکی بەسوود بدەینە دەرەوە بۆ ئەم کرێکارانە.

جگە لە شانازیکردنێکی گێلانە بە دەستکەوتە ڕێکخراوەییە بچووکەکانمان لەسەر حیسابی دەرکردنی کرێکاران، ئێمە کرێکارەکانمان بە شکستی مانگرتنەکە تاوانبار کرد! لە نامەیەک بۆ هاوڕێ.F ، هاوڕێ .H نووسی:

"گەورەترین هۆکار بۆ ئەمە [شکستی مانگرتنەکە] نەک لەبەر ئەوەیە کە ئێمە هەڵەین و بەهۆی شێوازی کارکردنمانەوەیە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە یاساکان دژی ئێمەن، تەنانەت لە وەها خەباتێکدا کە گرووپێکی زۆر بچووکی کرێکاران هێزیان نییە ئەم یاسایانە بگۆڕن. هەڵەی تریش کە هەڵەی ئێمە نییە بەڵکوو توندڕەوی کرێکاران بوو، دەرچوونی زووی ئەوان بوو.... خەباتەکە شکستی هێنا، بەڵام وەک شێوازێک ئاماژە بەوەدەکات، ئێمە قازانجمان کرد. یەکەم پەرەسەندنی هاوڕێکانی خۆمان و دووەم دەرفەتمان هەبوو چەند

کرێکارێکی نەترس لەوێ گەشەپێبدەین!" — ٢٣ی ئاب ٧٧ وەرگێڕانی ئێمە و جەختکردنەوەی ئێمەیەSpB

کەواتە قەیرانی سەرکردایەتیکردنی کێشەکە لەوەدانییە کە: ئێمە کرێکاران بە شکستەکانیان تاوانبار دەکەین.
بەڵام سەرگێژی بە سەرکەوتن درێژەی نەکێشاوە. خستنەڕووی قەیرانی گرووپی تورکی وەک ناکۆکی لەسەر سەنتەریزم و "سەردانە نهێنییەکان" لەلایەن هاوڕێیەکی پێشووەوە، بەڵگەنامەی سەرکردایەتی دەڵێت کە ئەم شتانە:
"... کاریگەری سیاسی لەسەر هاوڕێیەک لە ئیستەنبوڵ و لەسەر چەند هاوڕێیەک لە ئەنقەرە هەبووە. هاوڕێیەکە لە ئیستەنبوڵ لە گرووپەکە دەستی لەکار کێشایەوە. "لە دوا کۆبوونەوەمان لە ئەنقەرە، هاوڕێیان ڕێککەوتن کە دووبارە وەک گرووپێکی سەنتەریزە کردار بکەن. بەڵام لەوکاتەوە زانیاری وردمان دەربارەی دۆخەکە لە ئەنقەرە وەرنەگرتووە." —بوڵتەنی گفتوگۆی پێش-کۆنفرانس ژمارە ٦، ل. ٩

لەڕاستییدا WSL شکستیهێنا لەگەڵ گروپی هاوڕێ تورکەکانماندا لەدانی سەرنج و پێشنیاری خەباتکردن بۆ مافەکانیان، WSLدەرفەتەکانی خۆی لە تورکیا بە فیڕۆ داوە. گرووپی تورکی لە ئاڵۆزییەکدایە گوماندەکرێت ئەگەر بە ئەندام بوونەکەی چیتر پشتگیری WSL بکات. قەیرانی گرووپی تورکی و ورەبەردانەی لەو دەربڕینانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت پەیوەستە بە دوو هۆکارەوە: یەکەم، بنەمای گرووپبازی (نا-بەرنامەیی) کە گرووپەکەی لەسەر بنیات نراوە، دووەم، هەڵەشەیی گێلانە کە تەنها دەیتوانی ناوزڕاومان بکات.

## بەرەو ئاراستەیەکی پڕوپاگەندەی ترۆتسکیستیانە

تەنها ڕێگایەک کە دەکرێت بنەمای پارتێکی ڕاستەقینەی ترۆتسکیستی پێ دابمەزرێنرێت ئەوەیە کە لەڕێگەی وازهێنان لە هەموو خۆنواندنەکانی کردارکردن وەک پارتێکی جەماوەری و چڕبوونەوەیە لەسەر ڕاکێشان و ڕاهێنانی کادرەکان کە سەرکردایەتی داهاتوو پێکدەهێنن. ئەم ئەرکە، سەرەتا پڕوپاگەندە بۆ ترۆتسکیزم، هەروەها ئاراستەیەک لەخۆدەگرێت بەرەو گفتوگۆ، دیبەیت دژی گرووپە بەناو "شۆڕشگێڕ"ەکانی تر - گرنگترینیان "ترۆتسکیستە" ساختەکانیKOZ ، کە نزیکەی ٢٠ جار لە ئێمە گەورەترە. نەک تەنها زۆر شۆڕشگێڕی خۆبەخۆ لەم ڕێکخراوەیەدا هەن کە دەکرێت بۆ ترۆتسکیزمی ڕاستەقینە ببرێنەوە، بەڵکو بوونی خۆیشی دەبێتە بەربەستێکی زیاتر لە بەردەم پێکهێنان و گەشەی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەدا. خەبات دژی KOZ دەتوانێت ڕۆڵێک لە خەباتدا بگێڕێت بۆ تێکشکاندنی پابلۆییە ڕقژێنیستەکان (Pabloite revisionists ) لە ئاستی نێودەوڵەتی. تا ڕادەیەکی کەمتر دەبێت کاری پڕوپاگەندەی خۆمان ئاراستەی پێکهاتە

جۆراوجۆرەکانی تری "مارکسیستی" بکەین - ماوی، گیڤارایی، "دژە-ستالینیستەکان" (بەتایبەتی لاوانی شۆڕشگێڕ کە زۆر گرنگی بە ترۆتسکیزم دەدەن). هەر ستراتیژێکی تر - وەک "کاری جەماوەری" سەرکردایەتیکردنی کاری تێکدەرانە - تەنها دەتوانێت ببێتە هۆکاری توانەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە تورکیا.

لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنی چەپی نێودەوڵەتی، ترۆتسکی دەقاودەق ئەم ڕێڕەوەی خستە ڕوو:

"هێزی ئێمە لە قۆناغی ئێستادا لە پێشبینییەکی ... شۆڕشگێڕی دروستدایە. ئەم تایبەتمەندییانە دەبێت سەرەتا پێشکەش بە پێشڕەوی پرۆلیتاریا بکەین. ئێمە سەرەتا وەک پروپاگەندەکار کار دەکەین. ئێمە زۆر لاوازین بۆ هەوڵدان بە وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکان، بۆ دەستێوەردان لە هەموو ناکۆکییە تایبەتەکان، بۆ داڕشتنی دروشم و وەڵامەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەپ لە هەموو شوێنێک و لە هەموو جێگایەک. ڕاوەدوونانی وەها گشتگیرییەک، لەگەڵ لاوازیمان و نەشارەزایی زۆرێک لە هاوڕێیان، زۆرجار دەمانبات بەرەو دەرەنجامی زۆر پەلە، بۆ دروشمی نەزانراو، بۆ چارەسەری هەڵە بە هەنگاوی هەڵە. لە وردەکارییەکان ئێمە دەبینە ئەوانەی خۆمان ناوزڕاو دەکەین بە ڕێگریکردن لە کرێکاران لە هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەپ. من بە هیچ شێوەیەک نامەوێت بەمە بڵێم کە دەبێت خۆمان لە خەباتی ڕاستەقینەی چینی کرێکار دوور بخەینەوە. کرێکارە پێشکەوتووەکان دەتوانن قازانجە شۆڕشگێڕییەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەپ تەنها بە ئەزموونی زیندوو تاقی بکەنەوە، بەڵام دەبێت مرۆڤ فێربێت گرنگترین، گەرمترین و بنەماییترین پرسیارەکان هەڵبژێرێت و لەسەر ئەم پرسیارانە بچێتە جەنگەوە بەبێ پەرتەوازەکردنی خۆی لە وردەکاری و کارە لابەلاکاندا. بە بۆچوونی من، ڕۆڵی بنەڕەتی ئۆپۆزسیۆنی چەپ لەئێستادا لەمەدایە." - ترۆتسکی، نووسینەکانی ١٩٣٠-٣١، ل. ٢٩٧

## دروشمی بەرەی یەکگرتوو لە تورکیا

یەکێک لە هەڵە سیاسییە هەرە جددییەکان لە کاری تورکیا بەکارهێنانی تەواو هەڵە و نادروستی دروشمی "بەرەی یەکگرتوو" بووە. بۆ شۆڕشگێڕان بەرەی یەکگرتوو تاکتیکێکە کە سوودبەخشە لە یەکخستنی کرێکارانی ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان بۆ هەندێک کرداری هاوبەشی سنووردار و بەرجەستە (دژی فاشیستەکان بۆ نموونە) لە هەمان کاتدا دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ ئاشکراکردنی خیانەت و ناهاوسەنگییەکانی ریفۆرمخوازان و ناوەندگەراکان بۆ شوێنکەوتووانیان.

ناوەندگەراکان هەوڵ دەدەن دروشمی "بەرەی یەکگرتوو" بەکار بهێنن بۆ داپۆشینی خۆبەدەستەوەدانی خۆیان بۆ ریفۆرمخوازان - یان وەک جۆرێک قەدبڕی سیحراویانە

بۆ کاریگەری جەماوەری. هەوڵ دەدەن بلۆکی هاوبەش بۆ پروپاگەندە لەگەڵ ریفۆرمخوازان (یان ناوەندگەرەکانی تر) وەک جێگرەوەیەک یان قۆناغی یەکەمی بنیاتنانی پارتێکی شۆڕشگێڕ پێشکەش بکەن. فۆرمولەی لینینی بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو "بە جیا ڕێپێوان - پێکەوە لێدان"ە بەڵام ناوەندگەراکان هەمیشە دەیانەوێت پێکەوە لەگەڵ ریفۆرمخوازان لەژێر ئاڵایەکی هاوبەشدا برۆنە رێوە. ئەمە دەقاودەق ئەو ستراتیژییەتەیە کە لەلایەن سەرکردایەتی هاوڕێ تورکەکانی WSL لە ئینتەرناسیونال ژمارە ٥ (سێپتەمبەر-ئۆکتۆبەر-نۆڤەمبەر ١٩٧٧) پێشنیار کراوە.

"وەها (بەرەیەکی) یەکگرتوو دەچێتە سەر پرسە ئابووری و سیاسییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ دەسەڵات. پرسەکە کورت دەکرێتەوە بۆ دامەزراندنی تێکەڵەیەکی بەهێزی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە بەشە زەحمەتکێشە فراوانەکانی تر و ئەندامانی وردە-بۆرژوازی دەتوانن متمانەی پێ بکەن"....

یان دیسان لەئینتەرناسیونال ژمارە ٣ (تەمموزی ١٩٧٧): "خەبات دەبێت بەرەوپێش ببرێت بۆ دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوو بە بەرنامەیەکی سۆشیالیستی. " وەها پێشنیارێک - بۆ بەرەیەکی یەکگرتووی ستراتیژی لەگەڵ خیانەتکارە ریفۆرمیستەکان و ناوەندگەراکان بۆ سۆشیالیزم - لە ڕاستیدا پێشنیارێکی هەلپەرستانەیە بۆ توانەوەی پێشرەوی شۆڕشگێڕانە.

یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو سەرلێشێواوییە لەلایەن سەرکردایەتییەوە لەسەر پرسی بەرەی یەکگرتوو خراوەتە ڕوو ئەوەیە کە هاوڕێیان بەشێوەیەکی لۆژیکیانە گومان دەکەن لەوەی ئایا پارتی شۆڕشگێڕ دەتوانێت کرداری یەکگرتووی هەبێت کە پارتی کۆماری گەل (RPP)ی بۆرژوازی جەماوەری تێیدا بەشدار بێت، بەبێ پێکهێنانی بەرەیەکی گەلی. ئەگەر پێناسەی سەرکردایەتی بۆ بەرەی یەکگرتوو وەک بەرەیەکی ستراتیژی قبوڵ بکەین - هاوپەیمانییەک بە بەرنامەیەکی هاوبەش - تێوەگلانی RPP دەیکات بە بەرەیەکی گەلی. هەرچۆنێک بێت، ئەگەر پێناسەی لینین و ترۆتسکی بۆ بەرەی یەکگرتوو وەک ڕێککەوتنێکی کاتی بۆ کرداری هاوبەشی سنووردار قبوڵ بکەین کە تێیدا شۆڕشگێڕەکان ئازادی تەواوی ڕەخنەگرتن دەپارێزن، ڕوونە کە کرداری یەکگرتوو کە RPP تێیدا دەردەکەوێت خیانەتی بەرەی گەلی پێک ناهێنن.

## خەبات دژی فاشیزم

ئەمرۆ لە تورکیا، بوون و گەشەی فاشیستەکان مەترسییەکی جدی بۆ پرۆلیتاریا دەخاتە ڕوو. پارتی کاری نەتەوەیی بە ئازادی ڕێکخراوی لاوانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر ڕێکخراوە کرێکارییەکان. پێویستە بۆ ئێمە بەرنامەیەکی سیاسی دروست بۆ تێکشکاندنی فاشیستەکان بخەینە پێشەوە. گرووپەکەمان توانای دروستکردنی

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بەرگری نییە. ئەرکەکە خەباتە بۆ دروستکردنی وەها دەستەیەک لە ناو سەندیکاکان. لە کاتێکدا ئەم سیاسەتە دژی هەڵەشەیی گێلانەیە کە پەیوەستە بە بەرگریکردن لە بنکەکانی دەنگدان لەلایەن گرووپەکەمانەوە، هەروەها دژی بانگەوازی هەلپەرستانەیە بۆ بەرەیەکی یەکگرتووی ستراتیژی لە ڕێکخراوە کرێکارییە هەبووەکان.

بانگەوازی ترۆتسکی بۆ پارتی کۆمۆنیست بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ SPDلە ئەڵمانیا ناکرێت جیابکرێتەوە لەو پێناسەیەی ئۆپۆزسیۆنی چەپ وەک فراکسیۆنێکی کۆمینتێرن بۆخۆی دەیکات. بۆیە ئێمە بانگەواز بۆ بەرەیەکی یەکگرتووی ڕێکخراوە کرێکارییە ناکەین وەک وەڵامێک بۆ هەڕەشەی فاشیستی. وەها ستراتیژییەک دەبێتە هۆکاری متمانە بوونی کرێکاران بە بلۆکێک لە هاوکاری-چینایەتی ستالینیست و سۆشیال-دیموکراتەکان. ترۆتسکیستەکان هەرگیز نابێت کرێکاران فێر بکەن پشت بە یەکێتی چاکسازیخوازەکان ببەستن - بەڵکو یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی داوا لە چاکسازیخوازەکان دەکەین بەشداری لە کرداری بەرەی یەکگرتوو بکەن (لەگەڵ ئێمە) لێرەوەیە دەتوانین باشتر خیانەت و ترسنۆکیان بۆ بنکەکەیان ئاشکرا بکەین. لە ڕووی مێژووییەوە چینی کرێکار لە تورکیا وەک هەموو شوێنێکی تر ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەبێتەوە: سۆشیالیزم یان بەربەرییەت (کە لەوانەیە شێوەی فاشیزم وەربگرێت). هەڕەشەی فاشیزم ناتوانرێت لاببردرێت تەنها لە ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیەوە نەبێت، ئەوەش پێویستی بە سەرکردایەتی پارتێکی پێشڕەوی ترۆتسکیستی هەیە.

## پرسی پارتی کرێکاران لە تورکیا

بە پێچەوانەی بەریتانیا و وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمڕۆ هیچ پارتێکی کرێکارانی چاکسازیخوازی جەماوەری لە تورکیا نییە. هەردوو پارتی کرێکارانی تورکیا (TIP) و پارتی کۆمۆنیستی تورکیای لایەنگری مۆسکۆ (TKP) ڕێکخراوی زۆر بچووکن (زۆر گەورەتر نین لە SWPـەکەی تۆنی کلیف) تەنها بنکەیەکی سنووردایان لە سەندیکاکان هەیە. ئەو پارتەی کە بنکەیەکی جەماوەری لە سەندیکاکان هەیە (RPP) پارتێکی تەواو بۆرژوازییە.
بەم شێوەیە ئەرکێکی سەرەکی بۆ شۆڕشگێڕان لە تورکیا خەباتە بۆ بڕینی کرێکاران لە RPP بۆ دروستکردنی پارتێکی جەماوەری کرێکاران وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی سەربەخۆیی چینایەتی کرێکاران لە بۆرژوازی. کاتێک بانگەواز بۆ وەها پارتێک دەکەین دەبێت ڕوونبین کە بانگەواز بۆ پارتێکی کرێکاران دەکەین لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕ - بەرنامەی گواستنەوە. هیچ بەرژەوەندییەکمان لە خەباتکردن بۆ وەشانێکی تورکی پارتی چاکسازیخوازی کرێکارانی بەریتانیا نییە. ئەمە بە ڕوونی هەڵوێستی ترۆتسکییە لە گفتوگۆکانی لەسەر بەرنامە بۆ پارتێکی کرێکاران لە ویلایەتە

یەکگرتووەکان: "دەبێت بە ستالینیستەکان، لۆڤستۆنایتەکان (Lovestonites) و هتد.. بڵێین، 'ئێمە لایەنگری پارتێکی شۆڕشگێڕین. ئێوە هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی بیکەنە چاکسازیخواز!' بەڵام هەمیشە ئاماژە بە بەرنامەکەمان دەکەین. بەرنامەی داواکارییە گواستنەوەییەکانمان پێشنیار دەکەین." ("چۆن خەبات بۆ پارتێکی کرێکاران لە ئەمریکا بکەین،" بەرنامەی گواستنەوە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی، ل. ١٢٤)

WSL تەنها لە دوو ژمارەی سەرەتای ڕۆژنامەی سۆشیالیست بانگەوازی بۆ بنیاتنانی پارتێکی کرێکاران لە تورکیا کردووە، بەڵام لە ئەدەبیاتە تورکی زمانەکاندا، ئەندامە تورکەکان لە WSL هەرگیز ئەم دروشمەیان نەهێناوەتە پێشەوە. لە جیاتی ئەوە سیاسەتی سەرکردایەتی پێشکەشکردنی پشتگیری بۆ پارتی کرێکارانی تورکیای (TIP) زۆر چاکسازیخوازیانە بووە. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە TIP بە ناچاری هەوڵیدا بلۆکێکی هەڵبژاردن لەگەڵRPP ی بۆرژوازی زۆر گەورەتر پێک بهێنێت. تەنها کاتێک RPPپێشنیارەکەی ڕەتکردەوە TIP کاندیدی دانا، و ئەوسا لەسەر بەرنامەیەکی هاوکاری-چینایەتی هەڵبژاردنیان کرد - بۆ هەوڵدان لە ناچارکردنی RPP بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی گەلی لەگەڵ TIP و پارتە بچووکەکانی تری چەپ. سەرەڕای بنەمای بەرەی گەلی هەڵمەتی TIP گرووپەکەمان بێشەرمانە بانگەوازی بۆ کرێکاران کرد دەنگ بەم خیانەتکارانە بدەن و تەنانەت بانگەوازی هەلپەرستانە و گاڵتەجاڕی بۆTIP ی هاوکاری-چینایەتی کرد کە خەبات بۆ بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە بکات! "تاکتیکی" چاکسازیخوازی (کە دەبێتە هەوڵدان بۆ بنیاتنانی وەهم لە نێو جەماوەر دەربارەی TIP ) بە ڕوونی لەبەرگرتنەوە بوو لە بانگەوازی WSL بۆ "با چەپەکان بجەنگن" ، وە بانگەوازی WSL بۆ دەنگدان بوو بە کرێکاران سەرەڕای هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیبراڵەکان.

ئێمە بانگەواز بۆ دابڕان لە خۆبەدەستەوەدان بۆ گرووپە بچووکەکەی سۆشیال دیموکراتەکانی ناو TIP دەکەین بۆ هەڵگرتنی ئاڵای سەربەخۆیی سیاسی کرێکارانی تورکیا بۆ پارتێکی کرێکاران لەسەر بنەمای بەرنامەی گواستنەوە لە تورکیا!

## بەرەو هەڵوێستی لینینی لەسەر پرسی نەتەوەیی

لینینیستەکان پرەنسیپی دیموکراتی بنەڕەتی یەکسانی نەتەوەکان دەپارێزن. مافی هەموو نەتەوەکان بۆ چارەی خۆنووسین بەڕەسمی دەناسن - واتە، مافی هەموو نەتەوەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سیاسی خۆیان. ئێمە ئەم سیاسەتە ناخەینە پێشەوە بۆ بەهێزکردنی ئایدیۆلۆژیای کۆنەپەرستی ناسیۆنالیزم لە ناو پرۆلیتاریا، بەڵکو بۆ لاوازکردنی. بەم شێوەیە بەهێزکردنی یەکێتی پرۆلیتاری لە سەرووی هێڵە نەتەوەییەکانە. ئایا بانگەواز بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە دۆخێکی تایبەتدا دەکەین یان نا پشت بە چەندین فاکتەر دەبەستێت. وەک لینین لە (کۆکردنەوەی گفتوگۆکان لەسەر چارەی خۆنووسین) ئاماژەی پێدەکات:

"داواکارییە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسی، لەوانە چارەی خۆنووسین، ڕەها نین، بەڵکو تەنها بەشێکی بچووکی بزووتنەوە دیموکراتییە گشتییەکە (ئێستا: گشتی-سۆشیالیستی) جیهانییەکەن. لە حاڵەتە بەرجەستە تاکەکاندا بەشەکە لەوانەیە دژی گشتەکە بێت؛ ئەگەر وابوو دەبێت ڕەت بکرێتەوە."
- بەرهەمە کۆکراوەکان، بەرگی ٢٢

لەم دەقەی خوارەوەدا لینین نزیکبوونەوەی بۆلشەڤیک لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و دژایەتیمان بۆ ناسیۆنالیزم پوختە کردەوە:

"وشیارکردنەوەی جەماوەر لە خەواڵوویی فیودالی و خەباتیان لەدژی هەموو چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی بۆ سەروەری گەل، کارێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازنەیە. بۆیە، ئەرک و پابەندبونی مارکسیستەکانە کە پشتیوانی بکەن لە دیموکراتیترین و بەردەوامترین و بەدیموکراتیزەکردنی هەموو لایەنەکانی پرسی نەتەوەیی. ئەرکەکە تا ڕادەیەکی زۆر نەرێنییە. بەڵام ئەمە ئەو سنوورەیە کە پرۆلیتاریا دەتوانێت لە پشتگیریکردنی ناسیۆنالیزم بیگاتێ، چونکە لەو دیوی ئەوەوە چالاکی 'ئەرێنی'ی بۆرژوازی دەست پێدەکات کە هەوڵ دەدات ناسیۆنالیزم بەهێز بکات .

"فرێدانی جڵەوی فیودالی، هەموو چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی و هەموو ئیمتیازێک کە هەر نەتەوە یان زمانێکی تایبەت چێژی لێ دەبینێت، ئەرکی حەتمی پرۆلیتاریایە وەک هێزێکی دیموکراتی، بێگومان لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە، کە بە ناکۆکی لەسەر پرسی نەتەوەیی تاریک و دواخراوە. بەڵام چوونە دەرەوەی ئەم سنوورە مێژووییە زۆر سنووردار و دیاریکراوانە لە یارمەتیدانی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی مانای خیانەتکردنە لە پرۆلیتاریا و لایەنگرتنە لە بۆرژوازی. هێڵێکی سنووردار لێرەدا هەیە، کە زۆرجار زۆر باریکە و کە بوندیستەکان و سۆشیالیستە-ناسیۆنالیستە ئۆکرانییەکان بە تەواوی لە بەرچاویان ون دەبێت." - تێبینییە ڕەخنەییەکان لەسەر پرسی نەتەوەیی،- لا. ٢٢-٢٣

## لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد

گەلی کورد کەمینەیەکی نەتەوەیی چەوساوەن لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و یەکێتی سۆڤیەت دابەش کراون. گەورەترین بەشی کوردەکان (نزیکەی چارەکێک) لە تورکیا دەژین. هەڵوێستێکی دروست لەسەر پرسی کورد کارێکی بنەڕەتییە بۆ ئاراستەی گرووپێکی شۆڕشگێڕ لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە گەلی کورد لە ئێستادا تێیدا نیشتەجێن.

هەرچەندە چەندین ڕاپەڕین لەلایەن بەشەکانی گەلی کورد دژی چەوسێنەرە جۆراوجۆرەکان لە سەدەی ڕابردوودا هەبووە، ئەوەی کوردەکان وەک گەلێک دەیانەوێت بە دڵنیاییەوە بە هیچ شێوەیەک دیاری نەکراوە. خەباتە جۆراوجۆرەکانی کورد لە سەدەی ڕابردوودا هیچ ئاماژەیەکی ڕوون نادەن دەربارەی ئەوەی ئایا یەکسانی سادە یان خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی لە ناو دەوڵەتێکی دیاریکراو یان سەربەخۆییان دەوێت!

ناسراوترین خەباتی ئەم دواییانە پارتی دیموکراتی ناسیۆنالیستی کورد بۆ خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی لە ناو دەوڵەتی عێراق بووە. لە دۆخێکی ئاوهادا کە چەوساندنەوەی نەتەوەیی هەیە بەڵام تێیدا خواستی گەلی نەتەوەی چەوساوە خۆی بە ڕوونی دەرنەبڕیوە، ئێمە تەنها دەتوانین چارەسەرێک بخەینە بەردەست کە دابەشبوون لەسەر بنەمای نەتەوەیی لە ناو پرۆلیتاریای ناوچەکە لاواز دەکات، واتە، مافی گەلی کورد بۆ چارەی خۆنووسینە. ئەم داواکارییە نەرێنییە – بەڵام هیچ چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسی کورد لەلایەن بۆرژوازییە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەوە نییە و پرسی ئەوەی کوردەکان چی بڕیار دەدەن بەکراوەی دەهێڵێتەوە - مافی یەکسان، خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی یان سەربەخۆیی.

لە بەرزراگرتنی پرسی کورد لە تورکیا گرنگە بۆ ترۆتسکیستەکان بێبەزەییانە هەڵوێستی شۆڤێنیستی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (TKP) ئاشکرا بکەن. لە هەوڵەکانی بۆ شوێنکەوتنیRPP ی بۆرژوازی، TKPبە سەختی مافی کوردەکان بۆ چارەی خۆنووسین ڕەت دەکاتەوە و پشتگیری "مافی" بۆرژوازی تورک دەکات بۆ بەردەوامبوون لە چەوساندنەوەی ئەو کوردانەی لە ناو سنوورەکانی ئێستای تورکیا دەژین. هەڵوێستی سەرکردایەتی WSL لەسەر پرسی کورد، شۆڤێنیزمی نەتەوەییTKP ی ستالینیستی ڕەت دەکاتەوە کە هەڵگری بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستین.

هەڵوێستی سەرکردایەتی گرووپی تورکی WSL بێشەرمانە بوندیستە: "ئەرکی سیاسی ترۆتسکیستەکان لە کوردستان دەبێت خەباتکردنبێت بۆپێکهێنانی پارتێکی سەربەخۆ لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار لە ناسیۆنالیستە بۆرژوازییەکان." لە کاتێکدا پارتی پێشڕەو لە تورکیا لەوانەیە ڕێکخراوی تایبەتی بۆ کار لە نێو کوردەکان هەبێت، ئەمانە تەنها ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی کار لە ناو پارتەکەدا دەبن. ئەم دابەشکردنی کارە بە سادەیی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخستن و جووڵاندنی جەماوەری کوردە. ئێمە لەگەڵ لینین دەوەستین دژی جیاکردنەوە بۆ پارتی جیاوازی پرۆلیتارەکانی نەتەوە جیاوازەکانین کە لە ناو سنوورەکانی دەسەڵاتێکی دەوڵەتی تاک دەژین:
"کرێکارانی ڕووسی-گەورە و ئۆکرانی دەبێت پێکەوە کار بکەن تا ئەو کاتەی لە دەوڵەتێکی تاکدا دەژین، بە یەکێتییەکی ڕێکخراوەیی نزیکترین کردار بکەن و بەرەو کەلتوورێکی هاوبەش یان نێودەوڵەتی بزووتنەوەی پرۆلیتاری ڕێکبکەون، لێبوردەیی

تەواو لەسەر پرسی ئەو زمانەی کە پڕوپاگەندەی پێ دەکرێت و لە وردەکاری تەواو لۆکاڵی یان تەواو نەتەوەیی ئەو پڕوپاگەندەیە نیشان بدەن. ئەمە داواکاری حەتمی مارکسیزمە. هەموو پشتگیرییەک لە جیاکردنەوەی کرێکارانی نەتەوەیەک لەوانی تر، هەموو هێرشێک بۆ سەر 'تێکەڵبوون'ی مارکسیستی،... ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیە، کە پێویستە خەباتێکی بێبەزەییانەی دژ بکرێت." - تێبینییە ڕەخنەییەکان لەسەر پرسی نەتەوەیی، لا٢٠-٢١

بەڵگەنامەی سەرکردایەتی بەرنامەیەک بۆ کار لە نێو کوردەکان دەخاتە ڕوو کە چەمکێکی دوو-قۆناغییە:

"وەها بەرنامەیەک جەخت لەسەر داواکارییە دیموکراتییەکان دەکات (سەربەخۆیی نەتەوەیی، ئەنجومەنی دامەزرێنەر، مافی قسەکردن بە کوردی، هتد) هەروەها دەبێت ئاماژە بە سروشتی بەردەوامی شۆڕش بکات." (جەختکردنەوەی ئێمەیەSpB )

ئەمە تەنانەت ڕوونتر لە کۆبوونەوەی لەندەن لەسەر تورکیا لە ١١ی دیسەمبەر باسیلێوەکرا کاتێک هاوڕێ .H گوتی: "ئەرکی بەردەم نەتەوەی کورد یەکگرتن لەگەڵ پرۆلیتاریای تورک نییە بەڵکو سەرەتا بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەییەتی." لە کۆبوونەوەکە هاوڕێ .H تەنها دووبارەی ئەوەی دەکردەوە لە کۆنفرانسێک لەسەر کوردستان لە لەندەن لە نۆڤەمبەر گوتی. ئێمە شۆڕشی بەردەوام وەک بیرکردنەوەیەکی دواتر بۆ بەڵگەنامە ناوخۆییەکان قبوڵ ناکەین لە کاتێکدا چالاکی ڕاستەقینەی ڕێکخراوەکە تەنها جەخت لەسەر داواکارییە دیموکراتییەکان دەکاتەوە. بە وتەی بەرنامەی گواستنەوە:

"دروشمە دیموکراتییەکان، داواکارییە گواستنەوەییەکان و کێشەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی لەم خەباتەدا بۆ سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان دابەش نەکراون، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە یەکترییەوە سەرچاوە دەگرن. پرۆلیتاریای چینی بە زەحمەت دەستی بە ڕێکخستنی سەندیکاکان کردبوو پێش ئەوە دەبوایە خۆی بۆ سۆڤیەتەکان ئامادە بکات. بەم مانایە، بەرنامەی ئێستا بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت لەسەر وڵاتانی کۆلۆنیالی و نیمچە-کۆلۆنیالی، لانیکەم ئەوانەی کە تێیاندا پرۆلیتاریا توانای ئەنجامدانی سیاسەتی سەربەخۆی پەیدا کردووە." - ل. ١٣٧

بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوەی کە پرۆلیتاریای کورد توانای ئەنجامدانی سیاسەتی سەربەخۆی (وەک چینێک) پەیدا نەکردووە دەبێتە پشتگوێخستنی ئەو پۆتێنشیاڵە گرنگەی کە لە خەباتەکانی کرێکارانی نەوتی کەرکوک دوای جەنگی جیهانی دووەم نیشان درا.

لە کۆتاییدا، ئێمە لەگەڵ دروشمی لینینی مافی کوردەکان بۆ چارەی خۆنووسین و دژی خۆبەدەستەوەدان بۆ ناسیۆنالیزم دەوەستین کە لە بانگەوازی سەرکردایەتی بۆ

کوردستانی سەربەخۆ بەرجەستە کراوە. لینین بە تایبەتی مامەڵە لەگەڵ پرسی پشتگیریکردنی جیابوونەوە دەکات:

"داواکاری وەڵامی 'بەڵێ' یان 'نەخێر' بۆ پرسیاری جیابوونەوە لە حاڵەتی هەر نەتەوەیەک لەوانەیە زۆر 'پراکتیکی' دەربکەوێت. لە ڕاستیدا بێمانایە - لە تیۆریدا میتافیزیکییە، لە کاتێکدا لە پراکتیکدا دەمانبات بۆ ملکەچکردنی پرۆلیتاریا بۆ سیاسەتی بۆرژوازی. بۆرژوازی هەمیشە داواکارییە نەتەوەییەکانی دەخاتە پێشەوە، بە شێوەیەکی ڕەها ئەمە دەکات. لەگەڵ پرۆلیتاریا، هەرچۆنێک بێت، ئەم داواکارییانە ملکەچی بەرژەوەندییەکانی خەباتی چینایەتین. بە تیۆری ناتوانیت پێشوەخت بڵێیت ئایا شۆڕشی بۆرژوا-دیموکراتی لە نەتەوەیەکی دیاریکراودا بە جیابوونەوە لە نەتەوەیەکی تر کۆتایی دێت، یان بە یەکسانی لەگەڵی؛ لە هەردوو حاڵەتدا شتە گرنگەکە بۆ پرۆلیتاریا دڵنیابوونە لە پەرەسەندنی چینەکەی. بۆ بۆرژوازی گرنگە ئەم پەرەسەندنە بوەستێنێت بە خستنەپێشەوەی ئامانجەکانی نەتەوەی 'خۆی' لەپێش ئامانجەکانی پرۆلیتاریا. بۆیە پرۆلیتاریا خۆی سنووردار دەکات، بە واتایەک بە داواکاری نەرێنی بۆ دانپێدانان بە مافی چارەی خۆنووسین، بەبێ دانی گەرەنتی بە هیچ نەتەوەیەک و بەبێ بەڵێندان بە دانی هیچ شتێک لەسەر حیسابی نەتەوەیەکی تر."
- مافی نەتەوەکان بۆ چارەی خۆنووسین لا. ٥٣-٥٤

## پرسی نەتەوەیی لە قوبرس

هەرچەندە قوبرس بەشێک نییە لە تورکیا، دانیشتوانی تورک زمانی بەرچاو و تێوەگلانی دەوڵەتی تورک لە کاروباری قوبرس، قوبرس دەکەنە پرسێکی سەرەکی بۆ شۆڕشگێڕانی تورک. تا ١٩٧٤، دانیشتوانی تورک زمانی قوبرس لەلایەن دانیشتوانی یۆنانییەوە لە ڕووی نەتەوەییەوە دەچەوسێنرانەوە - لەوکاتەوەی هێرشی سوپای تورک کراوەتە سەر قوبرس، یۆنانییەکان کەوتونەتە دۆخی چەوساوەیی. لەبەر ئەوەی هەردوو دانیشتوان بە تەواوی لەم دوورگە بچووکەدا تێکەڵ کراون، ڕوونە کە ڕاستی "چارەی خۆنووسین" بۆ هەر گەلێکیان تەنها لەسەر حیسابی ئەوی تر دێت و بەم شێوەیە "چارەی خۆنووسین" جێبەجێ ناکرێت. بۆیە بانگەواز دەکەین بۆ کشانەوەی هەموو هێزە بیانییەکان (چ تورک، یۆنانی، نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ یان هەر هێزێکی تر) و بۆ یەکێتی گەلانی کرێکاری یۆنانی و تورکی قوبرس بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کرێکاری لەژێر سەرکردایەتی پارتێکی ترۆتسکیست. تەنها لە ڕێگەی شۆڕشێکی کرێکاری یەکگرتووەوە دەکرێت چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە قوبرس بە شێوەیەک کۆتایی پێ بێت کە بۆ هەردوو گەل دادپەروەرانە بێت.

## گرنگی دەوڵەتە کرێکارییەکان

بەهۆی شوێنی ستراتیژی تورکیا، پرسی هەڵوێستی شۆڕشگێڕان بەرامبەر بە دەوڵەتە کرێکارییەکان زۆر گرنگە. نەبوونی هیچ باسێکی ئەم پرسانە لە بەڵگەنامەی سەرکردایەتیدا نیشانەی ناتواناییانە لە تێگەیشتن لەو ئەرکانەی ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕانی تورک دەبنەوە. ئێمە لەگەڵ شۆڕشی سیاسی لە دەوڵەتە کرێکارییەکان و بۆ بەرگری بێمەرجیان دژی هێرشی ئیمپریالیستی دەوەستین.

## لە پێناوی سەنتەریزمی دیموکراتی لینینی

شێوازی ڕێکخراوەیی ناوخۆیی گرووپە تورکییەکەمان زۆر دوورە لە سەنتەریزمی دیموکراتی. بەڵکو گرووپبازییە لە شێوەی سەنتەریزمێکی وشک. لە بەریتانیا هاوڕێ H. "سکرتێری گشتی" گرووپی تورکی و هاوڕێ I. وەک یەکەیەکی دیسپلینکراو لەگەڵ کۆمیتەی جێبەجێکار دژی هاوڕێکانی تر کار دەکەن. ئەم سەنتەریزمە وشکە گاڵتەجارە لە تورکیا گەیشتە بەرزترین خاڵی. لە ئیستەنبوڵ، کۆمیتەیەکی ناوچەیی سێ کەسی هەبوو و ئەندامێتی دوو کەس کە لە کۆمیتەی ناوچەیی نەبوون. لە ئەنقەرە، پێشتر دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوچەیی و هاوڕێیەک کە لە کۆمیتەی ناوچەیی نەبوو هەبوون. ئەنجامی سیاسی ئەم شێوازی ڕێکخستنە ئەوەیە کە ئەندامێتی هیچ بەشدارییەکی لە گفتوگۆی گرووپەکەدا نییە و بۆیە پەروەردەی سیاسی دواخراوە. گفتوگۆی ڕاستەقینە تەنها لە "دەستەی سەرکردایەتی"دا ڕوودەدات - باقی ئەندامێتی تەنها بڕیارەکانیان پێشکەش دەکرێت کە دەبێت قبوڵی بکەن یان خەبات دژی سەرکردایەتی دەست پێ بکەن. شێوازە بیرۆکراتییەکانی سەرکردایەتی ناکرێت لەو شێوازە جیا بکرێنەوە کە ئەندامان بۆ گرووپەکەمان لە تورکیا ڕادەکێشرێن - نەک لەسەر بنەمای ڕێککەوتن لەگەڵ هێڵی سیاسی WSL بەڵکو تەنها لەسەر ڕێککەوتنێک بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی گرووپەکە و قبوڵکردنی دیسپلینی گرووپەکە. ئێمە لەگەڵ شێوازی لینینی سەنتەریزمی دیموکراتی دەوەستین - ئەندامێتی دەبێت لە گفتوگۆکردن و داڕشتنی هێڵی سیاسی بەشداربێت و دوای ئەوەی بڕیارێک بە شێوەیەکی دیموکراتی دەدرێت دەبێت بە دڵسۆزییەوە لەلایەن هەموو هاوڕێیانەوە جێبەجێ بکرێت. تەنها بەم شێوەیە دەکرێت هەڵەکانی سەرکردایەتی ڕاست بکرێنەوە و ئەندامان پەروەردە بکرێن.

دیسپلینی لینینی تەنها ڕێککەوتنی تاکەکانی بە ناڕوونی هاوسۆز نییە بۆ پێکەوە کارکردن. جەیمس پی. کانۆن، باوکی ترۆتسکیزمی ئەمریکی، ئەمەی خوارەوەی گوت:

"پرسەکە ٥٠ لەسەدی دیموکراسی و ٥٠ لەسەدی سەنتەریزم نییە. دیموکراسی دەبێت لە کاتە ئاساییەکاندا ڕۆڵی باڵادەستی هەبێت. لە کاتی کردار، چالاکی چڕ، قەیران،... و جووڵەکانی پارتەکە وەک ئەوەی بەرەو پرۆلیتاریکردن دوای کەرتبوونەکە وەرمان گرت، و هتد، سەنتەریزم دەبێت دەستی باڵای هەبێت، وەک لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەیبوو. "ئێستا شێوازی لینینی و شێوەی ڕێکخستن لە بەرنامە، ئەرکەکان و ئامانجە دیاریکراوەکان بۆ پارتەکە هەڵدەقوڵێت، لە هارمۆنییەکی تەواودا، چەمکێکی تەواو هارمۆنی." - پارتی کرێکارانی سۆشیالیست لە جەنگی جیهانی دووەم، ل. ٣٥٢ [جەختکردنەوەی ئێمەیە]

## لە پێناوی ڕەوتێکی نێودەوڵەتی سەنتەریزمی-دیموکراتی! بۆ دووبارە-دروستکردنەوەی ئینتەرناسیونالی چوارەم!

هەرچەندە سەرەتای بەڵگەنامەکەی سەرکردایەتی هاوڕێیانی تورکیا ڕێز لە پێویستیبونی سەر بە بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتی بنەمادار دەگرێت، وەدژی بوون بە بەشێک لە ڕەوتێکی نێودەوڵەتی سەنتەریزمی-دیموکراتین: ".... ئێمە پێشنیار دەکەین گرووپەکانی 'ئینتەرناسیونال' لەسەر بنەمایەکی سەنتەریزەکراو لە هەر ناوچەیەک دابمەزرێنین، وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بەرەو پارتێکی ترۆتسکیستی خۆبەڕێوەبەر لەتورکیا، هەرچەندە لە هاوپەیمانێتی سیاسی لەگەڵ، ".WSL(ل. ١٠) ئێمە دژی دامەزراندنی گرووپی زیاترین وەکCIL ی یۆنانی یانSL (DC)ی ئەمریکی کە WSL دەتوانێت لەگەڵیان "هاوپەیمان" بێت بەبێ هیچ گرنگیدان یان بەرپرسیارێتی سیاسی بۆیان. ئەم جۆرە "نێودەوڵەتیگەرایی"ـە نێودەوڵەتیگەرایی فیدراڵی شل و شێواو مەکتەبی لەندەنی ناوەندگەرای ١٩٣٠ـەکان یان سکرتاریەتی یەکگرتووی ئەمڕۆیە - هیچ پەیوەندی بە نێودەوڵەتیگەرایی بۆلشەڤیکی ئۆپۆزسیۆنی چەپەوە نییە. ئێمە لەگەڵ ڕێکخستنی ڕەوتێکی نێودەوڵەتی سەنتەریزمی-دیموکراسی لینینی دەوەستین کە خەبات دەکات بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئینتەرناسیونالی چوارەم. وەها ڕەوتێکی نێودەوڵەتی ناکرێت زنجیرەیەک گرووپی سیاسی هاوپەیمان بەڵام ڕێکخراوەیی خۆبەڕێوەبەربێت بەڵکو دەبێت وەک کۆرپەلەی پارتی جیهانی شۆڕشی سۆشیالیستی کار بکات - ئینتەرناسیونالی چوارەم.

دامەزراندنی ڕەوتێکی شۆڕشگێڕی نێودەوڵەتی سەنتەریزمی-دیموکراتی تەنها پرسێکی ڕێکخستن نییە - سەرەتا پرسێکی سیاسییە. ئینتەرناسیونالی شۆڕشگێڕ و هەموو بەشەکانی دەبێت بە جێگیری هەڵوێستە بەرنامەییە بنەڕەتییەکانی بەرنامەی گواستنەوە بپارێزن: دژایەتی هەموو شێوەکانی هاوکاری-چینایەتی؛ دانپێدانان بە دروستی ستراتیژی شۆڕشی بەردەوام؛ بڕیاردان بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشێکی سیاسی دژی بیرۆکراتە ستالینیستە دەسەڵاتدارەکان لە دەوڵەتە کرێکارییە چەواشەکراو و داڕماوەکان لەگەڵ

سیاسەتێکی بەرگری سەربازی بێمەرج لەم دەوڵەتانە دژی ئیمپریالیزم. پێش ئەوەی WSLبتوانێت هەر کارێکی شۆڕشگێڕی بنەمادار لە تورکیا (یان هەر شوێنێکی تر) ئەنجام بدات دەبێت ڕێکخستنەوەیەکی بەرنامەیی تەواوی بزووتنەوەکە بەگوێرەی ئەو هەڵوێستانەی لەم بەڵگەنامەیە و بەڵگەنامەی "لە بەرگری لە بەرنامەی شۆڕشگێڕ" پێشکەش کراون هەبێت کە بەم شێوەیە پشتگیری خۆمانی بۆ ڕادەگەیەنین.

بەرەو پێش بۆ پارتێکی ترۆتسکیستی لەتورکیا، بەشێک لە ئینتەرناسیونالی چوارەمی دووبارە دروستکراوە، پارتی جیهانی شۆڕشی سۆشیالیستی!

E (گرووپی تورکی؛ لقی هاکنی)
F ( گرووپی تورکی؛ لقی هاکنی)
٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨
(سوپاسگوزاری یارمەتی هاوڕێ جیم ساوندەرز دەکەین لە ئامادەکردنی ئەم بەڵگەنامەیە.)

## پاشکۆی ب

## کرێکارانی کورد لە شۆڕشی ١٩٥٨-١٩٥٩ی عێراق

-نووسینی ڕۆبن سامۆێلز، دووبارە چاپکراوەتەوە لە وۆرکەرز ڤانگارد ژمارە ٣٧٠، ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥

١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤
بۆ سەرنووسەر:

سڵاوی سپارتاکۆستی بۆ کۆنفرانسێکی کوردی لە ئەورووپای ناوەڕاست ("بۆ کۆماری سۆسیالیستی کوردستانی یەکگرتوو"، وۆرکەرز ڤانگارد ژمارە ٣٦٢، ١٤ی ئەیلولی ١٩٨٤) دەڵێت: "هەرچەندە کرێکاری کورد زۆرن، بەڵام زۆربەیان لە دەرەوەی ئەو ناوچە جوگرافیانە کار دەکەن کە زۆرینەی نەتەوەیی کوردیان تێدایە"؛ "پرۆلیتاریای کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لە دیاسپۆرادا هەیە." لەوانەیە ئەمە لەمڕۆدا ڕاست بێت بەهۆی سیاسەتی "بەعەرەبکردن"ی کوردستان کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە بەڕێوە دەچێت. بەپێی کتێبی "گەلێک بێ وڵات: کورد و کوردستان" (١٩٨٠)، کە جێرارد چالیاند ( Gerard Chaliand ) ئامادەی کردووە، زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ کورد لە ناوچە ستراتیژییە نەوتییەکانی کوردستانی عێراق دوورخراونەتەوە. بەڵام ئەو دۆخە لە ڕووی مێژووییەوە هەمیشە وا نەبووە. کرێکارانی کوردی کۆمۆنیست لەم کێڵگە نەوتیانەدا ڕۆڵێکی گرنگیان

گێڕاوە، ئەگەرچی ناکۆکیش بوو، لە سەردەمی شۆڕشگێڕانەی دوای ڕووخانی پاشایەتی لە ١٩٥٨ .

عێراق، وەک زۆربەی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دروستکراوێکی دەستکردی دابەشکردنی ئیمپریالیستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە دوای جەنگی جیهانی یەکەم. لە سەردەمی عوسمانیدا، کوردستانی عێراق ویلایەتی (بەشی کارگێڕی) موسڵ بوو. بەریتانیای سەرکەوتوو موسڵی لەگەڵ ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرە لە دەوڵەتێکی هاوبەشدا یەکخست، هەم بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچە دەوڵەمەندە بە نەوت و هەم بۆ ئەوەی ئابوورییەکی گونجاو بدات بە عێراقی ژێردەستی خۆی. تا دواییش پارێزگای کەرکوک کەلە ناو دڵی کوردستانی عێراقە ٩٠٪ی بەرهەمی نەوتی عێراقی دابین دەکرد. تەنانەت لەگەڵ گەشەپێدانی کێڵگەکانی بەسرە لە باشوور، لە کۆتایی حەفتاکاندا کەرکوک بەردەوام زیاتر لە ٧٠٪ی بەرهەمی نەوتی وڵاتی دابین دەکرد.
لە دەوروبەری کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، چینێکی کرێکاریی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیست پەرەی سەند کە زۆربەیان کورد بوون. وەک ئوریێل دان لە کتێبی **عێراق لەژێر دەسەڵاتی قاسم** (١٩٦٩) ( Uriel Dann wrote in *Iraq Under Qassem* (1969 )نووسیویەتی: "هەزاران کرێکار لە دامەزراوە نەوتییەکان، کە زۆربەیان کورد بوون، لقێکی خۆجێیی کۆمۆنیستیان پێگەیاند کە مێژوویەکی خەباتکارانەی بێ وێنەی لە عێراقدا هەبوو." بەڵام، ئەم چینە کرێکارییە کوردە ڕاستەوخۆ لە خەڵکی جوتیار و کۆچەری شاخەکان وەرگیرابوون کە (هێشتاش) لەژێر دەسەڵاتی فیودالی و خێڵەکی و نەریتدا بوون. هەرچەندە شۆڕشگێڕ بوون، هۆشیاریی چینایەتی ئەم پرۆلیتاریایە سەرەتایی بوو. وەک لە خۆپیشاندانە خوێناوێکەی کەرکوک لە تەمموزی ١٩٥٩ پیشانی دا، ئەندامێتی لە حزبی شیوعی عێراقدا، کە لە باشترین حاڵەتدا دیدیان زۆر ناڕۆشن بوو سەبارەت بە مافی چارەنووسی کورد، نەیتوانی کوردەکان لەخواستی نەتەوەیی خۆیان دوور بخاتەوە.

حشع نەک تەنها پرۆلیتارترین حزبی ستالینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەڵکو هەمیشە ژمارەیەکی زۆر ئەندامی لە کەمینە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان هەبوو کە ڕۆڵێکی گرنگ و زۆر جار پۆستی سەرکردایەتییان لە حزبدا هەبووە. لە ماوەی پێش شۆڕشی ١٩٥٨، کۆمۆنیستە کوردەکان پێشەنگی زیندووکردنەوەی حزبێک بوون کە لە سەرکوتکاریی توندی چلەکاندا پەرتەوازە و ژێرزەمینی کرابوو. حەنا بەتاتۆ، لە توێژینەوە وردەکەیدا، (چینە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی عێراق) (١٩٧٨)، ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی ١٩٤٩-٥٥ هەموو سکرتێرە گشتییەکانی حشع کورد بوون، وە نزیکەی سێیەکی کۆمیتەی ناوەندی و حزبەکە لە کوردستانەوە بەڕێوە دەبرا نەک لە بەغداوە.

ئەم قۆناغە بە هەڵکشانێکی بەرچاوی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی نیشانە کرا، کە بەهۆی پەیمانی بەناوبانگی بەغدا کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرا و دژە-سۆڤیەت بوو لە

نێوان بەریتانیا، ئێران، عێراق و تورکیادا. لەکاتێکدا هەموو بەشەکانی چەوساوەی ناوچەکە ڕقیان لێی بوو، بەڵام کورد زۆرتر ڕقی لێی بوو چونکە دوژمنە سەرەکییەکانی کوردی یەکخستبوو. لەلایەکی ترەوە، مامەڵەی دڵفراوانی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ کەمینە کوردییە بچووکەکەی خۆی و پشتگیری کردنی کۆماری کوردی مەهاباد لە ئێران دوای جەنگی جیهانی دووەم، شکۆیەکی گەورەی پێ بەخشی لە کوردستان، بە جۆرێک کە لە پەنجاکاندا تەنانەت پارتە نەتەوەییەکانی کوردیش بانگەشەی "مارکسی-لینینی" بوونیان دەکرد.

بەم شێوەیە، هەموو نەتەوەی کورد و بەتایبەتی چینی کرێکاری شارنشینی بە گەرموگوڕییەوە پێشوازییان لە شۆڕشی ١٩٥٨ کرد، کە هێندەی دژی پەیمانی بەغدا بوو هێندەش دژی پاشایەتی گەندەڵ، دارماو و سەرکوتکەری پشتگیریکراو لەلایەن بەریتانیاوە بوو. ڕژێمی ناسەقامگیری بۆناپارتی جەنەراڵ قاسم، ڕابەری شۆڕشی ١٩٥٨، لە سەرەتادا هەوڵی دا دەسەڵاتی خۆی پتەو بکات بە پشتبەستن بە حزبی کۆمۆنیستی عێراق، کە هەرچەندە بچووک بوو بەڵام ڕابەری بێ ڕکابەری چینی کرێکاری عێراق بوو، هەم عەرەب و هەم کورد. لەجیاتی بەدواداچوونی ئەم دەرفەتە دەوڵەمەندە بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا، حزبی کۆمۆنیستی عێراق خۆی ملکەچی قاسم کرد لە ڕێگەی "بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو" لەگەڵ سێ پارتی بۆرژوازی (کە دواتر نەتەوەپەرستە کوردەکانیش پەیوەست بوون پێیەوە). خیانەتی شۆڕشی عێراق ڕاستەوخۆ لە کرملینەوە فەرمانی پێدرا، بە ناوی پتەوکردنی "ڕۆحی کامپ داڤید" لەگەڵ ئایزنهاوەر (کە وەڵامی بۆ شۆڕشی ١٩٥٨ دابەزاندنی ١٠,٠٠٠ مارینز بوو لە کەناری لوبنان). مێژوونووسی مارکسیست ئیساک دۆیچەر ( Isaac Deutscher ) لەو کاتەدا تێبینی کرد:

"خرۆشۆڤ ڕەتی کردەوە پشتگیری لە ڕاپەڕینێکی کۆمۆنیستی لە بەغداد بکات، لەترسی ئەوەی ئەمە دەستێوەردانی نوێی ڕۆژئاوا لە دەریای ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات بوروژێنێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتە ئاگر و سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی تێک بدات." – دووبارە چاپکراوە لە دۆیچەر، ڕوسیا، چین و ڕۆژئاوا- (١٩٧٠)

ڕۆڵی هاودژانەی پرۆلیتاریای کوردی کۆمۆنیست لەم قۆناغەدا لە ڕووداوەکانی موسڵی مارسی ١٩٥٩ و کۆمەڵکوژی کەرکوک لە تەمموزی هەمان ساڵدا دەرکەوت. لە سەرەتای ١٩٥٩، ڕەتکردنەوەی یەکێتی "پان-عەرەبی" لەگەڵ ناسر لەلایەن قاسم و بەرنامەی چاکسازی زەوی و زاری سادەی، هاوپەیمانێتییەکی نائاسایی لە نێوان چینە کۆنەپەرستەکان و ناسرییەکان دروست کرد، کە پیلانی کودەتایەکی ڕاستڕەویان دادەڕشت. کودەتاکە دەبوو بە یاخیبوونێکی سەربازی لە موسڵ دەست پێ بکات. بە پێشبینی کردنی ئەم یاخیبوونە، حزبی کۆمۆنیستی عێراق بانگەوازی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری کرد: لە سەرتاسەری عێراقەوە ٢٥٠,٠٠٠ گەنج، زۆربەیان چەکداربوون، ڕوویان لە موسڵ کرد. حزبی کۆمۆنیست توانی سەربازانی کورد و عەرەب دژی

ئەفسەرەکانیان یەک بخات؛ کرێکارە هەژارەکانی گەڕەکە عەرەبە موسڵمانەکان و خێڵە کوردەکان و جوتیارانی ئەرمەنی کە لە گوندەکانەوە هاتن، پەیوەست بوون بە کۆبونەوەکەوە. توانرا کودەتاکە سەرکوتبکرێت و خۆشەویستی و دەرفەتی شۆڕشگێڕی حزبی کۆمۆنیست گەیشتە لوتکە.

ئەمەش کۆمەڵکوژییەکەی کەرکوکی تەمموزی ١٩٥٩ی زیاتر تراژیدی کرد. لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨، حزبی کۆمۆنیستی عێراق کۆنترۆڵی زۆربەی حکومەتە خۆجێییەکان، میلیشیاکان و تەنانەت بنکە سەربازییەکانی لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە. لقی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لە کەرکوک کە زۆربەی کورد بوون، ئەم کۆنترۆڵەیان بەکارهێنا بۆ پەرەپێدانی ناکۆکییەک لەسەر ساڵیادی یەکەمی شۆڕش و کردیانە خوێنڕشتنێکی نێوان کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی دژی تورکمانەکان کە بەشێکی زۆری چینی بازرگان و ناوەندی شارەکەیان پێکدەهێنا. یەک مانگ دواتر لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی کە بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجامەکانی کۆمەڵکوژی کەرکوک بانگهێشت کرابوو، حزبی کۆمۆنیست ناچار بوو سەبارەت بە ئەندامانی خۆی "ڕاکێشانی تەرمەکان، ئەشکەنجەدانی دەستگیرکراوان، تاڵانکردن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان" ئیدانە بکات.

کۆمەڵکوژی کەرکوک خاڵێکی وەرچەرخانی تراژیدی بوو بۆ حزبی کۆمۆنیست و چینی کرێکاری عێراق. دارمانێکی گەورەی پشتگیری بۆ حزبی کۆمۆنیست دروست کرد و قاسم بەکاری هێنا وەک بیانوویەک بۆ سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان. دەرفەتی شۆڕشگێڕی بەفیڕۆ درا، و لەگەڵیدا دەرفەتی دروستکردنی پرۆلیتاریایەکی کوردی خاوەن هۆشیاری چینایەتی. سەرکردایەتی زەحمەتکێشانی چەوساوەی کورد گەڕایەوە بۆ شێخ و خان و مەلاکان، وەک شۆڕشی دواتری نەتەوەیی کورد دەری خست. چونکە ئەو شۆڕشە، بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی، هێندەی لە بەرگری لە پەیوەندییە فیودالییەکان لە گوندەکاندا بوو هێندەش دژی شۆڤێنیزمی عەرەبی بەغدا بوو. لە ١٩٥٨-٥٩، پرۆلیتاریای ئەم نەتەوە دابەشکراوە، کە لەلایەن چوار دەوڵەتی سەرمایەداری چەوسێنەرەوە کەرتکرابوو، دەرفەتێکی بێوێنەی لەدەستدا کە ببێتە پێشەنگی ڕزگاری کۆمەڵایەتی، نەک تەنها بۆ بەشەکانی تری کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هاوڕێتان
ڕۆبن سامۆێلز

## پاشکۆی ج
## لینین لەسەر 'کرچ و کاڵی' و 'گاڵتە'
## دووبارە چاپکراوە لە ڤ.ئای. لینین بەرهەمە کۆکراوەکان، بەرگی ٣٦.

ئەم دەقانەی خوارەوە بەشێکن لەوەی مۆشێ لیڤین ( *Moshe Lewin* )لە کتێبەکەیدا "دوا خەباتی لینین" وەک "وەسیەت"ی لینین دیاری کردووە. لینین لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ سەپاندویەتی وەک بەشێک لە هەڵمەتی دژی دەرکەوتەکانی شۆڤێنیزمی ڕووسی مەزن لەلایەن ف.ئی. دزێرژینسکی، گ.ک. ئۆردژۆنیکیدزە و ج.ڤ. ستالین: ( *F.E. Dzerzhinsky, G.K. Ordzhonikidze and J.V. Stalin:*

لە نووسینەکانمدا لەسەر پرسی نەتەوەیی، پێشتر وتوومە کە پێشکەشکردنێکی ئەبستراکت و تیۆری پرسی ناسیۆنالیزم بەگشتی هیچ سوودێکی نییە. پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ناسیۆنالیزمی نەتەوەی چەوسێنەر و نەتەوەی چەوساوە، ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی گەورە و ئەوەی نەتەوەیەکی بچووک.

سەبارەت بە جۆری دووەمی ناسیۆنالیزم، ئێمە وەک نەتەوەیەکی گەورە، لە پراکتیکی مێژووییدا، هەمیشە تاوانباری ژمارەیەکی بێکۆتا لە توندوتیژی بووین؛ زیاتر لەوەش، توندوتیژی و سووکایەتی دەکەین بەبێ ئەوەی تێبینی بکەین. ئەوە بەسە تەنها بیرەوەرییەکانی ڤۆلگام بێتەوە یاد لەسەر چۆن مامەڵە لەگەڵ ناڕووسەکان دەکرێت؛ چۆن پۆڵەندییەکان بە هیچ ناوێکی تر بانگ ناکرێن جگە لە پۆلیاچیشکا، چۆن تەتەر بە شازادە ناوزەد دەکرێت، چۆن ئۆکراینییەکان هەمیشە خۆخۆلن و گورجییەکان و نەتەوەکانی تری قەوقاز هەمیشە کاڤکازین.

بۆیە نێودەوڵەتیگەرایی لەلایەن چەوسێنەران یان نەتەوە "گەورەکان"، وەک پێیان دەوترێت (هەرچەندە تەنها لە توندوتیژییەکەیاندا گەورەن، تەنها وەک زۆردار گەورەن)، پێویستە نەک تەنها لە ڕەچاوکردنی یەکسانی فەرمی نەتەوەکاندا بێت بەڵکو تەنانەت لە نایەکسانییەکی نەتەوەی چەوسێنەر، نەتەوە گەورەکە، کە دەبێت قەرەبووی ئەو نایەکسانییە بکاتەوە کە لە پراکتیکی ڕاستەقینەدا هەیە. هەرکەسێک ئەمە تێنەگات هێشتا هەڵوێستی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریای لەسەر پرسی نەتەوەیی تێنەگەیشتووە، لە ڕوانگەیدا هێشتا بۆرژوا بچووکە و یە دڵنیایەوە دەخزێت بەرەو ڕوانگەی بۆرژوازی.

چی گرنگە بۆ پرۆلیتاریا؟ بۆ پرۆلیتاریا نەک تەنها گرنگە، بەڵکو تەواو پێویستە کە دڵنیا بێت لەوەی ناڕووسەکان زۆرترین متمانەی مومکین بە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا دەکەن. چی پێویستە بۆ دڵنیابوون لەمە؟ نەک تەنها یەکسانی فەرمی. بە شێوەیەک یان شێوەیەکی تر، بە هەڵوێست یان بە پێدانی ئیمتیازات، پێویستە قەرەبووی ناڕووسەکان

بکرێتەوە بۆ نەبوونی متمانە، بۆ گومان و سووکایەتییەکان کە حکومەتی نەتەوەی "زاڵ" لە ڕابردوودا بەرامبەریان کردوویەتی.
پێموایە پێویست ناکات ئەمە بۆ بۆلشەڤیکەکان، بۆ کۆمۆنیستەکان، بە وردتر ڕوون بکەمەوە. پێشم وایە لەم حاڵەتەدا، تا ئەوەی پەیوەندی بە نەتەوەی گورجییەوە هەیە، نموونەیەکی نموونەییمان هەیە کە تێیدا هەڵوێستێکی ڕاستەقینەی پرۆلیتاری وریایی قووڵ، بیرکردنەوە و ئامادەیی بۆ ڕێککەوتن دەکاتە پێویستییەک بۆ ئێمە. ئەو گورجییەی کە کەمتەرخەمە لەم لایەنەی پرسەکە، یان بە بێ وریایی تۆمەتی "سۆسیالیزمی-نەتەوەیی" دەخاتە ڕوو (لە کاتێکدا خۆی "سۆسیالیست-نەتەوەیی"یەکی ڕاستەقینە و دروستە، تەنانەت زۆرداریکی ڕووسی مەزنی نزمە)، لە ناوەرۆکدا، بەرژەوەندییەکانی هاوپشتی چینایەتی پرۆلیتاریا پێشێل دەکات، چونکە هیچ شتێک پەرەسەندن و بەهێزبوونی هاوپشتی چینایەتی پرۆلیتاریا هێندە ناوەستێنێت وەک ناعەدالەتی نەتەوەیی؛ نەتەوە "بریندارکراوەکان" بۆ هیچ شتێک هێندە هەستیار نین وەک بۆ هەستی یەکسانی و پێشێلکردنی ئەم یەکسانییە، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی کەمتەرخەمی یان گاڵتەشەوە بێت - پێشێلکردنی ئەو یەکسانییە لەلایەن هاوڕێ پرۆلیتارەکانیانەوە...
هەڵپەرستییەکی نالێبوردەییە، لە یەکەم ئێوارەی دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتدا، کاتێک تازە وەخەبەر دێتەوە، شکۆی خۆمان لای گەلەکانی لاواز بکەین، تەنانەت ئەگەر بچووکترین کاڵ و کرچی یان ناعەدالەتی بێت بەرامبەر بە نەتەوە ناڕووسەکانی خۆمان. پێویستی یەکگرتن دژی ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا، کە بەرگری لە جیهانی سەرمایەداری دەکەن شتێکە هیچ گومانێک لەوەدا نییە و زیادەیە من باسی پەسەندکردنی بێ مەرجی خۆمی بۆ بکەم. شتێکی ترە کاتێک خۆمان، تەنانەت ئەگەر لە شتە بچووکەکانیشدا بێت، دەکەوینە هەڵوێستی ئیمپریالیستی بەرامبەر بە نەتەوە چەوساوەکان، بەمەش هەموو ڕاستگۆیی پرەنسیپیمان، بەرگری پرەنسیپیمان لە خەبات دژی ئیمپریالیزم لاواز دەکەین.
لینین -بەرهەمە کۆکراوەکان-، بەرگی ٣٦، لاپەڕە ٦٠٧-٦١١

——————————————————

## لیستی ناوه کورتکراوەکان..

IBT - International Bolshevik Tendency - ڕەوتی بۆلشەڤیکی نێودەوڵەتی –

BT – ***Bolshevik Tendency -*** ڕەوتی بۆڵشەڤیک

ICL – هاوپەیمانی کۆمۆنیستە نێونەتەوەییەکان – International Communist League

SL - Spartacist League "لیگا" بە مانای "یەکێتی، پەیوەندی" یان "گرووپ" دێت، و "سپارتاکیست" لە "سپارتاکوس"ەوە وەرگیراوە

WV - *Workers Vanguard* - ڕۆژنامەی وۆرکەرز ڤانگارد –

ISO - ڕێکخراوی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی –

WCPI - حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق/ئێران –

ANC - کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا –

LRP – کۆمەڵەی پارتی شۆڕشگێڕ – League for the Revolutionary Party

ICP - حیزبی شیوعی عێراق – The Iraqi Communist Party

PRF – هێزی بەرگری گەل – The People's Resistance Force

Saint Anselm of Canterbury: After his death, **Anselm** was canonized as a **saint**; his feast day is 21 April. He was proclaimed a Doctor of the Church by a papal bull of Pope Clement XI in 1720

IST ڕەوتی نێودەوڵەتی سپارتاکۆست

TIP پارتی کرێکارانی تورکیا

Bonapartist- بۆناپارتیست- بۆناپارتیست: کەسێک یان لایەنگرێک کە پشتگیری لە بیروبۆچوون و شێوازی حکومڕانی ناپلیۆن بۆناپارت دەکات، یان هەوڵ دەدات بۆ گەڕاندنەوەی سیستەمی بۆناپارتیزم.

Viet Cong – کۆمۆنیستەکانی ڤێتنام.

SpB سپارتاکۆستی بەریتانیا– Spartacist Britain

WSL یەکێتی سۆشیالیستی کرێکاران – Workers Socialist League

## Polemics with the ICL:

# Kurdistan & the Struggle for National Liberation

International Bolshevik Tendency